


www.mukiryani.com

# خوێنەری تارمایی

ڕۆمان

www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

ڕۆمان

# خوێنەری تارمایی

غەمگین بۆڵی

٢٠١٥

www.mukiryani.com

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

ناوی کتێب: خوێنەری تارمایی

نووسەر: غەمگین بۆڵی

بابەت: ڕۆمان

پیتچنین: نووسەر

دیزاینی ناوەوە: هێمن خدر

بەرگ: ئاریان ئەبووبەکر

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانە: موکریان

چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی: ٢٠١٥

**نرخی: ٣٠٠٠**

.................................................

ژمارەی سپاردن (٤٨٨).

زنجیرەی کتێب ٩١٥

www.mukiryani.com :ماڵپەڕ
info@mukiryani.com :ئیمەیل

www.mukiryani.com

## پێشکەشە بە:

(عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا).
چەترێکی بێدەنگ لەبەر بارانێکی ناوەخت...



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# کۆندۆم

نازانم ئەم چیرۆکە چۆن روویدا، یان ئەگەر رووداوەکانی ئەم چیرۆکە بەدەستی من بوونایە، بە جۆرێکی دیکە دەبوون. زۆرجار رووداوەکانی ناو چیرۆکێک وەک پچڕانی داوی دەسبیحێک وەهایە و رووداوەکان وەک دەنکە تەسبێحەکان یەک بەدوای یەکەوە دێن. من دەمەوێت لەناو ئەم چیرۆکەدا چیرۆکی دیکەیش بگێڕمەوە. لەناو ئەم جیهانەدا، جیهانێکی دیکە لەناوەوەم دروستبکەم. ژیان خۆی چیرۆکێکی درێژە و لەناو ئەم چیرۆکە درێژەشدا، هەزاران چیرۆکی دیکە هەن. تەنانەت لەناو ژیانی تایبەتی هەر مرۆڤێکیش چیرۆکەکان زۆرن. رابردووی مرۆڤەکان پڕن لە چیرۆک. هەموو چیرۆکێکیش شیاوی گێڕانەوەیە. بۆیە لە دەستپێکی ئەم چیرۆکەوە، هەرگیز بەڵێنی وەها نادەم چیرۆکەکە رێک وەکو خۆی، بە وردو درشتی بگێڕمەوە. من لەو نووسیارانە نیم لە بنی کوودی هەموو شتێک بدەم. هەمیشە لە رۆخی شتەکان دەدەم. باوکیشم لەم بارەیەوە، بڕوای وایە: ئەگەر لە بنی کوودیش بدەم، هێندە مەبەستەکەم ناگەیەنم، کە لەلایەکی کوودییەکە دەدەم. ئەوە قسەی بنزمان و سەرزمانی باوکمە. من ئەوەم پێ سەیرە کە باوکم کوودی دەکاتە گریمانەی زۆر شتی دیکەیش. دەزانم زۆر کەس ئەوەیان بەلاوە سەیرە، کە گومان لە قسەکانی باوکم



www.mukiryani.com

دەکەم! زۆرجاریش هەر بڕوا بە قسەکانی ناکەم. بە بێ ویستی خۆی منی خستە دونیاوە و هەزاران جاریش لەو شەوە پەشیمان بۆتەوە و بە رقێکی ئەستوورەوە، نەفرەتی لە دایکم کردووە، کە بۆچی ئەو شەوە کۆندۆمەکەی لە بیر کردووە؟ لە بەرخۆیەوە سەرزەنشتی خۆشی کردووە، کە بۆچی ئەویش کۆندۆمەکەی لە بیرکردووە؟ ئەو هێندە لە منداڵبوون ترساوە، هەم حەبی بەدایکم قووت دەدا و هەمیش خۆی کۆندۆمەکەی لەناو سندووقی پارە پاشەکەوتکراوەکانیدا هەڵگرتووە. بۆیە ئەوکاتەی هاوجێیی دەکرد، بەدەستی راستی کۆندۆمەکە و بە دەستی چەپیشی کیرە رەقەکەی دەگرت و لە کۆندۆمەکەی هەڵدەکێشا. لەم ڕوانگەوە وەک (ئەمیل سیوران) رقی لە منداڵبووە، وەلێ رقەکەیان جیاوازە لە یەکتری. (ئەمیل سیوران) دەڵێت: «هەرچی تاوان لە دونیادا هەیە دەتوانم بیکەم، تەنها تاوانی ئەوە نەبێت کە ببمە باوک». کەواتە هەردووکیان نایانەوێت منداڵ بخەنەوە. وەلێ بیانووی دایکم بۆ ئەو شەوە ئەوەیە، کە باوکم دوای پازدە شەو و رۆژ لە سەربازی ئێوارەیەکی درەنگ خۆی دەکات بە ماڵەوە. دایکم کە بووکی تازە بووە، ئەو ماوەیەی، بە چەندین ساڵ لێ رۆیشتووە. هەر رۆژێک بە ساڵێک و هەر شەوێک بە دوو ساڵ. ئاخر دایکم زیاتر شەوان غەریبیی کردووە. ئەوان تەنیا شەوان خۆشەویستی و هەستی شاراوەیان بۆ یەکتری دەربڕیوە. بەڕاستمە! درۆ ناکەم. ئەوە قسەی ساتەکانی تووڕەبوونی دایکیشمە کە باسی ئەو شەوە دەکات، ئەوەی لە چیرۆکی ئەو شەوەدا قرتاندووە، دوای ئەوەی مێردەکەی دێتەوە، بە یەکەوە نانێکی باش دەخۆن و بە دەم نانخواردنەوە، چاوی لەسەر دایکم لانابات و دایکیشم باسی شەوانی بێ ئەو دەکات. دایکم ئەوەشی نەگێڕاوەتەوە! بەس دەزانم، چێشتی برنج و مەرەگەی فاسۆلیایان هەبووە. چونکە



www.mukiryani.com

هەمیشە دایکم بە گاڵتەوە دەڵێت: «ترِەستووری فاسۆلیاخۆر». دواتر، باوکم قیت قیت رۆیشتووەو پێیەکانی لە خۆشییان باش زەوی ژوورەکەی نەگرتووەو نیمچە فەزایەکی هەڵفڕینی وەرگرتووە. بە پەلە خۆی کوتاوە بە گەرماوەکەو گەرماوێکی بە پەلەشی کردووە. دایکم هێندە شەرمنە، تەنانەت شەرم دەکات بە تەنیاش خۆی رووت بکاتەوە، یان بە رووتی سەیری خۆی بکات، یان باسی رووتی خۆی بکات. بۆیە لە چیرۆکەکەدا لەبەر شەرمکردن ئاماژەی بەوەش نەکردووە، کە مووسیشی بردووە بۆ گەرماوەکە. ئەو شەوە زوو تێپەڕیوە. ئەو شەوە هەموو شتەکان بە پەلە و خێرا تێپەڕیون. دایکم هێندە خۆشحاڵبووە، بیری لە کۆندۆم نەکردۆتەوە. دیدگەی دایکم بۆ ساتە خۆشەکان لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە خۆشییەکان هەمیشە کورتخایەنن، یان کاتژمێری ساتە خۆشەکان خێراترن!

دوای ئەوەی هاونوێنییەکە تەواو دەکات، دایکم لە قەراغی سیسەمە ماندووەکە دادەنیشێت و بە غەمێکی قووڵەوە، بە بێدەنگی دەگرییت و وەک ئاوی ناو سەماوەرێکی لە بیرکراو قوڵپ دەدات و دەکوڵێت. فرمێسکەکانی وەک رووبارێکی بچکۆلە بە پێدەشتی گۆناکانیدا بەناچاری رێدەکەن. لەوکاتەشدا بیر لەوە دەکاتەوە، کە پیاوی پێش سەرجێیی قەت لە پیاوی دوای سەرجێیی ناکات. پیاوی پێش سەرجێیی زمانی قسەکانی شەکری لێدەرژێت، وەلێ پیاوی دوای سەرجێیی زمانی قسەکانی پڕ لە تاڵاو و مەینەتی و هەڕەشە. ئەو دوای هاونوێنییەکەی هەستاوەو لەبەر ئاوێنەکە قیت ڕاوەستاوەو بە رووتی سەیری خۆی کردووە. تاکو هەر هیچ نەبێت، غەریبی ئەو چەند رۆژەیە ریسوا بکات. لە ئاوێنەوە سەیری گەڵ و گوونی دەکات. دواتر، ئەو بزەیەی رووخساری دادەپۆشێت، جگە لەخۆی هیچ کەسێک لێ حاڵیی نابێت.



www.mukiryani.com

لە ئاوێنەکەوە سەیر دەکات و ڕێچکەی فرمێسکەکانی دایکم دەبینێت. ئەو بزەیەی جگە لەخۆی هیچ کەسێکی دیکە لێی حاڵی نەدەبوو، دەبێتە پێکەنینێکی بێتام و قاقا بە گریانی دایکم پێدەکەنێت. زۆرجار باوکم بە دەست خۆی نییە، تەنانەت نازانم بۆچیش ئاوایە؟ چەندین کتێبی تایبەتمەندیشم لەمبارەیەوە خوێندۆتەوە، وەلێ هیچ سەرە داوێکم دەست نەکەوتووەو سەرم لە باوکم دەرناچێت. شتێکی سەیر لەناوەوەییدا هەیە، حاڵەتێکە پڕ لە گێلبوون. دیارە ئەوکاتەیش گێلی گرتوویەتی و وای زانیوە دایکم لە خۆشییان دەستی کردووە بەگریان، چونکە ئەو کاتەی کە لەناکاوڕا خۆی دەکات بە ماڵەوە، بە جۆرێک دایکم بە خۆیدا دەکوشێت و لە خۆشیان دەگرییت، وەک ئەوەی خەریکی گرتەیەکی فیلم بن. ئەگەر ئەو جۆرە کوشینە، ماچ و بۆنکردنی گەردنی تێدا نەبووایە، ئەگەری شتی دیکەشی هەبوو. دواتر، کە دەزانێت ژنەکەی (کۆندۆم)ەکەی دانەناوە. بۆیە لە قەراغی سیسەمە ماندووەکە دانیشتووەو دەگرییەت. ئەو شەوە دڵتەنگیی هەنگاوەکانی دەشکێنێت، فەزای هەڵفڕینی هەنگاوەکان دەکەونە ناو ژوورەکەوە. تەنانەت لەداخان ئاوێکیش بە خۆیدا ناکات. چەندین جار لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەوەستێت. دووجار تف دەکات لەناو گەڵی و لەبەر خۆیەوە بە ورتە ورت سەرزەنشتی ناوگەڵی دەکات. جارێکیش حاڵەتی گێلی دەیگرێت و دەستی ڕاستی دەبات بۆ ناوگەڵی و دەیەوێت شتێک بکات، هەر بۆ نموونە: وەک خنکاندن و دەست خستنە قوورگی کیرە شۆڕ بووەکەی. دوای ئەوەی هەست بە ئازاری ناوگەڵی دەکات، لە دەرئەنجامەکەی پەشیمان دەبێتەوە. بۆ بەیانییەکەی پێی زەوی ناگرێت. بە درێژایی ئەو ڕۆژە، هەست بە تاوانێکی گەورە دەکات.

کەس ئەوەشی بۆ نەگێڕاومەتەوە، وەلێ دەزانم شەڕیشی لەگەڵ دایکمدا



www.mukiryani.com

کردووە. ئاخر ئەوان هەمیشە لەسەر بچووکترین شت بە شەڕ دێن. بۆی هەیە ددانی بهێشێت، لەتاو ئێشەکەی لەگەڵ دایکم بەشەڕ بێت بە بیانووی ئەوەی چای عەسرانی زیاد لە پێویست شیرین کردووە. ئەوەیش بیانوویەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بە شەڕ بێن، چونکە زیاد بەکارهێنانی شەکر مانای دوژمنداریکردنی باوکم دەگەیەنێت. هەڵبەت ئەم بیرۆکەیە لە دەرئەنجامی بیرکردنەوەی ئابوورییانەی باوکمەوە سەرچاوەی گرتووە. لەگەڵ ئەوەی شەڕەکانی بە شیرە شیرِ دەست پێدەکات، وەلێ هەرگیز دەنگی شیرە شیرەکەی ناگاتە دەنگی دایکم. نەنکم دەیگوت: «گوایە دایکم بە منداڵی زۆر حەزی لە گۆشتی قازبووە». ئیتر نازانم، ئەوە چی پەیوەندییەکی بەو دەنگە ناخۆشەی دایکمەوە هەیە! مەگەر لەوەدا کۆببنەوە، کە دەنگی قازیش وەڕەزکەرە! جا ئەگەر بەو پێوەرەیش بێت، گومانی ئەوە دەکەم باوکیشم گۆشتی ڕێوی زۆر خواردبێت. هەرچەندە گومان دەمهێنێت و دەمبات، شتی دیکەیش لە خەیاڵمدا دروست دەبن، وەلێ نامەوێت ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە بەم ئاڕاستەیەدا بڕۆن.

ئەو کاتەی کە لە دایکبوومە، بەو بۆنەیەوە ئێوارەیەکی ڕۆژی هەینی بە پێشنیاری باپیرە گەورەی دایکم و تەنانەت دایکی دایکیشم، گوایە من لەو ڕۆژە پیرۆز و گەورەیە لە دایکبوومەو دەبێت ئاهەنگێکی خێزانی ڕێکبخەن. لەدوای شەوی هاونوێنییەکە دۆخی باوکم تەواو گۆڕا، دۆخگۆڕانی باوکیش لە هەرماڵێکی وەهادا، بەواتەی دۆخگۆڕانی خودی ماڵەکە دێت. لە هەفتەی یەکەمدا باوکم هەرگیز ڕۆشنایی دەرەوەی نەبینی. چەندینجار لەگەڵ دایکم دوو بەدوو بیریان لەوە دەکردەوە، چۆن لە ناوم بەرن! لەگەڵ تێپەڕینی هەر کاتژمێر و ڕۆژ و هەفتەیەکیش، دۆخەکەیان ئاڵۆزتر دەبوو. من لەناو سکی دایکمەوە گوێم لەو مشتومڕانەیان دەبوو، زۆرترین



www.mukiryani.com

دەرئەنجامەکانیان لەو بیرۆکەیە لەنگەری دەگرت، کە دایکم شتی گران بەرز بکاتەوە. بۆ ئەوە چەندین جار دەستی دایکمی دەگرت و دەیبردە چێشتخانە بچووکەکەی ماڵ و بەدایکمی دەگوت: «ئەو بتڵە غازە بەرز بکەوە.» . ئەو کاتەی دایکیشم دەستی دەبرد بۆ بتڵە غازەکە، من لەناو سکی دایکمدا یەک بەدەمم هاوارم دەکرد: «نەکەی دایکە، نەکەی!».

رۆحم لەگەڵ بەرزکردنەوەو دانانەوەی بتڵە غازەکە وەک چۆلەکەی بەر بارانێکی بە خوڕ هەڵدەلەرزی، لەگەڵ گڤەی بایەکەشی خەریکبوو بکەومە خوارەوە. من دەمویست بژیم، ئەگەر هۆکارێکی گونجاو هەیە بۆ مەرگی بە زۆرەملیم، قەناعەتم پێبهێنن! باوکم بە دەنگێکی تێکەڵ بە شادمانی و پێکەنینەوە، دەیگوت:

+«ئافەرین ژنە ئازاو خۆشەویستەکەم. بەرزی بکەوە، زیاتر بەرزی بکەوە».

-«پیاوەکە لەوە زیاتر ناتوانم ...».

+«دەزانم ئەو نەفرەتییە وەک ماری سەرما بردوو ، خۆی لەناو حەوزە پڕ ئاوەکەی تۆدا مات کردووە، رەنگە خۆی بەلا دیوارێکی سکتەوە گیرکردبێت».

-«ئیتر تاقەتم نەما! چیتر ناتوانم درێژە بەو کارە شێتانەیە بدەم».

+«دەی کۆتایی پێ بهێنە! بڕوا بکە ژیانی ئەو بەڵایەکی گەورەیە . دەزانم لەناو ئەو شەڕ و ئاژاوەگێڕییەی کە هەیە، منداڵ جگە لە خەم هیچیتر نییە. چەندان منداڵ بوونەتە کۆیلەی ئەو پیاوانەی کە شار و وڵاتیان بە ئارەزووە گڵاوەکانیان گەمارۆ داوە».



www.mukiryani.com

-«ئیتر بمکوژە باشترە، نەوەک منداڵەکەم بە دەستی خۆم لە بار ببەم».
+«تۆ دەتەوێت بە قسەی من نەکەیت، کەواتە چاوەڕێی سێ بەردەکە بکە...».
دایکم بە گریانەوە، بتڵە غازەکەی بەرز کردەوە و خەمێکی قووڵ رووخساری داپۆشی. دەستەکانی لەبەر ئازاری ناوەوەی دەلەرزین. باوکم لە رووخساری ئەودا زۆر شتی خوێندەوە، بۆ ئەوەی کەمێک دڵنەوایی بداتەوە، یان کەمێک باوەڕی بگۆڕێت، درێژەی بە قسەکانی دا:
+«ئێستا ئێمە لە ناو شەڕ و ئاژاوەگێڕی داین».
-«ئەوە دەزانم. دوو هەفتە لەمەو بەر، کچی خەدیجەی حەوێزی دووکانداریان ڕفاندووە. دیارە لەوکاتەی لە دووکانی باوکی گەڕاوەتەوە بەرەو ماڵ».
+«ئێ... دوای ئەوە، ئەی بۆچی من نەمزانیوە؟».
-«ئێ دوای ئەوەی چی؟ بردوویانەو تەواو...».
+«نەزانراوە پیاوەکانی کێ ئەو کارەیان کردووە؟».
-«جا ئەگەر بشزانن چی دەبێت؟».
+«بەداخەوە! (حەوێز) یەکێکە لە پیاوچاکەکانی ئەو شارە. کاتی خۆی ئەگەر لە بیرت مابێت زۆربەی شەوان بە یەکەوە دەمانخواردەوە. دەی واز لەو قسانە بێنەو تۆ کە ئەوە دەزانی ئەو بەڵایەم لە کۆڵ بکەوە».
دایکم بەدەنگێکی ماندووەوە:
-«ئیتر هیلاکبووم، تۆ وەرە شتێک بکە! وەک شەق شەقەی دەستی منداڵێکی چەتوون بمهەژێنە، وەک جۆڵانەی رۆژانی چەژن بمهێنەو بمبە، وەک ئەو غازە بەرزم بکەوەو بمکێشە بە زەویدا».



www.mukiryani.com

دوای ئەوەی هەموو پێشنیارەکانی دایکمی تاقیکردنەوە، من هەر لەناو سکی دایکمم و خۆم بە لا دیوارێکی ناو سکی دایکم چەسپاندووە. ناتوانم بەتەواوی بجوولێمەوە. ناتوانم بەتەواوی هەناسە بدەم. ناتوانم بە کامی دڵ شتێک بخۆم و بخۆمەوە. زەندەقم چووە لەناو ئەو تاریکییەدا، تەنانەت زۆر بە هێواشیش هەناسە دەدەم. دەزانم هەر خۆ جووڵانێکم، شۆڕبوونەوەیە بۆ ناو کونی ژیان نا، کونی مەرگێکی دەستکردەوە. سرووشتم وایە و لەبەر خۆمدا ناوەستم، چەند قسەیەک بە باوکم دەڵێم! ئیتر وا هەست ناکەم گوێی لێم بێت. بە چرپە لەناو سکی دایکم قسە دەکەم و یەک بە ناو سکی دایکم دەنگەکەم قسەی دیکەی لێ دەبێتەوە. پەیڤەکان دەبنەوە پیت پیت و لەناو حەوزەکەدا لەگەڵ ئاوەکە تێکەڵ دەبن و پیتی دیکە و وشەی دیکە و قسەی دیکەیان لێ دروست دەبێت. زایەڵەی سەمفۆنیاکانم خەریکە گوێچکەکانم دەتەقێنن! خەریکە کاس دەبم. هێندە لەباوکم تووڕە دەبم و ناوێرم قسەیش بکەم، لەدڵی خۆمدا دەڵێم: خۆزگە ئەو گێلە شەوێکی دیکەیش لە سەربازی دوا دەکەوت. ئەگەر شەوێکی دیکە دوا بکەوتایە، ئیتر ئەو بەزمەش رووی نەدەدا و من وەک دەیان برا و خوشکی دیکەم، لە کاتی ئێشکگری بەیادی دایکمەوە لە ڕەبییەکەدا بیری لەو چەند رۆژ و شەوانەی کە بەیەکەوە بوونە دەکردەوە. دواتر، چەکەکەی لە تەنیشتی خۆی دادەناو نیتاقەکەی دەکردەوەو دەستی ڕاستی دەبردە ناو پانتۆڵەکەیەوەو کیرە ڕەقەکەی دەگرت. بەدەنگێکی نزم و کەمێکیش خنکێنەر،ناڵە و هۆفی لەخۆی هەڵدەستاندو تا دامرکانەوەی هەزارانجار دایکمی سەگباب دەکرد. دواتریش ئاوە لیقەکەی دەڕشتە سەر زەوییەکەوە. بەئارەزووی خۆی ناوێکی لە ئاوە لیقنەکە دەنا.



www.mukiryani.com

کەسیان وەرامی من نادەنەوە، کەسیان وجوود بۆ قسەکانیشم دانانێن. ئەوە بۆ من گرینگە و گرینگیشی پێدەدەم، من لە هەر کوێ بم قسەی خۆم هەر دەکەم.

+ «دایکە تاوانی من چییە، مێردەکەت کۆندۆمەکەی لە بیرکردووە؟».

ئیتر بڕیار نییە وەرامم بداتەوە. ئاراستەی دەنگی قسەکردنەکەم لەناو سکی دایکمەوە دەسووڕێنم بۆ لای ڕاست! ئەو لایەی کە دەنگی باوکمی لێوە دێت.

+ «تۆ بۆ خۆشی خۆت، لەگەڵ دایکمدا هاوجێییت کرد، لە پێناوی چێژی خۆت منت خستەوە، وجووی منت خستە ناو سکی ژنەکەتەوە. ئێستا بۆچی بوونی من، وەک دوژمن تەماشا دەکەن؟».

هێندە بێئاگایە لە قسەکانم، تەنانەت خەریکی بیرۆکەی تازەیە بۆ لەناو بردنم. ناچار، جارێکی دیکەیش ڕووی قسەم دەکەمەوە.

+«دایکت کۆشێک منداڵی بۆ باوکت خستەوە. برا بچووکەکەت لە گرانییە گەورەکە لە دایکبوو، دوو خوشکە بچووکەکانیشت یەکیان چوار ساڵ دوای ئەو و یەکیان پێنج ساڵ دوای ئەو لە دایکبوون. ئیتر بەهەر دۆخێکەوە بوو بێت، ئێستا ئێوە هەن. دایکت بە قسەی باوکتی نەکردووە، ئەو هەمیشە لای وابووە، پیاو تەنیا لەسەروەختی هاوجێیی بیر لە ژنەکانیان دەکەنەوە. لەو کاتانەیش کە لە باوکت تووڕە بووە، بە باوکتی گوتووە: سێبەری بەردی و سێبەری مێردی وەکو یەکن!».

هەر بێدەنگە، هەر بێدەنگە و نازانم ئێستا گوێی لە قسەکانمە، یان نا!کەمێک دەنگم بەرزتر دەکەمەوەو ڕووی قسەکردنم دەکەمەوە باوکم و دەڵێم:

– «کاتێک بەم ئێوارە درەنگە لەسەربازی گەڕایەوە، لەبەر بێمانایی



www.mukiryani.com

خوێنڕێشتن و نەفرەتکردن لە جەنگ نەبوو. تەنانەت لە ترسانیش نەبوو».
-«بۆ گەڕانەوەی دیدەنی تۆ وەک ترومبێلێک زۆر بە خێراییەکەی سەرسووڕهێنەر لێخوڕیوە، زۆر زووتر لەکاتی گەیشتن گەڕاوەتەوە. هەموو شەوێک لەکاتی ئیشکگریی لەناو رەبیەدا، بەیادی ئەو چەند هەفتەیەی بەیەکەوە بوونە، ئەو چەند شەوانەی بەیەکەوە هاوجێیی یەکتربوونە، بە خەیاڵی ئەو شەوانە خۆی خاڵی کردۆتەوە. ئەو لەم پێناوەدا سەنگەرەکانی جەنگی بەجێهێشتووە».
رۆژ و شەوەکان بۆ من وەک یەکن و وەک یەکیش بە تاریکی تێدەپەڕن. وەلێ هەرکە باوکم خەیاڵی گێلانە دەکات، من ترس دامدەگرێ و دایکیشم زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی قسەکانی باوکمەوە. باوکم پێشنیاری ئەوە بۆ دایکم دەکات، کە گوللەیەک بنێن بە منەوە، یان بە خەنجەری باپیرە گەورەم بمکوژن! زیاتر خۆم دەچەسپێنم بەدیواری سکی دایکمەوە. هێندە لەو باوکەم دەترسم، گومانی ئەوە دەکەم، شەوێک ئەو کارە بکات. ئیتر دایکم لەوکاتەدا لە خەوێکی خۆشدا بێت و پرخە پرخی پڕ بە ژوورەکەدا دەنگبداتەوە. بۆیە دوای نیوەڕۆیەک باوکم ژنەکەی لەبن دەست و پێی خۆی دەنێت و چەندین مستەکۆڵە دەکێشێت بە سکیدا و دواتر بە پێلەقە زیڕەو هاوار لە دایکم هەڵدەستێنێت. دوای تاوێک چاوەڕێی من دەکەن لە نێوان قاچەکانی دایکم لەگەڵ ئاو و خوێن و خیزاو بکەومە خوارەوە. لەکاتێکدا ئەوان نازانن، کە من بڕیارمداوە لە پێناوی ژیاندا بجەنگم. هەرگیز ئەوەشم بەلاوە سەیر نییە، کە جەنگی ژیانی من لەناو سکی دایکمەوە دەست پێبکات. وەها دایکمی حاڵی کردووە، لەگەڵ لەدایکبوونی مندا، ژیانی دەبێتە پارچەیەک لە دۆزەخی سەر زەوی. دایکم کاریگەریی قسەو بۆچوونە پووچ و سەیرەکانی ئەوی بەسەرەوەیە، تەنانەت


www.mukiryani.com

لەسەر جێگەیش بیریان لێ دەکاتەوە. باوکم قسەی وای دەکرد، بە خۆشی لە قسەکانی خۆی تێنەدەگەیشت. جارێک دەیگوت، پیاوانی حیزب منداڵەکان دەفڕێنن و دەیان بەن بۆ سەربازگە داخراوەکانیان و دەیانکەن بە ئامێری ژێر دەستیان. یان دەیگوت، رۆژێک هەر لەبەر چاوی ئێمەوە منداڵەکەمان دەکوژن. بوونی منداڵ بە هەموو شێوەکانی کارەساتە. ئاخر کچەکان دەکەنە سۆزانی و کوڕەکانیش دەکەن بە بکوژ.

دوای تێپەڕینی چەندین مانگ هەمدیسان دایکم دەبات بۆ لای دکتۆر. دوای ماوەیەکی دیکەیش بۆ لای جادوباز و سیحربازەکانی شار. ئیتر ئەوکاتە منیش گەورەتر ببووم و دەمتوانی زیاتر بەرگری لە هەر دۆخێکی لەناکاو و مەرگی بەزۆرەملی بگرم. تەنانەت زانیارییەکی زۆریشم لەبارەی ژیانی دەرەوە وەرگرتبوو. بۆ نموونە: یەکێک لەو دەستە خوشکانەی دایکم، ناوی (پوورە مریەم)بوو. زۆرترین نهێنی ژیانی دایکم لەلای ئەو ژنە بوو. باسی هەرزەکاری و دڵداری و هاوجێیی پیاوەکانیان و چۆنییەتی جووتبوونیش.

دایکی دایکم نزیکی هەفتەیەکە لەلای دایکمە. ئەو بۆ چاودێری و خزمەتکردنی ئەو هاتووە. ئەو رۆژە تەندروستی دایکم خراپبوو، هەڵبەت بە هۆی پێلەقەوەشاندن و خۆ جوڵاندنەکانمەوە بوو. وەلێ کە زانیم دایکی دایکم خەریکی لێنانی برنج و قەیسییە، هیچ پێلەقەیەکی دیکەم نەهاوێشت. وەلێ هەمان رۆژ ئێوارەکەی دەستمکرد بە پێلەقە وەشاندن و مستم دەکێشا بەدیواری سکی دایکمدا. خۆم دەخزاندە خوارەوەو دەمویست لەو شوێنەوەی کە چەندین مانگ لەمەو بەر دەیانویست لەناوم بەرن، بێمە دەرەوە. دایکم لەبەر پاڵەپەستۆی من بۆ دەرەوە، بۆ ناو ژیانی شەرەفمەندانەی نێوانی قاچەکان. دەنگی گریان و پاڕانەوە و ئازاری تێکەڵ



www.mukiryani.com

بە یەکتری دەبوون. هەرکە لەناو ئەو تاریکییە کەوتمە خوارەوە. ئەو ژنەی کە منی رادەکێشاو دایکم و دایکی دایکیشم، پاڕانەوەکانیان بوو بە گریانێک تێکەڵ بە ئازاری رۆح. ژنەکە، کە پێیان دەگوت: «دایەن» بە دایکمی گوت:

«شووکور بۆ خوا، ئەوە کوڕێکی جوانتان بوو».

هاتە ژوورەوە، ژنەکە منی لەناو چەند پەڕۆیەکی سپی نابوو، منی خستە سەر دەستەکانی باوکم. ئەویش پەڕۆیە سپیەکەی لەسەر سەرم لابردو بە مرچ و مۆڕی سەیرێکی منی کرد. یەکەمجار بوو بیبینم، ئەوەی پێشبینیم بۆ رووخساری دەکرد، وەهاش دەرچوو. سمێڵێکی گەورەی قەترانی، لەبن سمێڵەگەورەکەیەوە دەمێکی کراوە، وەک دەرکەی ئەو گەراجانەی کە بەشەو و بە رۆژ کراوەن بۆ وەستانی ترومبێل. دوو ریز ددانی سپی مەیلەو زەرد و بزەیەکی ساردیش. لەوکاتەدا، دەمویست تفێک بکەم بە نیوچاوانیدا، وەلێ وام نەکردو هەر چۆنێک بێت بە زیرە زیرِ توانیم زوو خۆم لەدەستی رزگار بکەم.



www.mukiryani.com

# جەهەننەمی خۆم

## ئەوەی کە لەناو سکی دایکمدا گێڕامەوە، رەنگە بەویستی خۆم نەبووبێت، کە کەوتۆتە پێش رووداوەکانمەوە.

لە دەستپێکی چیرۆکی ناو سگی دایکمەوە، کە دەشێت یەکەمین زیندانی من بووبێت و یەکەمین هەوڵی منیش بووبێت بۆ رزگاربوون. زیندانییەکان هێندە زۆرن، زۆرجار لەناو زیندانیشدا زیندانی دیکە بوونیان هەیە. لەناو خودی ئازادیدا زیندانی هەیە، زۆرجار وشەی ئازادیش بۆ خۆی ئازاد نییەو ناتوانێت ئازاد ببێت. بۆیە یەکەمین هەوڵی ئازادبوونم، بە مشت و پێلەقە وەشاندن دەستی پێکرد. ئێستا کەوتوومەتە ناو زیندانێکی گەورەترەوە. ئەو زیندانەی ناویان ناوە: ژیان! خۆم وەک ئەو ماسییە بچووکانە دێتەبەرچاو کە لە حەوزی بچووکی جوانکاریی ماڵەکاندان. وەلێ کارێکی هەم گێلانەیەو هەمیش تاقەپڕووکێنە کە بە ورد و درشتی چیرۆکی ئەو زیندانییە گەورەیش بگێڕمەوە. ئەوەندەی گێڕاومەتەوە، دەشێت تا کۆتایی رووداوەکان، فەرامۆشیان بکەیت، یان لە دوای تەواوبوونی چیرۆکەکان، دەلوێت جارێکی دیکە ئەوانە بخوێنیتەوە. ئەوە بیانوویەکی باشە بۆ ئەوەی دەست لە خوێندنەوەی هەڵگریت، یان بتەوێت پشوویەک بدەی و دوای



www.mukiryani.com

خواردنەوەی کۆپێک قاوە، یان هەر خواردنەوەیەکی دیکە، بگەڕێیتەوە سەر خوێندنەوەی. چونکە ئەوەی گێڕاومەتەوە، کەوتۆتە پێش چیرۆکە درێژەکەوە. یانی بیست و یەک ساڵ پێش ئێستا. تا ئێستا سێجار ناوم گۆڕاوە. یەکەمجار هەر لەگەڵ لە دایکبوونمدا ناویان ناوم: (هەینی).

بە بۆنەی ئەوەی لە رۆژێکی پیرۆزدا لە دایکبوومە، هەفتەیەکی تەواو ناوم (هەینی) بووە. واتە: رۆژی شەممە ناوم (هەینی) بووە، رۆژی یەکشەممە ناوم (هەینی) بووە، رۆژی دووشەممە ناوم (هەینی) بووە، رۆژی سێ شەممە ناوم (هەینی) بووە، رۆژی چوار شەممە ناوم (هەینی) بووە، رۆژی پێنج شەممە ناوم (هەینی) بووە.

ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە رۆژی دوو شەممەیەو ناوم (هەینی) نییە. شتێکی یەکجار قۆڕە لە رۆژی دوو شەممەدا ناوت (هەینی) بێت. دوای ئەوەیش ناوم دەنێن: (رزگار). دواجاریش خۆم ناوم لەخۆم نا (دڵیار). ناشزانم لە داهاتوودا چی ناوێکیتر هەڵدەبژێرم.

## ئێستا هەڵوەستەیەک دەکەم و دەمەوێت قاوەیەک لەناو ئەم چیرۆکەدا بخۆمەوە.

بەر لەوەی لەماڵ رابکەم، دواجار هەستام و بە وردی سەیری تەواوی کەلوپەلەکانی ژوورەکەم کرد. ئاسان نییە ئەو کەلوپەلانەی چەندین ساڵ لەگەڵیان ژیابیت، وەها بەسادەیی و بەبێخەم بەجێیان بهێڵیت. ئەوە بۆ من تاقەتپڕوکێن بوو. بڕیارێک بوو، وەک ئەوەی بڕیار لەسەر مردنی بەشێکی هەستیاری رۆحم بدەم، یان بڕیار لەسەر مردنی کەسێکی ئازیزم بدەم. وەلێ چارم ناچار بوو، دەبوایە ماڵەوە جێبهێڵم! هەر کاتژمێرێک



www.mukiryani.com

مانەوەم لەم ماڵەدا، ئەگەری مەرگێکی تۆقێنەر و پڕ ئەشکەنجەی هەیە. مەرگێکی وەحشیگەرانە. مرۆڤەکان بە گشتی چاویان زۆر بۆ ژیان قایمە، ئەگەر ئەو ژیانە هەمان ئەو زیندانییە گەورەیەش بێت. تەنانەت ئەوانەی کە باسی بێهیوایی و بێئومێدیش دەکەن، ناتوانن بە ئاسانی دەستبەرداری ژیان بن. ئەو کەسەی هیچ ئومێدی بە ژیان نەبێت، شتێک هەر هەیە خۆشەویستە و لەناو ئەو ژیانەشدایە. بۆیە منیش ئێستا ژیانم بەهەموو بێمانایی و ناخۆشییەکانیەوە خۆشدەوێت.

ئەمشەو بڕیارمدا، دوا شەوم بێت. دایکم چەندجارێک بانگی کردم، وەلێ بە بیانووی ئەوەی ماندوومەو دەمەوێت بخەوم، لە ژوورەکەم نەچوومە ساڵۆنەکەوە. بێدەنگ دەگریام و لەبەر خۆمەوە، جنێوم بە باوکم دەدا. باوکم لەوجۆرە پیاوانەبوو، ئەگەر ویستبات لەبارەی بابەتێکەوە گوتووێژی لەگەڵدا بکەیت، یان بتەوێت دیدگەیەکی دیکە بەرووی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی بکەیتەوە، لەناوەڕاستی قسەکردندا پەشیمان دەبوویتەوە! پەشیمان لەو قسانەی کە کردووتن. مێشکی ئەو جۆرە پیاوانە بەجۆرێک داخراون، وەک ئەو ژوورە داخراوانەیدەرکەکانیان کلیلی لەناودا شکاوە. بۆیە پێویستت بە شکانێکی دیکەیە. دایکم هەستی دایکایەتی زۆر بوو، هەموو ئەوشتانەم هەست پێ دەکردن، ئەگەرچی لە پشتی ترسێکی گەورە شاردبوونیەوە، کە ترسی ئەو باوکە گێلەم بوو. دایک، یان هەر ئافرەتێکی دیکە هەرگیز ناتوانێت سۆز و هەستی شاراوەی خۆی بەرانبەر کەسێکی دیاریکراو بشارێتەوە. ئەگەر بشی شارێتەوە، کەسی مەبەستدار هەستی پێ دەکات. چەندین کاتژمێر چاوەڕێی ئەوانم کرد، تاکو بێدەنگ دەبن، بێدەنگبوونی ئەوان بە واتەی خەوتنی ئەوان دەهات. دایکم لەسەر جێگەکەی قسەی زۆری دەکرد، ئەو شەوانەی کە بە یەکەوە جووتیش



www.mukiryani.com

دەبوون، دایکم سەرزەنشتی باوکمی دەکرد و دەیگوت: خودا نەفرەتی لێمان کردووە، دوای ئەو هەوڵەی دامان بۆ لەناوبردنی (دڵیار)ی کوڕمان، ئیتر ئێمە چاومان بە هیچ منداڵێکی دیکە ناکەوتەوە. ئەو بیست و یەک ساڵە تەنیا (دڵیار) مان هەیەو ناتوانین منداڵی دیکەمان هەبێت. باوکیشم لەسەرخۆ و کەمێکیش بە شانازیی بەخۆکردنەوە، دەیگوت: ئەوە کێشە نییەو من بێوەژنێکی تەڕ دێنمەوەو منداڵی زۆرم بۆ دێنێتەوە. سەیر ئەوە بوو، دایکم ئێستایش دوای بیست و یەک ساڵ، کەچی هەر بەم قسەیەی باوکم تووڕە دەبێت. زۆرجار شەوی جووتبوونیان لەسەر ئەم قسەیە لێ ناخۆشبووە. هەزارانجار بە دایکمم دەگوت: لەوەتەی بەبیرم دێت ئەو درۆیە دەکات. ئەوە قسەی هەمیشەیی ئەو پیاوەپووچانە، کە دەیانەوێت لاف بەسەر ژنەکانیانەوە لێ بدەن.

ئەو شەوە هەرکە دەنگیان نەما، زانیم ئەوان خەویان لێ کەوتووە. دەرکەی ئەو کانتۆڕەم کردەوە کە پڕ بوو لە کتێب و دەستنووس و کاغەز و پێنووس. کە لەترسی باوکم شاردبوونمەوە. بە دیار کانتۆرە کراوەکەوە، دانیشتم. یەک بە یەک سەیری کەل و پەلەکانی ناوەوەییم کرد. یەک بە یەک بۆنی لاپەڕەی کتێبەکانم کرد. کتێبەکەی فرانتز کافکا (بەدگۆڕان – مەسخ –) بە سینگمەوە نووساندو بیرم لە (گریگۆری سامسا) کردەوە. فرمێسک لەچاوەکانم تکەی دەکردە سەر پەرەگراف و کتێبەکان. دوای ئاهێکی قووڵ، دەستم کرد بەنووسن، ئاخر دەبوایە نامەیەک لەپاش خۆم بۆ دایکم بە جێ بهێڵم، بەم شێوەیە نووسیم:

«دەڕۆم بۆ جەهەننەمی خۆم! جەهەننەمی خۆم لە بەهەشتی ئێوە خۆشترە. ئێستا کە ئەو نامەیە دەنووسم، بەر لەهەر شتێک نامەوێت لایەنی سۆزم بە سەرمدا زاڵ ببێت، دەمەوێت بەلایەنی هزریم بیر لە شتەکانم بکەمەوە.



www.mukiryani.com

دایکە گیان، نامەوێت ئێوە چۆنتان بوێت وەها بژیم، دەمەوێت خۆم چۆنم دەوێت وەها بژیم. زۆرشتتان لەمن داگیرکرد، وەلێ هەرگیز ناتوانن بیرکردنەوەکانم داگیر بکەن. باوکم هەموو ئێوارەیەک بە سەرخۆشی بەمنەوە دەیگرێت و دەکەوێتە گیانمەوە. حەزم لە خوێندن بوو، نەیهێشت خوێندن تەواو بکەم و منی لەو تەمەن ناسکەوە خستە ناو ئیشەوە. حەزم لە یاری تۆپی پێ بوو، لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکم بۆ ماڵەوە، بەم ماندووبوونەوە باوکم دەکەوتە گیانم و تا هیلاک دەبوو تێی هەڵدەدام. حەزم لە وێنەکێشان بوو، کەچی رۆژێک باوکم هەموو ئەو تابلۆ و وێنانەی کێشابوونم هەموویی سوتاندن. زۆر گریام، لەجیاتی دڵنەوایی کردنم، هەمدیسان کەوتەوە گیانم و بەس بە شەق هەرچی تابلۆ و وێنەی دونیاش هەیە لە بیری بردمەوە. حەزم لە هەرچی بوو بێت، وێرانی کردووە. باوکم دەیەوێت وەک ئامێرێک پارەی بۆ کۆ بکەمەوەو ئێواران لە دەستی بکەم. چەندین ساڵە بە دزی کتێب دەخوێنمەوە. ناوێرم باوکم بزانێت کە کتێب دەخوێنمەوە.

دایکە گیان نامەوێت ئێوە جەهەننەمم بۆ دروستبکەن، خۆم جەهەننەم بۆ خۆم دروست دەکەم و دەستنیشانی دەکەم.

دایکە تەنیا تۆ دەتوانیت لەو هەستەی من تێبگەیت. باوکم ئیتر گێلەو بڕیار نییە باش بێت. ئێستا دەمەوێت دوو سەفەر بکەم، لەیەک کاتدا بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژم. وای ی ی... ئەم قسەیە چەندە تراژیدییە. بۆچی دەبێت چۆلەکە بکوژم؟ نا نەخێر. چۆلەکە ناکوژم و من بکوژی هیچ بوونەوەرێک نیم، تەنیا زمانم وەها پەروەردەکراوە! ئاخر کێشەکە هەر زمانیش نییە، ئێمە نەوەی جەنگین، جەنگەکان. سەفەر دەکەم، خۆیشم بەتەواوی یەکلانەکردۆتەوە، بۆ کوێ؟ دەشێت ئەم سەفەرەم،



www.mukiryani.com

سەفەرێک بێت بۆ ئەودیوی بوونی خۆم. یان دەشێت ئەم سەفەرە، سەری کۆی سەفەرەکانی ژیانیشم بخوات! نا نەخێر، ئەم سەفەرە بۆ ئەو بوونە ونبووەیە، کە دەیەوێت خۆی بدۆزێتەوە. دۆزینەوەی بوون و ونکردنی بوون لە یەککاتدا، وەک ئەوەیە مرۆڤێکی بەدگومان دەستی بە ئاگر بشوات. بەرلەوەی سەفەر بکەم، دەمەوێت چەند هەقیقەتێک بنووسمەوە، وەلێ زۆرجار هەقیقەت قۆڕە! بەهەمەحاڵ، بەر لەنووسینەوەی هەقیقەتەکان – دەشێت ناوی بنێین: «هەقیقەتە قۆڕەکان»، پێویستە خۆم لە سێبەرەکەم بدزمەوە، زۆرجار خۆدزینەوە تووشم دەکات بە تێڕامان. بۆ نموونە: تێڕامان لەکاتی مردنێکی بە پارە! ژیان چەند قۆڕ دەبێت بەهۆی بوونی پارەوە، مردن هێندە و بگرە زیاتریش قۆڕتره دەبێت. ئاخر ئەمڕۆ مردنیش پارەی دەوێت! بۆیە سەختترین مردن، ئەو مردنەیە بە بێ عەشق و بە بێ ئومێدی لە ژیاندا بمری، یان لە سێبەری کەسێکی دیکەوە بمری.

تکایە! تکایە دایکە! ئەم نووسینەم لە ڕۆژنامەیەکی پڕ خوێنەر بڵاوبکەوە.



www.mukiryani.com

# دڵم بۆتە جلشۆر

لەگەڵ تاریک و روونی بەیانی، کە دونیا ڕەنگی زیاتر ڕەساسی بوو، هێشتا شار بە تەواوەتی لە خەو هەڵنەستابوو. ئاسمانی ئەو شارە بە پارچەیەکی رەش داپۆشرابوو. لە بڕی بارانبارین، بە نەرمی و نمە نمە پارچە سێبەری بچووک بچووک لە ئاسمانەوە دەهاتنە خوارەوە. ئەو پارچە رەشەی ئاسمانی داگیرکردبوو، لە شێوەی ڕووخساری پیاوێکی تووڕەبوو، وەلێ هەوریش نەبوو! شتێکبوو، ناوی نەبوو و ناونەنرابوو. تەنیا پیرەژنە دونیادیدەکان دەیانگێڕایەوە، کە ئەم پارچە رەشە لەوکاتەوە بەسەر ئاسمانی ئەو شارەدا دروستبوو، کە بۆ یەکەمجار کەسێکیان لەو شارەدا کوشتووە. پێشتر خەڵکی ئەو شارە هێندە یەکتریان خۆشویستووە، تەنانەت لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا بە هانای یەکەوە چوونە. چیرۆکی کوژرانی یەکەم کەس لەو شارەدا، لەناوەڕاستی شەقامی کتیبفرۆشاندا کچێکیان گوللە باران کردووە، هەر لەو کاتەوە هەر کچێک بکوژرێت، ئەم پارچە رەشە ئاسمانی ئەو شارە داگیر دەکات. لەبڕی بارانبارین سێبەر وەک تۆپە لۆکە دەبارێت. یان وەک پارچە پەڕۆکی بچووک دێتە خوارەوە. سەرەتا سێبەرەکان بە ڕەنگی پەمەیی باریون. گوایە ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە، کە ستیانی کچەکە رەنگی پەمەیی بووە.



www.mukiryani.com

ئەو بەیانییەش پارچە ڕەشەکە ئاسمانی شارەکەمانی داپۆشیبوو، بەشێکی زۆری خەڵکیش هەر لە شیرینی خەوبوون. ڕەنگە خەڵکی هەروا هەستیان کردبێت، کە هێشتا نیوەشەوە. سێبەر وەک پارچە پەڕۆکی بچووک لەئاسمانەوە دەبارین. ڕەنگی پارچە سێبەرەکان ڕەش بوون. باڵندەکان بە ڕەوە و دانە دانەش بەئاسمانەوە دەبینران، کە کۆچ دەکەن بەرەو باکوور. بەم بەیانییە شار لە ڕەنگی ڕەش دەدروشایەوە. لە خۆمەوە حەزم چووە ئەو ڕەنگە، دەمزانی بۆ هەر شارێکی ئەو نیشتمانە بڕۆم، ئاسمانی ڕەشە! لەناکاوڕ، بیرکردنەوەیەک خەریکبوو بمڕشێنێتەوە، ترس لەقورگمەوە ڕۆحمی گرتبوو.

دەمزانی نامەکەم لەلایەن دایکمەوە دەدۆزرێتەوە. دوای ئەوەی بۆنێکی ناخۆش بەناو تەواوی شارەکەدا بڵاودەبێتەوە. شارەوانی شاریش بڕیاری دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەم بۆنە ناخۆشە دەدا. ئەو بۆنەی کە هیچ کەسێک نەیدەزانی سەرچاوەکەی لە کوێوەیە؟ گوایە هەرکاتێک کەسێک بکوژرێت و ئەو پەڵە ڕەشەش ئاسمانی شار داگیر بکات، ئەم بۆنە ناخۆشە بڵاودەبێتەوە. دوا بە دوای گەڕانێکی زۆری تیمەکانی شارەوانی شار، هیچ سەرەداوێک لەبارەی شوێنی بۆنە ناخۆشەکە نادۆزنەوە، تا وای لێدێت، هیچ کەسێک ئەم بۆنەی بەلاوە ناخۆش نابێت. دوای چەندین ڕۆژ لە گەڕان و هیلاکبوونی تیمەکانی شارەوانی، سەرچاوەی بۆنە ناخۆشەکە نادۆزنەوە. دایکم هەمان ئەو بەیانییە ژیرانە نامەکە هەڵدەگرێت. وەلێ ئەویش سەری لەو بۆنە سووڕدەمێنێت و نازانێت ئەو بۆنە لە کوێوە دێت؟ باوکم هەرکە دەزانێت لەماڵەوە رامکردووە، تەواوی خزمەکان ئاگادار دەکاتەوە. لەماڵی باوکی (سمەژنکوژ)دا دادەنیشن و بڕیاری کوشتنی من دەردەکەن. بە بیانووی ئەوەی گوایە کاری نا شەرعیم کردووە، کۆی


www.mukiryani.com

ئەو کارە ناشەرعییەش تەنیا ئەوە بوو، کە لەگەڵ کۆمەڵە برادەرێکمان لە شار دەردەچووین و بەدەم ڕێگەوە گۆرانیمان دەگوت. دواتریش لەسەر ئەو بیرەئاوەی کە ژووانگەی ئێمە بوو، لە نزیک ئاوەکە دادەنیشتین و دەستپەڕمان لێ دەدا. بێئاگا لەوەی دوا ڕۆژ باوکم بە دزی بە دوام کەوتووە و هەموو ئەو شتانەی منی بینیوە.

من لە تەمەنی خۆمدا ئەزموونێکی زۆری (خۆخاڵی کردنەوە)م هەیە. ئەوکاتەش نەمدەزانی بەتەواوی کردەی نووسین چییە؟ تەنانەت بۆ کردەی سێکسیش باگراوندێکی تەندروست و هرزیم لەسەری نەبوو. تەنیا هەستم بەوە دەکرد، گرێک لەناوەم گینگڵم دەدات. ئاگرێکی سەرشێت لەناوگەڵمدا هەیە و دەبێت دابمرێتەوە. وەکچۆن لە دونیای ئەدەبیاتدا نووسیاری دیکەیش بوونی هەیە، وەلێ بە خەیاڵ و دیدگەی خۆیەوە دەنووسێت. لە دونیای منیشدا کوڕی دیکەیش بوونیان هەبوو، وەلێ بە خەیاڵ و دیگەی خۆیانەوە، خۆیان خاڵی دەکردەوە. وەکچۆن کردەی نووسین کاتێکی دیاریکراوی نییە، وەهایش کردەی (خۆخاڵی کردنەوە) کاتێکی دیاریکراوی نەبوو. هەرکاتێک ئەو گڕەی ناوەوە بڵێسەی بکردبوایە، دەبوایە دایبمرێنینەوە، ئەگەرنا هێدی هێدی گڕەکە زۆر دەبوو، ئەوکات بۆی هەبوو هەڵەیەک بکەین. ئەوکاتانە لەگەڵ کوڕەکانی دیکەی هاوتەمەنم بەیەکەوە بە جادەکان دەڕۆیشتین، هەرکە دەگەیشتینە تەک قەبرستان، هەڵوەستەیەکمان دەکردو سەیرێکی قەبرەکانمان دەکرد. برادەر هەبوو لەوێوە دەگەڕایەوە، برادەر هەبوو لەوێ فاتیحایەکی دەخوێند، برادەر هەبوو دەستی دەکرد بە گاڵتە. دواتر ڕێگە خۆڵەکەمان دەگرتە بەروو بەرەو نزیکترین بیرەئاو بەڕێدەکەوتین. بەدەم بڕینی جادە خۆڵەکەوە گۆرانیمان دەگوت. هەمیشە لەسەر بیرەئاوەکان، سابوونمان لە شوێنێک



www.mukiryani.com

شاردبۆوە. هەموو بیرەئاوەکان سابوونی حەشاردراوی لێ هەبوو. هەرکەس سابوونی خۆی هەبوو، هەر سابوونەو بۆنی خۆی هەبوو. هەر کوڕەو خەیاڵی خۆی هەبوو، هەر خەیاڵەو شافریشتەی ناو خەیاڵی خۆی هەبوو. هەریەکەمان لەسەر ئاوەکە لەشوێنێک دادەنیشتین، کەس رووی لەکەس نەبوو، کەس کاری بەسەر کەسەوە نەبوو، کەس پرسیاری شافریشتەی ناو خەیاڵی کەسی نەدەکرد، کەس زنجیری خەیاڵی کەسی نەدەپچڕاند. هەریەکەمان دەچووینەوە ناو خەیاڵی خۆمان، لەوێوە دەگەیشتین بە شا فریشتەکەمان. بڵێسەی ئاگرەکەمان ئازاد دەکرد، ئەویش دەستی دەکرد بە گڕ و سووتان و توانەوە.

من زۆرجار چاوەکانم دەنووقاندو بەجۆرێک تێکەڵی ئەو خەیاڵانە دەبووم، حەزم نەدەکرد چاوم بکەمەوە! حەزم نەدەکرد لەناو ئەوخەیاڵانە بێمە دەرەوە. هەزارانجار نەفرەتم لە جیهانی راستەقینە دەکرد. هەزارانجار دونیای راستەقینەم بە قوربانی دونیای خەیاڵەکانم دەکرد. حەزمدەکرد بۆ نانی ئێوارە نەگەڕێمەوە بۆ ماڵ و دەعوەتی شافریشتەیەکی ناو خەیاڵەکانم بم. حەزمدەکرد خۆم لەو دونیایە راستەقینەیە بدزمەوەو خۆم لە سووچی خەیاڵێکمدا حەشاربدەم. شوێنی حەشارگەکەیشم تەنیا شافریشتەکان پێی بزانن. حەزمدەکرد ببمە مێشێک و لەسووچێکی تاریکدا، تاریکایی هەموو شەوەکان بەخۆمدا بدەم. وەک کارەکتەری سەرەکی ناو رۆمانەکان دەستی فریشتەکانم دەگرت و کوێم بویستبوایە بۆ ئەوێ دەچووم. ناو ژوورێکی رازاوە، یان ژوورێکی پەرپووت. ناو چیمەنێکی پڕ لە گوڵ، یان دەشتێکی چۆڵ. سەرکانی و رووبار، یان سەر چیاو تەپۆلکەکان. زۆرجار لە هەوادا دەستبازییم لەگەڵ فریشتەکانم دەکرد. وەکچۆن ئێستا دەستی راستم رۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ نووسین، وەهایش دەستی راستم رۆڵی کارای



www.mukiryani.com

هەبوو لەو (خۆخاڵی) کردنەوانە. دەنگی شووڕەی ئاوی ناو جۆگەلەکە، خۆشترین مۆسیقای دونیا بوو. دەنگی جۆلەکەو بولبوول و سۆفەقیتەو تیرترواسک، تێکەڵ بە شووڕەی ئاوی ناو جۆگەلەکە دەبوون. ئەوانە چێژێکیدیکەی دەبەخشییە ئەو خۆخاڵیکردنەوانە، ئەوانە ئاوازێک بوون هیچ سەردەمێک ناتوانێت سەداکانیان بخنکێنێت.

لەکاتی تەواوبووندا، هەریەکەمان ناوی شافریشتەکەی خۆمان دەهێنا. زۆرجار ناوەکان لەگەڵ ناوی کچێکی گەڕەک یەکی دەگرتەوە، یان دەشێت هەر ئەو کچەی گەڕەکمان بووبێت، کە بۆتە شافریشتەی هەر یەکێکمان. من هەمیشە ناوی کچێکی خزمی باوکمم دەگوت، بێئاگا لەوەی ئەو رۆژە باوکم بەدوام کەوتووە. ناوهێنانی ئەو کچە، دووبارە نەفرەتکردنی من بوو. هەرکە دەستی راستیشمان پڕ دەبوو لە ئاوەلیقەکە، دەستمان دەخستە چۆگەلەکەو بەم ئاوە ساردو سازگارە دەستمان و ناو گەڵمان پاکدەکردەوە. ئەم ئاوە سارد و سازگارەیش چێژێکی دیکەی هەبوو. ئەو رۆژە کامەمان قووڵتر بەناو ئەندێشەکانیدا ڕۆچووبایەو زیاتر ئاوێزانی ئەو شافریشتەیە بووبایە، ئەو بەدەم ئاهێکی قووڵەوە دەنگی هەڵدەبڕی و دەستی دەکرد بە گۆرانی گوتن. ئەوانەی دیکە بێدەنگ، بێدەنگ وەک کەرتە بلۆکەکانی سەر بیرە ئاوەکە. تەنیا دەنگی گۆرانی و شووڕەی ئاوی ناو جۆگەلەو چریکە چریکی دەنگی باڵندەکان دەهات. دیسان بە شێوەیەکی سیحراویتر تێکەڵ بە دونیای خۆمان دەبووینەوە. نازانم بۆچی ئەو رۆژانە گۆرانییەکان ئەو چێژە لەبن نەهاتووەیان هەبوو. بەشێوەیەک گۆرانی و هەستانەکانیمان دەگووتەوە، زۆرجار دەترسام لەوەی لەگەڵ بەرزکردنەوەی دەنگمان، قوورگمان بکەوێتە ناو جۆگەلەکەی بەردەممان. ئەوکات بیرمدەکردەوە کە گۆرانییەکان پەیوەندییان بە دەنگخۆشی و مەودای فراوانی قوورگەوە



www.mukiryani.com

نییە، بەڵکو پەیوەندیی بنەڕەتییان بە دڵ و رۆحەوە هەیە. وشەکان لەدەروونەوە دەهاتنە دەرەو خۆیان دەخستە فێنکایی جۆگەلە ئاوەکانەوە. هەر بەدەم گۆرانی گوتنەوە، هەریەکەمان چارەگێک وێسکی (بلاک جاک) مان لە گیرفانمان دەردەهێناو دەمانخستە ناو ئاوی جۆگەلە فێنکەکەوە. هەتا شل و کوتی پڕی ناو قوورگمان دەبوو گۆرانیمان دەگوت. جاری واهەبوو دەنگمان بەجۆرێک دەنووسا کە لەکاتی گۆرانی گوتن بە دەنگنووساوی، دەنگمان هێندە ناشاز و وەرەزکار دەبوو، دەتگوت فوو لە کونی رەحەتییەکی گەورە دەکەین و دەنگێکی ناشاز و وەرەزکاری لێوە دەردەچێت. هەر ئێوارەیەو یەکێکمان دەنگی دەبووە رەحەتی، ئەوانەی دیکەیش بەدەم قاقاو پێکەنینەوە دەنگییان دەچووە ئاسمان و لەگەڵ پۆلەکۆترەکان دەچوونەوە شار . ئاسمانی سەر بیرە ئاوەکەمان پڕ دەکرد لە قا قاو پێکەنین. هەرکە ئێوارە درەنگی دەکرد و دونیا خۆی بە رەنگی رەساسی نیشاندەدا، بەرەو ئاوایی دەچووینەوە. لە گردەکەی نزیک ئاوایی لەسەر تەپۆلکەیەک دادەنیشتین و ئیتر بە بێدەنگی دەستمان دەکرد بە وێسکی خواردەوە. هەمدیسان دەچووینەوە ناو دونیای خۆمان، دەستمان دەخستەوە ناو دەستی شافریشتەکان و لە دەشتەپان و بەرینەکان، لە باخچە و پارکە گشتییەکان رامانده‌کرد. یاسای دانیشتمان تەنیا بریتی بوو لە بێدەنگی و هێمنی. هیچ یەکێکمان بۆی نەبوو لەو یاسایە لابدات. لادان لەو یاسایە بەواتەی ئەوە دەهات، کە شەوی داهاتوو دەبوایە بە تەنیا بمابایینەوە. شەوان هەریەکەمان بەخەیاڵی کچێکەوە لەسەر زەوییەکە رادەکشاین و سەیری ئاسمانمان دەکرد. یەکێک لە دڵگیرترین ئەستێرەمان دەکردە: کچی ناو خەیاڵمان. ناوم لە ئەستێرەیەک نابوو، (ئەستێرەکچ). (ئەستێرەکچ) شەوان دەهاتە سەر ئاسمانی ماڵمان.



www.mukiryani.com

لەسەرەوەی سەربانەکەوە سەیری پارچە ئاسمانەکەم دەکرد و ئەستێرەی من کچێکی چەناگە کەوانەیی لە شێوەی گوڵەباغ بوو، جارجارەیش هەستمدەکرد لە تۆپی پێ دەچێت. وەلێ دەمزانی لێکچواندنم بە تۆپ بۆ پەرۆشی و حەزی تۆپی پێم دەگەڕێتەوە. ئەوکات باوکم لەبەر خۆی منی لە خوێندن دەرهێنا. هێندە گریام خەریکبوو گلێنەی چاوانیشم ببنە فرمێسک و بێنە خوارەوە. ئاخر باوکم لەجۆری ئەو پیاوانەیە، کە تووڕە ببێت مێشکی جام دەکات و بە (ئەرستۆ)یش نایەتەوە باری ئاسایی خۆی. شەوان بەدزی باوکم لەسەربان خۆم دەدزییەوە و دەچوومە کۆڵان. رۆژان بە دزی باوکم دەچووم بۆ یاری تۆپی پێ. هەر بەدزی باوکیشمەوە وێنەی ئەکتەری ئەمەریکی و هونەرمەندی تورکی و یاریزانی فەرەنسی و کچی یابانی و تەنانەت وێنەی ئاوابوونی خۆر و دەشتەپان و بەرینەکان و سەر تەپۆلکەکان و بینا بەرزەکانی بەرانبەرماڵمانم دەکێشان. هەر بەدزیش کتێبم لە حەوشە گەورەکەی پشتەوەی ماڵمان دەخوێندەوە. هێندە دڵم ناسکببوو، ناوم لە دڵم نابوو: «جلشۆری شوشتنی خەمەکان».

هەستمدەکرد، دڵم بۆتە جلشۆرێکی گەورەو هەرچی کەونە یاد و پۆشاکی بیرەوەریی و پەڕۆ و پاڵی ماڵەوە هەیە، باوکم دەیخاتە ناو دڵمەوە. جاری واهەبوو، جلشۆری دڵم توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو شتەی نەبوو، بۆیە حەزمدەکرد جلشۆری دڵم بسووتێت. خۆم بە چەقۆ قەتماغی برینەکانم هەڵدەدانەوەو پڕم دەکردن لە خوێ. تا کار گەیشتە ئەوەی کە چێژێکی زۆرم لە برین و ئازارەکانی خۆم دەبینی.

ئێستا ئەوانەی دەیاننووسم ددانپییانانن بە قەتماغی برینەکانم. ددانپییانانن بە برژاندنی دڵم لەسەر پشکۆی هەژاری و کردەوە دڕندەکانی باوکم. ددانپییانانن بەو جنۆکەیەی نووسین کە هەمیشە تیغ تیغەم دەدات.



www.mukiryani.com

ددانپیانانن بە رابردووی دڵی هاورێیەکانم. یەکیان دڵی بوو بە جلشۆر و هەرچی کەونە خەم و چڵکن بوونی جوانی هەیە، خستیانە ناویەوە. یەکیان دڵی بوو بە ترومبێلێک و لە جادەی نێوان دوو شاردا وەرگەڕاو دڵی هەلا هەلابوو. لە (یەک) جێ، لە (دە)جێ، لە (سەد) جێ دڵی قووپاوە. یەکیان شافریشتەکەی خەیاڵی هاتە ناو دڵی و دواتریش بە باڵۆنێک هاتە خوارەوە بۆ ناو دونیای سپی. یەکیان دڵی بووە گیرفان و دینار و دۆلار و تومەن و یۆرۆ و لیرەی خستەناویەوە. ئێستا ئەو هاورێیەمان گیرفانی لە دڵی گەورەترە. رۆژەکان گۆڕان و شەوەکانمان بەسەرچوون. هەریەکەمان کەوتینە کۆلانێکەوە، هەریەکەمان بەدرۆیەکی سپی رووی یەکترناسینمان رەشکرد. ئێستا رووی هاورێیەتیمان جادەیەکی قیرتاوکراوەو منیش بە چەندین تۆمەت بڕیاری کوشتنم لەلایەن باوکم و خزمەکانمەوە بۆ دەرچووە.



www.mukiryani.com

# شاری سێبەرەکان

ئەو ڕۆژەی کە دایکم نامەکە دەدۆزێتەوە، نامەکە دەخاتە باخەڵیەوە. دوای ئەوەی باوکم وەک پیشەی ڕۆژانەی خۆی دەچێتە گازینۆیەکەی سەری گەڕەک، بۆ ئەوەی لەگەڵ برادەرەکانی دەست بکەن بە تاوڵەو دۆمینە. دایکم بە پەلە دەچێتە ماڵی پوورە (مریەم). ئەو دەستەخوشک و هاوڕێییەی کە ئەوکاتەی هەر لەناو سکی دایکم بووم، دەرکم بەوە کرد کە زۆر نزیکن لە یەکترییەوە. (ماریا)ی کچە گەورەی پوورە مریەم، دیارە تا ئەوکاتە نەچووە بۆ خوێندنگە. (ماریا) نامەکە بە وردی بۆ دایکم دەخوێنێتەوە.

بەدەم خوێندنەوەی نامەکە، دایکم و پوورە مریەمی دەستەخوشکی بەگریان خەم و مەینەتی خۆشیان بەتاڵ دەکەنەوە. (ماریا)یش ناوە ناوە لە خوێندنەوەی نامەکە دەوەستێت و گریان لەناووە دەیکوڵێنێت و وەک کەترییێکی ئاوی سەر ئاگر بڵق دەدات. دواتر، بە پێی داواکارییەکەی من، دایکم نامەکە بە (ماریا) دەدات، بۆ ئەوەی نامەکە ببات بۆ ڕۆژنامەیەک و وەکخۆی نامەکە بڵاوبکاتەوە. دایکم لەبەر سۆزی زۆری بۆ من بە باشی بەسەر هزری نووسینەکەدا هەڵنەزنابوو، هەر بۆیە وای زانیبوو کە ئەو نووسینە هەمووی لەبارەی باوکمەوەیە و ئەوەش دەبێتە ئەوەی کە هەم



www.mukiryani.com

پیاوانی (حیزبی یەکبوون) و هەمیش خزم و کەسەکانی لێپێچینەوەیەکی توندی لەگەڵدا بکەن. هەڵبەت هەموو ئەوانە بە یارمەتی پووره مریەم و (ماریا)ی کچی دەبێت. (پووره مریەم) هەم دەستەخوشکی سەردەمی منداڵی دایکم بوو، هەمیش هێندە تێکەڵبووین وەک خزمێکی نزیکمان لێ هاتبوو.

دواتر (ماریا) بۆی گێڕامەوە، کە دوای ئەوەی کە رۆژنامەکە بڵاوبۆوەو دەقی نووسینەکەی منیشی تێدا بووە، رۆژنامەکە ریژەییێکی زیاد لە رۆژانی پێشووتری لێ فرۆشراوە. بەسەرهاتی ئەم بۆنەو هەڵاتن و نامەکەو بارینی سێبەری ڕەش، تەواوی خەڵکی شار کەوتنە تێهزرین و بەدگومانییەوە. دواتر خەڵکی ئەو شارە بەگشتی حەز لە قسەو باسی لەمجۆرەیە. شەوانە بەدیار تەلەفیزیۆنەوە سەیری تەقینەوەو کوشتن و رفاندنی هاوڵاتیانی شارەکانی دیکەیان دەکرد. بۆیە ئەم رووداوەش قسەو باسی زۆری بەدوایی خۆیدا هێنا.

ئەو خەڵکانەی کە سێبەری پەمەییان کۆدەکردەوە، واتە سێبەری رەنگ پەمەییان دەپەرست. وەها لێکیان دەدایەوەو دەیانگوت:

«بۆنەکەو بارینی بارانی ڕەش، سەرەتایەکی تۆقێنەرە. بۆیە پێویستە ئەم نامەیەی لە رۆژنامەی (جواننا‌س)دا بڵاوکراوەتەوە، بە هەند وەرگرێت!».

ئەو پیاوانەی پۆشاکی قاوەییان دەپۆشی و سێبەری سپیشیان دەپەرست، دەیانگوت:

«رەنگە نووسیارەکە هەڵفڕیبێت بۆ ناو ئەو پارچە رەشەی ئاسمانەوە. رەنگە لەوێدا بەئاسوودەیی نووسینەکانی ژیانی خۆی تەواو بکات. لەوێشەوە خوێنی خۆکوشتنەکەی ببێتە هۆی بارینی ئەو بارانە ڕەشانە، ئەو سێبەرە پەمەییانە. رەنگە بۆنەکەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە».



www.mukiryani.com

ئەوانەی لەتاریکیشدا سێبەری زەردیان دەپەرست، وەها لێکییان دەدایەوە: «دەشێت زەوی وەک عەزیایەکی لە شێوە مارێکی گەورەو کەتە، قووتی دابێت. دوای ئەوەش زەوی ئەم بۆنە ناخۆشەی بەناو شاردا بڵاوکردبێتەوە. ئەم پارچە رەشەی ئاسمانیشی وەک تەمێکی چڕ داگیرکردووە، بۆیە ئەمجارە رەنگی بارینی سێبەرەکان جیاوازە. ئەوە نیشانەی فرمێسکی ئاسمانەو بە واتەی گریان و خوێن دێت، کە هەردووکیان تێکەڵبوونە. ئەوەش نیشانەی شوومە بۆ هاوڵاتیان و نیشانەیەکی زۆر باشیشە بۆ پیاوانی دەستەڵات و حیزب».

خەڵکی گوند و شارۆچکە و کۆمەڵگەکانی دەوروووبەری شاریش دەیانگوت: «رەنگە کەسێکی گەورە گەورە، بەدەستێکی سپی نەرم نەرم نووسیارەکەی هەڵکێشابێتە ئاسمان، بۆیە رەنگەکانیش پەڕیون! تەنانەت کتێبەکانیش بەشێکی زۆریان زەرد هەڵگەڕاون! پەیڤی ناو دیوانە شیعرەییەکانیش خوێنێکی رەش بەبنیانەوە قەتیسبووە».

بەقسەی ئەو خەڵکانەی کە هەرساڵەو رەنگی خۆیان و سێبەری خۆیان و حیزبی خۆیان دەگۆڕن، هەر دەڵێن و دەڵێنەوە: «پەیڤەکان هەڵاتوونەتەوە ناو خەیاڵدانی نووسیارەوە، بۆیە کتێبەکانی شاری (سێبەرەکان)یش لە پشوو دان. بەم پێیەش بێت، نووسیاری نامەکە لەم شارە دەرچووەو بۆ شارێکی دوور دوور رۆیشتووە».

چوومە ناو شارێکی وێرانتر، شارێک پڕ لە کوشتن و تۆقاندن، شارێک مەڵبەندنی خراپەکاری، شارێک بەهای ئافرەت لەناو گەڵییەوە دەست پێدەکات، شارێک کوشراوە بە ئایدۆلۆژیای یەک حیزب. بۆیە لە دوای منەوە لەوە دڵنیابووم لە شارەکەی خۆمدا، قسەو باسی زۆر لەبارەی ونبوونی منەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەو شارەی ئێستایش بۆی رامکردووە،



www.mukiryani.com

شارێکه تەنیا لەسەر بنەمای قسەکردن وەستاوە. واتە: قسەی خۆش زۆر شتە! بۆ نموونە: تەنیا قسەی خۆش بەس بوو بۆ فریودان و گەیشتن بە ئامانج. (ئامانج) و (قسەی خۆش) وەک شەو و رۆژ بەدوای یەکەوە بوون. دوو ئاڕاستەی سەرەکیی ئەو شارە بوون. ئەم دوو پەیڤە لە کاتی گوتووێژەکانیشدا هەمیشە بە دوای یەکەوەبوون، بە بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان بە پێش ئەوەی تریان بکەوێت. واتە قسەی خۆشی بێ کردار، ئامانجی گەورەبوو. ئامانجی گەورەی ئەم شارەیش، قسەی خۆشی بێ کردار بوو. لەو کاتەوەش کە حیزبی قەسابەکان دادەمەزرێت، هەموو ناو و ناسناو و شانازییەکان و مزگەوت و شەقام و پارک و تەنانەت خوێندنگەو هۆڵ و یاریگەو نەخۆشخانەکانیش بەناوی خۆیانەوە دەکەن. بۆیە هەر لەو رۆژەوە ناویان لەم شارە ناوە:

«شاری (سێبەرەکان)».

لەو رۆژەوە، بەهەموو شێوەیەک رووخساری خۆم و شێوەی پۆشاک و زۆر شتی خۆم گۆڕی. لەسەرووی هەمووشیانەوە ناوم لەخۆم نا: (دڵیار). چەندین رۆژیش بە بێماڵ و بێکەس خۆم لە سووچی پارکێکی گشتی حەشاردەدا. دوای هەموو عەسرێکیش لەگەڵ سۆزانییەک دەکەوتینە قسەکردن و دەمەتەقە لەبارەی بڕی پارە و شوێن و وردەکارییەکانی دیکە. مەرجی من بۆ هەموویان چەند شتێکبوو:

یەکەم: شوێنێکی شیاو و دوور لە مەترسی و مانەوەم تا رۆژی دواتر.

دووەم: نرخی ئەو بڕی پارەیەی لەسەری رێکدەکەوتین کەم بێت، ئەگەر بێ بەرانبەریش بێت ئەوا ئامادەبووم ماڵەکەی بۆ پاک بکەمەوە.

یەک هەفتەی تەواو وەک کوڕێکی ئازاد و دوور لە باوکم ژیانم لەناو پێخەفی سۆزانییەکاندا گوزەراند. من دەمزانی ئەو بڕە پارەیەی لەماڵەوە



www.mukiryani.com

بردوومە بەشی زۆرم دەکات، بەشی مانەوەی چەندین شەوی خۆش لە باوەشی ژنی جیا جیا، بەشی چەندین چێشتخواردن، بەشی چەندین نانخواردنی نیوەڕۆیان لە ڕێستۆڕانت و چێشتخانەی جیا جیا. لە دوای ئەم هەفتەیەوە، کە دواین شەوی ئەم هەفتەیەش بوو، وەها ڕێککەوت کە لەلای ئافرەتێکی خوێندکار بم. گوایە بۆ سەردان و پشوو هاتۆتە شاری (سێبەرەکان). لەبەر ئەوەی بارەگای سەرەکی حیزب، حیزبی (قەسابەکان) لە شاری (سێبەرەکان) بوو. زۆربەی ئەوانەی کە بۆ کات بەسەربردن دەگەڕانەوە، دەهاتنە شاری (سێبەرەکان). ئێواران پارکی (جوانان) جمەی دەهات لە ژنانی لەشفرۆش. کڕیارەکان زۆرجار بە ساختە چەند کەسێکیان وەک پاسەوان بەدەورەوە بوو، بۆ ئەوەی ژنەکان وەها بزانن ئەوانە پیاوانی باڵادەستن. هەڵبەت ئەوەیش بۆ ئەوەی جوانترین و گەنجترین ژن لەگەڵ خۆیان بەرن. دووکانەکانی دەورووبەری پارکیش زیاتر بریتیبوون لە: دووکانی پۆشاکفرۆشی و بۆنفرۆشی و چێشتخانەو کافتریا. دووکان هەبوو تەنیا ستیان و حەبی ڤیاگرا و کۆندۆم و مایۆی دەفرۆشت. دووکانی دیکەیش هەبوو، تەنیا ئارەق و بیرەو وێسکی و شامپانیا و ڤۆدگا و شەڕاب. دووکانی بچووک بچووکیش هەبوون تەنیا مەزەیان دەفرۆشت. دووکانەکانی سەرووش مریشکی سوورکراو و باڵ و ران و گۆشتی ئامادەکراو. لەسەر شەقامەکانیش عارەبانەی چەرەزاتفرۆش و بەفرفرۆش و ڕەژووفرۆش هەبوون.

دوای ئەم هەفتەیە ئەم پارچە پەڵە ڕەشە ئاسمانی شاری (سێبەرەکان)ی بەردا، ئیتر زانیم بە پێی قسەکانی ئەو پیرەژنە دونیادیدانە بێت، ئیتر من ناکوژرێم.



www.mukiryani.com

دوای عەسری ئەو ڕۆژە، کە لەلای ئەو ئافرەتە ماڵئاواییم کردو بەرەو پارکی (جوانان) ڕۆیشتم. هەموو جەستەم هاواری دەکرد، دەتگوت هەموو جەستەیان بە دار کووتیوم! ژنانی کامڵ بەگشتی بۆ جەستەی کوڕانی تەڕ و تازە بەهاری، چاو برسین. لەم هەفتەیەدا تەواو هەستم بە هەموو ئەو شتانە کرد. تەنیا ئەم ئافرەتەی دواین شەو، وەک عاشقێکی پڕ لە ڕۆمانسییەت، لەگەڵ هەر ئەندامێکی جەستەم دەجوڵایەوە. تاکو عەسر لەلای مامەوەو چێژم لە هەموو هاوجێییەکان و ماچ و بۆنکردن و جووتبوونی دەبینی. خەریکبوو عاشقی ببم، وەلێ کە (ماریا)م دەهاتەوە بیر هەموو شتەکان دەچوونەوە دۆخی ئاسایی خۆیان. دوای عەسری ئەو ڕۆژە کەمێک لەناو پارکەکە پیاسەم کرد، نەمدەتوانی (ماریا) لە بیر بکەم و بیریشی لێ نەکەمەوە. حەزیشم دەکرد بزانم لە دوای من چی بووە؟ لە قەراغی باخچەیەکەوە، کوڕ و کچێکی کامڵ لەسەر کورسییەک دانیشتوون. بە بێ هیچ هۆکارێک سەیریان دەکەم و لێیان ورد دەبمەوە. کوڕە بە دەستی و دەمی قسە بۆ کچەکە دەکات و کچەکەیش بە قسەکانی کوڕەکە قاقا دەتریقێتەوە. لە دڵەوە خۆزگە بەوان دەخوازم، وەلێ بۆ هەموو ئەو شتانە درەنگ بوو. هەنگاوم بەرەو ڕوویان نا، هەنگاوانێک وەک ئەوەی پاڵ بە قاچەکانمەوە بنێن. کچەکە ئەسمەرێکی خوێنشیرین بوو، ئەو زوو هەستی بەوە کرد، کە من بەرەو ئەوان دەچم. کچەکە پێکەنینەکەی تەواو بەری نەدابوو، چاوەکانی لەدوورەوە دیاربوون، چاوەکانی پڕبوون لەئاو، چاوەکانی لە خۆشییان دەبریسکانەوە. هەرکە تەواو نزیکبوومەوە، کچەکە بەزمانی چاو کوڕەکەی ئاگادارکردەوە. لەوێدا هەستم بەوە کردەوە، کە ژنان لە پیاوان هەستیارترن.

- «ئێوارەتان باش».



www.mukiryani.com

+«ئێوارەی تۆش باش».
هەر دووکیان بەیەکەوە، وەلێ دەنگی کوڕەکە زیاتر دەبیسترا. ئەوەیش شتێکی ئاساییە، چونکە دەنگی رەگەزی نێر و مێ جیاوازە. دەنگی کوڕەکە گڕتر و دەنگی کچەکە ناسکتر. بۆیە چیتر بیرم لەو شتە قۆڕە نەکردەوەو پێم راگەیاند کە مۆبایلەکەم لەماڵەوە بە جێ هێشتووەو ئێستایش لەم پارکەدا چاوەڕێی کەسێک دەکەم و دەمەوێت دڵنیای بکەمەوە کە لێرەم. هەڵبەت دەبوایە دۆریەکی وەها بکەم، دڵنیاشم هەندێک درۆکردن باشترن لە راستگۆیی. چونکە زۆرجار راستگۆیی نرخێکی نابێت. ئەوان هەر دووکیان سەیرێکی یەکتریان کرد و بە دەم بزەیەکی درۆزنانەوە، کوڕەکە مۆبایلەکەی لە گیرفانی کابۆیە شینەکە دەرهێناو بە فەرموو دەستی درێژ کرد بۆم. مۆبایلەکەم لە دەستی وەرگرت و پێنج، تا حەوت هەنگاو لەوان دوور کەوتمەوەو تەلەفۆنێکم بۆ (ماریا) کرد. لە دوای دوو، تا سێ زەنگ ئەوسا وەرامی دایەوە. هەرکە زانی منم دەنگی بەرزکردەوە، زانیم بە دووبارە گوێ بیستبوونەوەی دەنگم حەپەساوە. چەندجارێک ناوە کۆنەکەی دووبارە کردمەوە، هەر زوو پێم راگەیاند کە ناوەکەی خۆم گۆڕیوەو لەئێستا بەدواوە، ناوم (دڵیار)ە. نەمهێشت قسەی دیکە بکات، دەمزانی دەیەوێت چی بڵێت و پرسیاری لەبارەی چییەوە دەکات؟ قسەکانیم بە (ماریا) بڕی.
-« (ماریا) هیچ مەڵێ! وەرە شاری (سێبەرەکان). من ئێستا لە پارکی گشتی جوانانم. هیچ مەڵێ و یەکسەر وەرە. کە هاتی هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم. ئەو مۆبایلە هی کەسێکە و دەبێت ئێستا بیدەمەوە».
+«باشە باش ش ..، هەر ئێستا دوای بیست دەقیقەی دیکە خۆم ئامادە دەکەم. بەڵام تا دەگەمە لات لەوەیە زۆر درەنگ دابێت».


www.mukiryani.com

ئەو کاتەی (ماریا) گەیشت لام رۆژ خەریکبوو زەرد هەڵدەگەڕاو خۆر هێدی هێدی بارگەی ئەو رۆژەی دەپێچایەوە. (ماریا) بە پەشۆکاوی دەستی گرتم و کەمێک بە خۆیەوە گوشیم. دەستم لەناو دەستی دەرهێناو بە هەردوو دەستی پاڵێکی پێوەنام. (ماریا) شڵەژاو و گوتی:
«ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟ بۆچی لەماڵەوە راتکردووە؟»
-« (ماریا) تۆ خۆت دەزانی ئەو شەوە چی روویدا. لەلایەک باوکم بەوەی زانیوە کە من پەیوەندی سێکسم لەگەڵ تۆدا هەیە، لەلایەکی دیکەیش بەدوای من کەوتووەو بەوەی زانیوە کە وێسکی دەخۆمەوە، بەوەی زانیوە کە ئەوکاتەی تا درەنگانێکی شەو ون دەبم، دەچمە سەر بیرەئاوەکەی دەرەوەی شار و لەوێ لەگەڵ برادەران دەستپەڕ لێ دەدەین. بەوەشی زانیوە کە بە کچی براکەیم گوتووە، من ئەوم ناوێت و نامەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم. تەنانەت زۆر رقی لەوەش هەستاوە کە ئیتر ماوەیەکی زۆرە هیچ پارەیەکی بۆ نایەمەوە».
+«بەر لەوەی رابکەیت بۆ منت ئاگادار نەدەکردەوە، هەر هیچ نەبایە رێگەجارەیەکم دەدۆزییەوە. ئایا ئەوە خۆشەویستییەکەت بوو بۆ من؟».
-«هیچ رێگە چارەیەک نەبوو، تەنیا ئەو رێگەیە هەبوو. دواتریش نەدەبوایە زیاتر بمێنمەوە، چونکە مانەوەم بەمانای نزیکبوونەوەی مەرگی من دەهات. گوێم لێ بوو شەو باوکم چی بە دایکم دەگوت لەبارەی منەوە. نیازی کوشتنی منیان هەبوو، بەتایبەت ئەو کاتەی مامم و کوڕە مامەکانم زانیبوویان من ناتوانم ببمە زاوای ئەوان».
هەردووکمان بە ترسەوە بەرەو بن دارێک رۆیشتین، لەتەکی چیمەنێکی سەوز وەک فەرش راخرابوو، هەرچوار دەوری چیمەنەکەش، بەداری بەرز و نزم و گوڵ و نەمام دەورە درابوو. هەردووکمان لەناو بێ دەنگیدا بیرمان



www.mukiryani.com

دەکردەوە. ناوە ناوە (ماریا) ئاهێکی وەهای هەڵدەکێشا، من لەکاتی دانەوەی هەناسەکەی هەستم بە بۆنێکی سووتاو دەکرد. هەستم دەکرد بۆنی وایەری سووتاو دەکەم. هەستم دەکرد دڵی ئەویش بۆتە جلشۆر، هەستم دەکرد گرێکی سەرشێت لەناوەی هەڵی کردووە. بەدەم ئاهێکی قووڵتر لە هەموو ئاهەکانی تر، رووی پەشۆکاوی کردە من و گوتی:

+«کاتی بێدەنگی نییە، پێم بڵێ ئەم هەفتەیە لە کوێ بووی؟ ئێستا بەرنامەت چییە و دەتەوێت چی بکەین؟ دواتر، من چۆن دەتوانم قەرەبووی ئەو هەموو شتانەت بۆ بکەمەوە».

-«دەمەوێت لێرە بە دواوە من ببمە کەسێکی ئازاد. وەلێ جارێ هەتا شوێن و گوزەران و دەروونم رێکدەخەم، ئاگات لێم بێت و هاوکاریم لە هەندێک شتدا بکە. تاکە داواکارییم ئەوەیە، تا خۆم دەگرمەوەو دەکەومەوە سەر قاچەکانی خۆم ئاگات لێم بێت. من لە تۆ تووڕە نیم، لە خۆشم تووڕە نیم. قەدەری ئەو کەسانەی لە ژێر سایەی ماڵێکی وەها و باوکێکی وەها پەروەردە بکرێت، هەر وەها دەبێت. چەندینجار ویستم خۆم بکوژم، وەلێ نازانم بۆچی نەمتوانی! من زۆر بێ غیرەتم».

+«من دەزانم. ئاگاداری هەموو شتێکی ماڵەوەتان بوومە».

-«منیش دەزانم، وەلێ ئاگاداری هەموو شتەکانیشت نیت. باوکم کە شەوان سەرخۆش دەبوو، لە خۆیەوە بە منی دەگرت و هەزارانجار جنێوی وەهای پێم داوە کە بڕوا ناکرێت. لەوەش سەیرتر کە تا ئێستا لەلای دایکشم نەمترکاندووە، شەوێک دایکم لەلای خوشکە گەورە نەخۆشەکەی بوو، ئەو خوشکەی کە چوار پێنج مانگ دەبێت مردووە. پوورە (جەمیلە) کە ئەوکات نەخۆشبوو. ئەو شەوە باوکم زۆری خواردەوە، منیش خەریکی مەزە دروستکردن بووم بۆی. هەنارەکەم بۆی داکوتابوو، خەریکی



www.mukiryani.com

تێکەڵکردنی ماست و خیارە وردکراوەکان بووم، ئەوە شەوە جاری دووەم بوو کە مەزەم بۆی دروستدەکردەوە. ئیتر ئەو شەوە هەستم کرد تەواو سەرخۆشەو زۆریشی خواردۆتەوە. من لە ژوورەکەی خۆم دوای بردنی مەزەکان بۆی، خەریکی خوێندنەوەی رۆمانی (دادگا)ی کافکا بووم، لەناکاوڕا باوکم بە ژوور کەوت. چاوەکانی وەک (گا)ی خۆر نەدیو زەق و سوور سوور ببوون. هەستم دەکرد، چاوەکانی خوێنیان تێزاوە. برۆی کەمێک شۆڕتر. لۆچی نێوچاوانی هەر جارەی دروشمێکی هەڕەش و تۆقێنەریان دەنواند. بەدەستە زل و شیتانەکانی پرچی لەدواوە گرتم و بەرزی کردمەوە. وەک بووکەڵەیەک بە دەستییەوە بووم، هێزی من لەچاوی هێزی ئەو، وەک هێزی نێوان دەوڵەتێکی زلهێز و دەوڵەتێکی بچووکی بێهێز بوو. چەندجارێک ویستم خۆم لەدەستی رزگاربم، خۆم لەدەستەکانی دەپچڕییەوەو هاوارم دەکرد، کەچی لەبەرانبەر هاوارکردنەکەم، تووڕبوو. شەقێکی وەهای لە بناگوێم دا، پێش چاوم تاریکبوو. ئەو شەوە باوکم وەک دڕندەیەک لەبەر ئەوەی کە نامەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کچی براکەیدا بکەم، خەریکبوو بمکوژێت. سێ بەسێ تەڵاقی خوارد ئەگەر رازی نەبم، بمکوژێت».

(ماریا) وەک دارێک چۆن لە بنەوە، لە رەگ و ریشەوە رابکێشرێت. وەها هەستی بە وێرانبوون کرد. تا ئەو کاتە هەرگیز (ماریا)م وەها نەبینیبوو. بەر لەوەی بەتەواوی تاریک دابێت، بە (ماریا)م گوت، کە شەوان پیاوانی (خدر پەپوولە) بە پارکەکاندا دەگەڕین، بە تایبەت پارکی جوانان. بە پەلەو زۆر بە ترسەوە لە پارکەکە دەرچووین، چونکە تەواو تاریکی کردبوو و (ماریا) لەم رێگە دوورەوە تەواو هیلاک بوو. وەلێ پیم سەیر بوو کە (ماریا) چۆن وەها زوو گەیشتووە. واتر، پێی گوتم کە کرێ دوو کەسی


www.mukiryani.com

دیکەی داوە بە سەیاقەکە تەنیا بۆ ئەوەی لە ڕێگەدا خێرا لێی بخوڕێت. لەبەردەم چێشتخانەیەکی بچووکدا وەستاین. لە شوێنێکی تایبەت بە خێزان بە یەکەوە نانمانخوارد. من هێندە برسی بووم، ئاگام لە (ماریا) نەما. دوای ئەوەی لەنانخواردن بووینەوە، (ماریا) باسی ئەوەی کرد: کە خەریکبووە نەمناسێتەوە! شێوەی پرچ و رووخسارم تەواو گۆڕاون. دواتریش باسی ئەوەی کرد: کە برادەرێکی کوڕی باڵەخانەیەکی گەورەیەی هەیەو کاتی خۆی لە شارەکەی ئێمە بووەو دوایی لەگەڵ خێزانەکەی دێنە شاری (سێبەرەکان).

(ماریا) ئاماژەی بەوە کرد، کە شوێنێک لەوێ بە ناوی خۆی بەکرێ دەگرێت. ئەو برادەرەشی وەک چاوی خۆی خۆشدەوێت و هاوڕێیەکی سەردەمی قوتابخانەیە. هەر دوای دوو کاتژمێر بە تەلەفۆن (ماریا) هەموو شتەکانی پێک هێنا. هەرکە منی بردە باڵەخانەکەو ژوورەکەمی دۆزییەوە. ژوورەکە لە نهۆمی چوارەم بوو، ژووری ژمارە (٤٥). کە لە ژوور و ساڵۆنێک و گەرماو ئاودەستێک پێک هاتبوو. (ماریا) بەیانییەکەی بەرلەوەی بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، ئەو پارەی پێی مابوو لەسەر قەراغی پەنجەرەکە بەجێیهێشت. لەبەردەمدەرکەکەدا، دەستی لە کەمەرم گیرکردو لێوەکانی شێ-تانە مژیم و فرمێسکەکانی لەچاوانی قەتیسمابوون. من هەموو جەستەم هاواری دەکرد و دەیگوت:

«ئێمە کوتراوین!».

دەمزانی (ماریا) حەز دەکات لەگەڵمدا بمێنێتەوەو بەیەکەوە بژین، وەلێ ژیانی ئێستای من بۆ ئەوە لەبار نەبوو. بەر لەوەی بڕوات فرمێسکەکانیم سڕی. بەگاڵتەوە پێمگوت: «لێرە بەدواوە، کافکایانە لە ژیاندا بیر بکەوە». بزەیەکی تاڵی کرد و ڕۆیشت. وەلێ من زۆرشتم لە فرمێسکە



www.mukiryani.com

قەتیسماوەکانی خوێندەوە. شەوی دواتر، لەخەونمدا خەونم بە پیاوێکی سپی سپی نوورانییەوە بینی بە دووباڵی گەورەوە هاتبووە سەر شاری (سێبەرەکان). ئەو پیاوە چەندجارێک سوڕایەوە، منیش لە چیمەنی حەوشەکەیەکی سپی سپیدا، تاکو ئەژنۆم رۆچووبووومە ناو ناخی زەوییەکەوە. ئەو لە ئاسماندا بۆ لەناو قوڕ چەقینەکەم دەگریا و فرمێسکەکانی وەک بارانێکی بەخووڕ بەسەر سەرمدا دەبارین! لەبەر باڵە گەورەکانیشی نەیدەتوانی بێتە ناو حەوشەکەوە. بە دەنگی کرانەوەی دەڕابی دووکانەکانی ژێر باڵەخانەکە و هۆڕینی ترۆمبێلەکان و دەنگە دەنگی کاسبکاران لەناو ئەم خەونە تۆقێنەرەدا راپەڕیم. لەنێو ئەو مۆتەکەیەدا خراپ هاتمە نێو دونیاوە، دووبارە چاوم بە رووی ژوورێکی تازەدا کردەوە. هەرکە چاوەکانم کردنەوە هەستم بەوە کرد، کە نووستنیش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی مەرگێکی لەسەرخۆ. هەستمکرد ئەوە جیهانێکی دیکەیەو دەبێت هەم لەگەڵی ئاشنابم و هەمیش لەگەڵ هەموو دۆخەکانی ئەم جیهانەدا هەڵبکەم. ئەم بەیانییە درەنگتر بۆ گەمەی سێبەرەکان خەبەرم ببۆوە، دیسان وەک هەمیشە دوو دەماری حیزی ملم چووبوونەوە سەریەک و لاملێکم ڕەق ببوو، تەنانەت بە شێکی زۆری جەستەیشم هاواری دەکرد.



www.mukiryani.com

# گریگۆری سامسای مۆدێرن

بەیانی لەژووری ژمارە چلوپێنج هاتمە دەرەوە. بەو بڕە پارەیەی کە (ماریا) بۆی جێ هێشتبووم و ئەو بڕە پارەیەش کە لە باوکم دزی بووم، لەبازاڕی کۆنەفرۆشاندا کۆمەڵێک کەلوپەلم پێی کڕین. بازاڕی کۆنە فرۆشانە سەری مار و مێرووشی لێیە، هەرچییەک بتەوێت لەوێ دەست دەکەوێت. وەلێ هێندە جەنجاڵبوو، بەدرێژایی یەک ڕۆژ نەتدەتوانی تەواوی دووکانەکان بکەیت. دوای تێپەڕینی چەندین ڕۆژ و شەوی درێژ و تۆقێنەر، هیچ کەسێک نە دەزانی کەسێک هەیە لە ژووری ژمارە چلوپێنجدا. وەک (گریگۆری سامسا) خۆم سپاردەی خەیاڵەکانم کردبوو. کوڕەکەی برادەری (ماریا)ش بە ئەنجوومەنی گەڕەکی گوتبوو، کە خۆی لەناو ئەو ژوورە دەژیت و بۆ کاروباری خۆی وەک نووسینگەیەک بەکاری دەهێنێت. هەر چەندە لەسەرەتادا ئەو پیاوەی کە وەک چاودێری گەڕەک تەنیا کاری ڕاپۆرتنووسین و چاودێریکردنی خەڵکی بوو. وەلێ بە گوتەی (ماریا) دوای ئەم هەموو هێنان و بردنە، بە بەرتیل وەرگرتن کۆتایی بە بابەتی مانەوەی من بەتەنیا و بەدواداچوون بۆ ناو و ناوونیشان و وردەکارییەکانی ڕاپۆرتنووسینی هێناوە. چونکە یەکێک لە خەمەکانم ئەوە بوو، کە باوک و کوڕە دڕندەکانی مامم بۆ هەموو شوێنێک دەگەڕێن.



www.mukiryani.com

بۆیە دڵنیابووم باشترین هەوڵیشیان پرسیارکردنەو چاودێریکردنی پیاوانی ئەنجوومەنی گەڕەکە. ئەو پیاوانەی دەروون و دڵیان بچووکە و تەنیا گیرفان و قسەیان گەورەیە. پارە دەیتوانی زۆر شت بکات، کەسایەتی و زۆر شتی دیکەی مرۆڤایەتیش هەر بە پێوەری پارەداری دەبینران. زۆرجار رقم لەپارەش دەبووە. نزیکی چەند مانگێک وەها تێپەڕی و (ماریا) لە هەموو رووداوەکان ئاگاداری دەکردمەوە، دیاربوو دایکم متمانەی بە باوکم هێنابوو، کە من لەو شارە نەماوم و رەنگە بۆ شوێنێکی دوور رۆیشتبم. باوکیشم بۆ پشت راستکردنەوەی قسەکەی دایکم، لەلای کەس و کارەکەی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە گوایە ئەو لەسەرەتاوە لەگەڵ لەدایکبوونی مندا نەبووەو زۆریش هەوڵیان داوە بۆ لەناوبردم، وەلێ بێسوود بووەو ئێستایش هەموو هەوڵەکانیان وەکو ئەوکات بێ سوود دەبێت. ئەوەشی گوت: کە باوکم ئێستا کەمتر دەچێتە گازینۆ و یانەکانی شەوان، بەدرێژایی شەو و رۆژ هەر لەماڵەوەیە و خەریکی خواردنەوەیە. دیارە لەبەر ئەوەی ئەم ماوەیە زۆر دەخواتەوە، دکتۆر گوتوویەتی کە جگەری ئەستوور بووە.

بێزم لە وشە و نووسین و کتێبەکان دەکردەوە.

بەیانی رۆژێکی نوێ بەترسەوە، لە باڵەخانەکەدا هاتمە خوارەوە. لە رێگەدا بیرم لەوە کردەوە، کە سەیرێکی رۆژنامەکان بکەم. بۆ ئەوەی بزانم ئەو ئاگاداریانە و ئەوانەی بە ناوی (هەلی کار) بڵاودەکرێنەوە. دەتوانم کام ئیش لەوانە بیکەم.

سەیری رۆژنامەکانم کرد. دیاربوو لەهەمان ئەو رۆژنامەیەی کە نامەکەمی تێدا بڵاوکرابۆوە. کەسێکیان دەویست بۆ کاری سکرتێری. چارم ناچاربوو، تەلەفۆنم بۆ ژمارەکە کرد. دوایی سڵاو و یەکترناسین. دەرکەوت کەسێکە



www.mukiryani.com

بەناوی (فەرید). ئەوەشی دووپاتکردەوە کە لە رۆژ و کاتژمێری خۆیدا دەبێت لە بارەگای رۆژنامە ئامادەبم. دوای داخستنی تەلەفۆنەکە لەشوێنی خۆمدا وەک کۆڵەکەی تەویلەکان بەوشکی ڕەق ڕاوەستام. لەلایەک خۆشحاڵی دایگرتبووم، کە کارێکم دەستکەوتووە و دەتوانم بەلایەنی کەم بژیم. هەر چەندە دەمزانی بۆ ئەوەی بژیم، دەبێت لە سێبەری شتێکەوە بم. بۆ ئەوەی بژی، یان دەبێت هەتاکو مردن بجەنگی، یانیش دەبێت ملکەچی ئەو بارودۆخەی ژیان گوزەراندنە بیت.
شەختەی بێدەنگیی ئەو گۆمە ئاوەم شکاند! دوای کەمتر لە بیست دەقیقە، بەدەروونێکی شپرزەوە بە شەقام و بازاڕدا پیاسەم دەکرد. دوو کەسی ناسیاوم بینی کە رووبەڕووم هات، رۆحم هاتبووە سەرە لووتم، کەچی بە بێ هیچ کاردانەوەیەک بەلامدا تێپەڕین. هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشاو زانیم ئەوان منیان نەناسیوەتەوە.
خەڵکی گەڕەک هەر یەکەیان لە سێبەری شتێکەوە ژیانی خۆیان دەگوزەراند. ئەوانەی لە ژوورەوەش بوون، بەرهەمی سێبەربوونی خۆیان دەخوارد و دەخواردەوە. هەندێکیشیان هێشتان لە خەوی پڕ سێبەریاندا بوون. لە ناوەڕاستی کۆڵانێکدا سەیری دەوروبەری خۆمکرد، ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو! بەیانییان تەواوی خەڵکی گەڕەک چاودێری کەسێکیان دەکرد، گوایە نەخۆشی دەروونی هەیە. هەڵبەتە ئەو شتانەی ئەویش دەیکردن، بەلای ئەوانەوە سەیر بوون. ئەو رۆژە لەگەڵ خەڵکی گەڕەک چاوەڕێی ئەو پیاوە بووم، لەپڕ لە سەری کۆڵان کەسێک بەدیارکەوت و کۆڵان کەوتە ژاوەژاو. دەنگی قیژە قیژ و فیکە لێدان بەرزبۆوە. لەناوەڕاستی کۆڵان پیاوەکە هەڵوەستەیەکی کرد و یەک بەدەمی هاواری کرد:
+«هەستن لە خەوی سێبەربوونتان، هەستن لە خەو... تاکەی خەو،



www.mukiryani.com

تاکەی خەوی سێبەربوون، تاکەی خەو، شار پڕە بووە لە سێبەر. سێبەر شاڵاوی هێناوە و لەم ماوەیەدا کتێبخانەی شاریش داگیر دەکات. دواتر تەنیا گلەیی شاری بێ کتێبخانەییمان بۆ دەمێنێتەوە. ئێوە بە قسەم بکەن، ئەگینا منیش دەبمە سێبەری پیاوێک کە دەتوانێت ڕەنگی سێبەرەکانیش بگۆڕێت. ئێوە تەنیا دەزانن نان بخۆن و سێکس بکەن و پێبکەنن. بەسە چیتر پێمەکەنن و خەمێک لەو هەموو سێبەرانە بخۆن. ناکرێت لە یەک کاتدا هەزاران سێبەرمان هەبێت. سێبەرەکانی ئەو شارە هێندەی سێبەری زەوی گەورە بووە. پیاوانی دروستکاریی سێبەرەکان، کتێبەکانیش ئازاد ناکەن. پێویستە ئێمە کتێبەکان ئازاد بکەین. کتێبخانە بپارێزین! ئەگەر نووسین ئازاد بکەن لە سێبەر، مرۆڤەکانیش ئازاد دەبن لە سێبەرەکانیان. ئەی هاوار لێم تێبگەن! کتێب مرۆڤە و مرۆڤیش کتێبە».

بەشێکی زۆری خەڵکی باڵەخانەکان هاتبوونە دەرەوە. هەریەک قسەیەکی دەکرد، پیاوێکی کەتەی چوار شانە، لەسەری کۆڵانەوە هاواری دەکرد: «ئەوە بەرنامەی بەیانیانە، بۆ زاخاوی مێشک باشە. ها ها ها ها...».

ئەو پیاوانەی قسەیان گەورەترە لە هەر شوێنێکی تریان، بیر لە شار و ماڵ ناکەنەوە. دەیانەوێت شاریش وەک خۆیان ئاقڵیان پڕ سێبەر ببێت . هەرکە لەم بارەیەوە بتەوێت قسە بکەیت، پێت دەڵێن: بڕۆ بۆ خۆت دینارێک پەیدا بکە، دینارێکت نەبێت، دینارێک ناهێنی. منداڵەکان بە بەرد لە کۆڵانەکان ڕاوی ئەو کەسانەیان دەنا، کە لەبەر ئەشکەنجەدان و لێدانی پیاوانی (خدرپەپوولە) بەشێکی مێشکیان لە دەست دابوو. لە دواوەش دەنگی پێکەنین و قاقای ژنە قەڵەوەکان یەک بە کۆڵانەکاندا دەنگی دەدایەوە. ئیتر ئەوە حاڵی کۆڵانەکان بوو. منیش بۆ ئەوەی نەکەومە ناو کۆڵانەکانەوە، ناچار لە ڕۆژێکی نەفرەتییدا خۆم دایە دەستی قەدەرێکی



www.mukiryani.com

تۆقێنەر و بووم بە سکرتێری سەرنووسیاری رۆژنامەی (جوانناس). بوومە سکرتێری (خدر پەپوولە) بووم بە سێبەری (خدرپەپوولە).
هەفتەی یەکەم زۆر بە ئاسایی شتەکان تێپەڕین، هەفتەی یەکەم بۆ زۆربەی کارەکانیش هەروان و بە ئاسایی تێدەپەڕن. وەلێ لە هەفتەی دووەمی دەست بەکاربوونمدا، شتەکان گۆڕانیان بەسەر دادەهات. لە یەکەمین کۆبوونەوەدا، (خدرپەپوولە) ئاماژەی بە گرینگی دان بە رۆڵی ئافرەتان دا. بە پێی رێنماییەکانی (خدرپەپوولە) هیچ بەرپرسی بەشێک، یان رۆژنامەنووسێک بۆی نەبوو مووی بۆچوونێکی دژی بۆچوونەکەی جەنابیان بپسێنێت. موو بساندنی جیاواز بە واتەی مل پەڕاندنی ئەوانی دەگەیاند. بۆیە بە کۆدەنگ رێنماییەکان دەرچوون. هەریەک لەلای خۆیەوە گرینگی بە بوارەکە بدات. بۆ ئەوەی تاکی مێینە زیاتر هانبدرێت و لەگۆشەی ماڵەکانیاندا بێنە دەرەوە. دوای دەرچوونی رێنماییەکان هەر کەسەو چوو بۆ ژووری خۆی و حاڵەتێکی ناسروشتی دروستبوو. ئەم حاڵەتە ناسروشتییەش بووە هەوێنی ئەوەی کە لەژمارەی سبەیدا، رۆژنامەکە پڕ ببێت لە باس و جوانی ئافرەتانەوە. بابەت و ریپۆرتاژەکانیش بەوێنەی ئافرەتانی نمایشکاری پۆشاک و نمایشکاری عەتر و ئەکتەرە کەم ناسراوەکان رازانرابۆوە. (خدرپەپوولە)ش لە گۆشە تایبەتییەکەی خۆیدا، باسی لە رۆڵی ئافرەت لەتەواوی کایەکانی ژیاندا کردبوو. تەنانەت لەکۆتایی نووسینەکەیشدا، باسی چۆنیەتی ئەم فیکرەیەی خۆی و ئەم گرینگی دانەی کردبوو، کە بۆچی گرینگی بە ئافرەتان دەدەن؟ ئەم ئاوڕدانەوەیە بۆچی گرینگە؟ ئافرەتانی شاری (سێبەرەکان) بۆچی هەمیشە گۆشەگیرییان قبووڵە؟



www.mukiryani.com

هەرکە چاوی سووری لە چاوم دەبڕی هەزاران قسەی دیکەی لەناودا بە جێدەماو هەزاران قسەی دیکەیش لەناویاندا دەخوێنرانەوە. بە هێمنی سەرم دادەخست. ئەو بە هەموو شێوەیەک هەوڵی کۆنترۆڵکردنی گوتووێژی چاومی دەدا. لە چاوی ئەودا، من جگە لە سێبەرێک هیچیتر نەبووم.

ڕۆژێک لە ژوورەکەم لەسەر کورسییەکە دانیشتبووم و لەپشت دەرکەوە، گوێم لێ بوو (فەرید سمێڵگەورە) باسی دوو ئافرەتی کرد. دیارە دوای ئاگادارییەکەی ڕۆژنامە بۆ مەبەستی کارکردن پەیوەندییان پێوە کردووە. (فەرید سمێڵگەورە)یش دوای ئەوەی کورتەیەکی لەبارەی (خدرپەپوولە) بۆیان باسکردووەو دواتریش ڕۆژانی سێشەممە و چوار شەممەی بۆ چاوپێکەوتنی جەنابیان داناوە. (خدرپەپوولە) بەبیستنی قسەکانی بەدەم قاقای پێکەنینەوە:

-«فەریدی سەگباب، تۆ دەزانی من چیم دەوێت؟».

+«ئەی چۆن گەورەم، من لەخزمەتتانم».

-«تۆ دەزانی لە ناو دڵی مندا چی شتێک بە خۆشی کۆتایی دێت؟ تۆ دەزانی لە ناو مێشکی مندا چی دەخولێتەوە».

(فەرید سمێڵگەورە) بەدەنگێکی نزم و پڕ شەرمەوە:

+«ببوورە جەنابی سەرۆک، ئەوانەو بگرە کاری زیاتریش بۆ تۆ، وەک ئەوە وایە: قوومێک لە جگەرەکەم بدەم. هەمیشە خزمەتکاری تۆم. هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە تۆ دڵت بە چی خۆش دەبێت».

(خدرپەپوولە) قاتوریباتێکی ئۆتووکراوی ڕەش و قەمیسێکی سپی پۆشیبوو، بەشێوەیەک خۆی ڕازاندبۆوە، دەتگوت: تازە زاوایە. بۆنی عەتری (سمارت)ی لەدوورەوە لێ دەهات. لە تراشەکەیەوە هەستم کرد، بەیانی



www.mukiryani.com

زوو هەستاوەو ماوەیەکی باش خەریکی خۆ ئامادەکردنی خۆی بووە. وەک هەمیشە بەیانیان کاتژمێر هەشت لە رۆژنامەدا ئامادەبووم و ژوورەکەی (خدرپەپوولە)م پاک کردەوە. چایەو قاوەشم بۆی ئامادە دەکرد. ئەو رۆژە بەلامەوە سەیر بوو، کە بەو شێوە خۆرازاندنەوەیە و بەو کاتژمێر هەشت ونیوە هاتۆتە رۆژنامە. ئەوەی زیاتر حەپەساوی کردم، لەناکاو و بە پەلە بەژوور کەوت. هەرکە چووە ژوورەکەیەوە، زەنگی ئاگادارکردنەوەی لێدا. پێم لەسەر جەرگم داناو بە شێوەیەک بیرم لەوە کردەوە، کە خۆم لە بیر بکەم و خۆم لەناوەوە ون بکەم، دواجار خۆم نەناسمەوە! ئەوکات دەرکەکەم کردەوەو بە بەیانی باش سڵاوم لێی کرد، کەچی ئەو بە وشەی (ئەهلەن) وەڵامی دامەوە. خەریکبوو لە رقان بەسەریدا بڕشێمەوە.

-«گەورەم دەزانم ئەم بەیانییە دڵت خۆشە، دڵت وەک بۆنی (سمارت) خۆشە. بەس شێوازی داهێنانی پرچتم هیچ بە دڵ نییە. بەڵام زۆر دڵخۆش دیاری. دڵنیام ئەم بەیانییە قاوە ناخۆیەوەو زیاتر حەز لە چایە خواردنەوە دەکەیت؟».

به تووڕەبوونێک وەرامی دامەوە، کە غەزەب لە قسەکانی فیچقەی دەکرد. بەس ئەوە بەلای منەوە تەنیا شتێکی سادەبوو، چۆن تازە کاری خۆم کردبوو و جەوم تێمدابوو، هەر وەک شێوەی داهێنانی پرچی.

+«تۆ بۆ ئاقڵ نابیت! چایەی چی و تەڕەماشی چی؟ چەندینجار بە تۆم گوتووە، بۆچوونی تۆم بەلاوە گرینگ نییە. تۆ هێشتا لە من تێنەگەیشتووی!».

-«گەورەم ئەوانەی کە خەریکی خوێندنەوەو دونیای ناوەوەی خۆیان بن، هەمیشە بەلای کەسانێکیشەوە هێڕن».



www.mukiryani.com

+«ئەوەی زۆر بخوێنێتەوە، وەک تۆ شێت دەبێت. (فەرید) هەمیشە دەڵێت: (دڵیار) بۆیە ئاوای لێهاتووە کتێبەکانی ئەو (کافکا) ناوە دەخوێنێتەوە».
-«بەڵێ، ئەوە راستە».
+«فەرید چەندجارێک باسی کتێبەکانی ئەو پیاوەشی کردووە بۆم».
-«کام کتێبی؟».
+«هی ئەو پیاوە نەفرەتییە، نازانم خەڵکی کوێیە، پێموابێت لێرە دەژی، یان لەم گوندانەی دەورووبەر شار. بەس ناوەکەی سەیرە! لەناوی ئەکتەر دەچێت: (کافکا)».
-«گەورەم ئەم پیاوە مردووەو خەڵکی ئێرەش نییە. بەس با شتێکی دیکەت پێ بڵێم: گومانی ئەوە دەکەم دوای چەند ساڵێکی دیکە، چەندین پیاوی دیکەی وەک کارەکتەری سەرەکی رۆمانی (بەدگومان) لەم شارە دروست دەبن».
+«هەر وایە، ئەی ئەوە نییە کەسی وەک خۆشی دروستکردووە. ئەو کافکا ناوە رەنگە ئێستا وەک جنۆکەیەک بێت و دەستی لە تۆش وەشاندبێت. هاهاها ... ».

بەم قسانە خراپ لێی پڕبووم، وەلێ دەبێت بە شێوەیەکی دیکە و بەزمانێکی دیکە تێی بگەیەنم، شێت کامەمانین؟ ئەگەر من بڕیارە شێت بم، ئەوە تۆ شارێکت بە سیاسەتی حیزبەکەتانەوە شێت کردووە. بەدەیان و سەدان پیاو و ژنە شێتەکانی سەر شەقام لەبەر ئەشکەنجەدانی پیاوانی ئێوە، بەشێکی ئەقڵیان لە دەست داوە. سەیری (خدرپەپوولە)م کرد، چاوی بە گاڵتەوە لە چاوم بڕیوە، منیش بۆ ئەوەی هەست بەوە نەکات کە بیر لە قسەکانی ئەو دەکەمەوە و قسەکانی کاریگەریی بەسەرمدا دروستکردووە، رێڕەوی



www.mukiryani.com

قسەکانیم گۆڕی بۆ بابەتی کتێبەکە و گوتم:
-«بەس گەورەم بەتەواوی پێت نەگووتم، (فەرید) باسی کام کتێبی کافکای کردووە بۆت؟».
+«بەتەواوی لەبیرم نەماوە، بەس وابزانم باسی کەسێک بوو، کە دەبێتە گیانلەبەرێکی سەیر. ئا بیرم کەوتەوە پشتی ڕەق دەبێت».
-«هیچیتری لەبارەی ئەم کتێبەوە نەگوت؟».
+«ئەو بێ شەرەفە نەوێراوە هەموو کتێبەکە بخوێنێتەوە! ترساوە پشتی ڕەق ببێت».
+« بۆچی ؟».
-«بەهەمەحاڵ، بیبرەوە! چەند حەزت لەو شتە قۆڕانەیە. ئەگەر ئەم دوو ئافرەتە هاتن بەهیچ شێوەیەک هیچ کەسێک بۆی نییە چاوەڕێم بکات. تێگەیشتی؟».
-«بەڵێ تێگەیشتم. ئەی گەورەم چایە ناخۆیتەوە؟».
هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، زانیم ئەو جارە نەک هەر جەوی، بگرە لە مووخیشم داوە. بزەیەکی گاڵتەجاڕانەی هێنا سەرلێوی و یەک دووجار ویستی قسەیەک بکات و نەیکرد، دواتر بە دەنگێکی نزم گوتی:
- «خودایە تۆبە! من چیت پێ دەڵێم و تۆ باسی چی دەکەیت؟».

دەرکەکەم بە ئارامی داخست، لەسەر کورسییەکە جەستەی خۆم جێگیرکرد، کەوتمە بیرکردنەوە. خەریکبوو متمانە بەخۆم بێنم، کە بیرکردنەوەی قووڵ دەرئەنجامی شێتی لێدەکەوێتەوە. ئەوە بیانوویەکی جوان بوو، بۆ ئەوەی زۆرجار ئەوەی مەبەستمەو ئەوەی لەدڵمە، بیلێم و ئەوانیش بەم هۆکارەوە لێم نەگرن. تاکو کاتژمێر دە و پازدە دەقیقە، (خدرپەپوولە)


www.mukiryani.com

وەک ئاو و ئاگر بوو. زیاتر لە چەندین جار هاتەدەرەوە و دەچووەوە ژوورەکەیەوە. ناوە ناوەش سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد. زۆرجاریش کاتژمێری ژوورەکەی من، وەک ئەوەی بڵێی متمانەی بە کاتژمێرەی ژوورەکەی خۆی و کاتژمێرەکەی دەستیشی نەمابێت. کاتژمێر دە و پازدە دەقیقە ئافرەتێکی باڵابەرز و قژ درێژی ڕەشی قەترانی، کە کابۆیەکی شین و قەمیسێکی نیو قۆڵی سپی لەبەردا بوو، بەخۆی و (فەرید سمێڵگەورە) بەژوورکەوتن. فەرید وەک سیاسەتێکی درۆیی خۆی بۆ بەرزکردنی کەسایەتی (خدرپەپوولە) ئاماژەی بەوەدا کە لەوانەیە گەورەمان کۆبوونەوەی هەبێت، دەبێت بزانین هیچ ژوانێکی دیکەی نییە. بۆیە بەمنی گوت، منیش ئەگەر دەڵێم (خدرپەپوولە) بۆ ئەو ژووان ئاگری تێبەربووە، نابێت. چونکە ئەوە بێ سێ و دووی ئەوەی بیری لێناکەمەوە، بەسەرم دێنن. باشترە لەم روانگەوە بێدەنگیی هەڵبژێرم. زۆرجار بێدەنگی باشترین قسەکردنە، ئاخر لە بەردەم گوتنی راستەقینەدا زۆرجار کەسی بگۆ هەمیشە زەرەرمەندی یەکەمە. زۆرجار هەقیقەتبێژی ترۆپکی دۆڕاندنی بوونی کۆی شتەکانە. هەقیقەت لەو شوێنە بوونی راستەقینەی هەیە، کە سێبەرەکان راستەقینە بن. سێبەری کەسێکی دیکە، ناتوانێت هەقیقەتێک دروست بکات. هەقیقەتی (فەرید سمێڵگەورە) بریتییە لە سمێڵەکەی. سمێڵەکەی ڕەمزی شەرەفی ئەوە. کە لەسەر کورسەکە لە تەک فەرید دانیشت، سەیرم کرد (هۆنین) هەر لە تابلۆی هونەرمەندێکی بلیمەت دەچێت. زۆرجار ئەو ئافرەتانەی کە بێ ئەندازە لەبەر دیدەی مندا جوانن، شەرم دەکەم پڕ بە دڵ سەیریان بکەم. بە نەرمی لە دەرکەکەمدا و هەر زوو (خدرپەپوولە) وەرامی دامەوە. وەک ئەوەی چاوەڕێی لەدەرکە دانەکەی من بوو بێت. دەرکەکەم کردەوە و ئەوەم پێی راگەیاند (فەرید



www.mukiryani.com

سمێڵگەورە) ئافرەتێکی بەناوی (هۆنین)ی لەگەڵە و دەیانەوێت بێنە لات.
هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو، بەپەلە چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە، شووشە عەترێکی گەورەی دەرهێناو بەژوورەکەیدا پرژاندی، وەلێ ئەمجارە بۆنی عەترەکە جیاوازتر بوو. دەمویست پێی بڵێم: بۆنی ئەم عەترە لە بۆنی (سمارِت) خۆشترە، وەلێ هەستم کرد کاتەکەی لەبار نییە بۆ ئەو قسەیە.
ئەویش بەئاوێنەیەکی بچووک هەر خەریکی سەیرکردنی خۆی بوو. هەر بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەم قسەیە بکەم. لەناکاو (خدرپەپوولە) سەری بەرز کرد و بینی هەر لە ژوورەکەی ئەوم. دەم و چاوی لە تووڕەبوونیدا شین هەڵگەڕاو بە دەنگێکی نزمی پڕ هەڕەشەوە، گوتی:
+«بەس خۆم دەزانم چیت لێ دەکەم. ئەوە تۆ هەر لێرە ڕاوەستاوی؟ پێیان بڵێ بێنە ژوورەوە».
چاوپێکەوتنەکەی (هۆنین) و (خدرپەپوولە) تەنیا سیناریۆیەکی بۆگەنی (فەرید سمێڵگەورە) بوو. (فەرید سمێڵگەورە) بەزمانێکی بێ گرێ و نەرم باسی (هۆنین)ی بۆ (خدرپەپوولە) کرد. لەناو قسەکانی فەریددا تەنیا جارێکیش (خدرپەپوولە) پرسیاری نەکرد. فەرید دواتر باسی ئافرەتەکەی تری کرد، گوایە ماڵەوەیان ڕێگربوونە لەبەردەم کارکردنی لە ڕۆژنامەدا.
دوای تەواوکردنی قسەکانی لەبارەی (هۆنین)ەوە، ئەوسا دەستی کرد بە قسەی فوودراو لەبارەی (خدرپەپوولە)وە. بەزمانێکی پڕ ستایش و نزیک لە هەستی شاعیرانە، کەوتە بەرزکردنی کەسایەتی (خدرپەپوولە).
وشەکانی لەدەمدا، وەک تۆنترەقە لە دەمی (فەرید سمێڵگەورە)دا زەرمەی دەهات. ئەمە دەروازەیەکی باشبوو بۆ (خدرپەپوولە). وەک بڵێی چاوەڕێی ئەوە بکات، تاکو چەند پرسیارێک لە (هۆنین) بکات:
+«ئایا حەز لەکاری هونەری دەکەیت؟»



www.mukiryani.com

- «بەڵێ».
+«ئەی حەزت لە دەنگی کام هونەرمەندە؟»
- «هیچیان! ماوەیەکی زۆرە گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی ناگرم، ئەوەش لەبەر سەفەرکردنی کەسێکی ئازیزم».
+ «پێم خۆشە لەبارەی هونەر و هونەرمەند و گۆرانییەوە، هاوبەشین. دڵنیام زۆر شتی هاوبەش هەن لە یەکترمان نزیک دەکەنەوە. بۆ نموونە: هەر دووکمان حەز لە گوێگرتن لە گۆرانی ناکەین».
-«ئەی لەناو تەواوی ڕەنگەکاندا، حەز لەچی ڕەنگێک دەکەی؟»
+«سپی».
-«رێک وەک من. لەم بەریەککەوتنە جوانانە. دڵنیابووم لە وەرامەکەت، بەس گوتم: با هەر بپرسم. ئەی ئەو پیاوانەی کە کاریان لەگەڵدا دەکەیت، حەز دەکەیت چی جۆرە سیفەتێکیان تێدا هەبێت؟».
-«وەفاداری و دڵنەرمی بەرانبەر بە کەسانی جوان».
-«رێک وەکو من، بەرانبەر بە ئافرەتی جوان. ئەم بەریەککەوتنە جوانانە، ناکرێت بە بێ هۆکار بن!».

هەستم دەکرد، یەک کەس قسە دەکات و یەک بۆچوون و یەک دیدگە و یەک شێوە بیرکردنەوەی هەیە. قسەکانی (خدرپەپوولە) لە ئاوێنەی حەزەکانی (هۆنین) ەوە، دەبینران. پیاوێک بە چاوی لەززەت و جەستەوە سەیری ئافرەتی تازە دیدە بکات، وشەی نەخێر و نا و نازانم و نابێت، لەم کاتانەدا لە فەرهەنگی ئەودا بوونیان نییەو نامێنێت. بۆ رێککەوتنی کاریش بەهەمان شێوە. بۆیە رێککەوتنی کارەکانی (هۆنین) یش دەبوایە تەنیا لەرێگەی (خدرپەپوولە)وە بێت و ئەو خۆی رایبسپێرێت. (هۆنین) ناوە ناوە دەیویست باسی موچەی مانگەنانەی خۆی بکات،


www.mukiryani.com

هەر زوو (خدرپەپوولە) باسەکەی دەبردە لایەکی دیکەوە. سەرەتاوە پێی ڕاگەیاندبوو، کە لەبارەی پارەوەش هیچ کاتێک کێشە دروست نابێت، ئەگەر لە مەرج و فەرمانەکان دەربچێت.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# گوتوویژ لەگەڵ خوێنەری تارمایی

کاتێک لەسەر مێزە بچووکەکەم خەریکی نووسین بووم، کەوتبوومە حاڵەتێکی رۆحی قووڵ. لەم کاتەدا تەنیا دەنگی چرکە چرکی کاتژمێر و ترپە ترپی دڵم دەهاتن، کەشێکی سامناک باڵی بەسەر ژوورەکەمدا کێشابوو. ناوەناوە دەنگی کاغەزەکە ترسێکی سەیری دروست دەکردو کەشی بێدەنگییەکەی تێکدەدا.

ئێستا خەریکی ئەم نووسینەم. لە ژوورەکەمدا هەست بە تارماییەک دەکەم، تارماییەک کە بەسەر هەموو شتێکەوە دەبینرێت. بەڕاستی ترسێکیشی هەیە، ترسێک کە رەنگە تەنیا ئەم حاڵەتەی کە تارماییەکەی دەکەوێتە سەر تەواوی کەلوپەلەکانی ژوورەکەوە، ئەوکاتە بە تەواوەتی هەست بەم دۆخی ترسکردنە بکەین. چونکە لە ژوورێکی تەنیادا خەریکی نووسین بێت و تێکەڵی ناو دەروونت بیت و لە ناکاوڕا دەنگێک یەک بە ژوورەکەدا دەنگ بداتەوە.

+«شەو باش ش ش».

لەبەر بێدەنگیی ژوورەکە، دەنگی کەسە نادیارەکە دەنگی دایەوە. ئەوەیش بەس بوو بۆ ئەوەی رۆحم وەک زەنگوڵی لێ بێت و دڵم خێرایی لێدانی زیاد بکات. ترس هەتا سەری کەپووم هاتبوو.



www.mukiryani.com

-«زۆر دەترسم تۆ کێی؟ تەنیا دەنگت هەیە و تارماییەکەت بەسەر کەل و پەلی ژوورەکەمدا دەبینم و خۆت نابینم».
+«ها ها ها... تۆ کاتت پێویستە لە تارمایی من و شاری (سێبەرەکان) بگەیت!».
-«پێم بڵێ، تۆ کێیت؟».
+«من ناوم: (خوێنەری تارمایی)یە. خوێنەرێکم و خەریکی خوێندنەوەی هەموو شتە نامۆیەکانم. تەنانەت نامەکەشتتم خوێندتەوە».
-«تۆ چۆن خوێندووتەوە. لەوکاتەی لە رۆژنامە بڵاوبۆتەوە».
+ «بەڵێ لەهەینێوە».
-«دەترسم تۆ سیحرباز بیت!».
-«نا نا نەخێر. من سیحرباز نیم و رقیشم لەوەیە».
بەترسەوە خۆم بە سووچی ژوورەکەوە نووساندو چیتر نەوێرام قسە بکەم. وەلێ ئەو بێدەنگییەکەی شکاندو درێژەی دا بە قسەکردن. منیش لە سووچی ژوورەکەوە خێرایی دڵم هێندە زۆر بوو، دەترسام دڵم لە سنگم بێتە دەرەوە.
+«تۆ لە تەنیاییدا پێویستت بە کەسێکە زۆرجار قسەی لەگەڵ بکەیت، پێموابێت منیش شایستەترین کەسم. دواتر منیش وەک تۆ هەر بەتەنیام و کاتی خۆی منیان لەناو کتێبێک ناوەو فڕیانداوەمە. دوای فڕێدانەکەش بارانێکی بە خوڕ باریوە».
-«من لە تەنیاییدا لەززەت وەردەگرم و حەزم لە تەنیاییە. خۆشحاڵم بە ناسینی تۆ، وەلێ من تۆ نابینم و زۆریش لێت دەترسم».
+«بڵێم لە چی؟ لە دونیا و لە مەرگ و لە نووسین ! تۆ هەر دەترسی؟».
-«ئەوانە هەریەکەو ترسی تایبەت بە خۆیانی دەوێت. وەلێ ترسێک


www.mukiryani.com

لەبوونمدا هەبێت، ترسانە لە خودی نووسین. تەواوی ترسەکانیش لە نووسینەوە سەرچاوە دەگرن. نووسین وام لێدەکات، لە تۆی ونیش بترسم و سڵ لە دونیایش بکەمەوەو زەندەقیشم لەمەرگ بچێت. نووسین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وام لێدەکات زیاتر لە مەرگ بترسم».

+«دەمەوێت بزانم، تۆ بۆچی نووسین وەها بەتووندی دەگریت؟ ئەوەی بزانم جاران نووسین بۆ شتی دیکە بوو. ئیتر نووسین وەها بە تووندی مەگرە، ئەگینا دەروونت بە نەخۆشییەکانەوە بۆگەنی دەبێت؟».

« من تەواو هەست بەم دۆخەی خۆم دەکەم، بۆیەش وەک سێبەرێکی شل، پێویستم بەوەیە نووسین توونڤ بگرم».

+«ئەی دەبێت سەرنووسیار، (خدرپەپوولە) چی بەتوندی بگرێت؟ هاهاها... ! لە بیرم چوو تۆ لە (خدرپەپوولە) دەترسی! هاهاها... ئایا تا چەند ڕاست دەکەم؟».

لێرەدا هەستم دەکرد، (خوێنەری تارمایی) شتەکان پەرتەوازە دەکات. منیش دەمزانی کە پەرتەوازەیی واتە ڕۆح خستنە بەردەم کڵپە تیژەکانی ئەو مەرگە دەستکردانە. ئەو مەرگانەی پیاوانی سێبەرپەرست بە ویستی خۆیان دروستیان کردووە. ئێستایش کەوتوومەتە ناو باخچەیەکی پڕ لە شێری برسی و پێویستە بە ئاقڵی مامەڵە بکەم، بە ئاقڵی بیر بکەمەوە، بە ئاقڵی بژیم، بە ئاقڵی خۆم بگرمەوە، بە ئاقڵی ڕابکەم و خۆم ڕزگار بکەم، بە ئاقڵی خۆم شێت بکەم، بە ئاقڵی شێتییمەوە قسە بکەم. هەر بەدەم ئەم شتانەوە بیرم لە دوا پرسیاری (خوێنەری تارمایی) دەکردەوە، کە پرسیارەکەی هەڵگری فەلسەفەو مەعریفەیەکی قووڵ بوو.

+«ئایا قەت بیرت لەوە کردۆتەوە، کە ژیانی نووسیارگەلێک بەندە بەو شتانەی دەیاننووسن؟ ئایا تۆش چی شتێکت بەندە بەخودی نووسینەوە،



www.mukiryani.com

بە تایبەت ئەو نووسینەت؟».
-«تۆ پرسیاری گەورە دەکەیت! بەهەمەحاڵ، دەشێت زۆر شتم بەند بێت بە نووسینەوە. پێموایە مێشکی ئادەمیزاد چەشنی هەویرە، هەر چەند بشێلدرێت نەرم و جوانتر خۆی دەنوێنێت، ئەو کاتانەی لێشی بگەڕێین هێدی هێدی ڕەق دەبێت. مێشک هەرچەند کاری پێبکرێت کاراتر دەبێت، تەنانەت پەنجەرەی جوانتر لەم باڵەخانەیەدا دروست دەبێت، کە لێشی گەڕێین بەرەو بەجێمان و قەتیسبوون دەچێت. بوون بە نووسیاربوونی جواننووسیش وەهایە، پێویستی بە شێلانی مێشک هەیە، بەهێزی کردەی تێهزرینی قووڵ، هێزی کردەی خۆخوێندنەوە، خوێندنەوە، سەفەر بەتەواوی ماناکانییەوە».
+«تەنانەت مەرگیشت».
-«نازانم ! بەڕاستی نازانم چۆن وەرامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە».
+«چۆن نازانیت!».
-«نەزانین زۆرجار ترۆپکی زانین نیشاندەدات. دەشێت ئەمەیش وەرامێکی باش بێت بۆ پرسیارەکەت».
+«بەنەزانین و زانین شتێکم بیرکەوتەوە. تۆ ئەوەی ئێستا دەینووسی و منیشت خستۆتە ناویەوە، ناترسی لەوەی رەخنەگرێگ رەخنەی توندت لێبگرێ و وەک قەساب بکەوێتە کەوڵکردنی جەستەی نووسینەکەتەوە؟»
-«دیسان قسەکانت تێکەڵ و پێکەڵ کردەوە! ڕەخنەگر و ڕەخنەی توند لەکوێ و قەساب و کەوڵکردنی جەستەی نووسین لەکوێ؟ ئەمانە زۆر زۆر لە یەکەوە دوورن. دوو ئاڕاستەی هزری جیاوازن. وازبهێنە با خەریکی نووسینی خۆم بم و کەمێکیش زوو بنووم. تۆ کاتی زۆرم لێدەگری بەپرسیارکردنی گێلانە. تۆ یان دەتەوێت بەهۆی ئەم پرسیارە گێلانەتەوە



www.mukiryani.com

خۆت ئاقڵ بکەیت، یان دەتەوێت من نەخۆشتر بکەیت؟».
کەمێک بێدەنگی و کەمێکیش ترس. (خوێنەری تارمایی) لەبەر خۆیەوە ورتە ورتی بوو و ئەوەی دەگووتەوە کە هەقی ئەوەی هەیە ئەو جۆرە پرسیارانەیش بکات. لەبەر دوو هۆکار.
یەکەمیان: تازە ئەوەم خستۆتە ناو نووسینەکەوە.
دووەمیشیان: من ئەوەم بە هاوڕێ و خوێنەر قبووڵکردووە.
ئەم دووخاڵەش بەس نەبوون بۆ ئەوەی بێزاری خۆم لەبارەی ئەو هەمووپرسیاکردنە دەرنەبڕم. کەچی ئەو ژیرانە وەرامی دامەوەو گوتی:
+«ژیان خۆی پرسیارێکی گێلانەیە، کەواتە بۆچی پرسیار نەکەم ؟».
-«تۆ واز ناهێنی. پرسیار لەو شوێنە بکەوە ،کە لێیەوەی ڕاوەستابووین ؟».
+«بوەستە! کەمێک بیربکەمەوە... بیرم کەوتەوە. باسی ڕەخنەگرەکەم دەکرد، ئایا تۆ لە ڕەخنەکانی ناترسی ؟»
-«کام ڕەخنەگر ؟»
+«مەبەستم (حەمە شووشەیی)یە. ڕەخنەگری گەورەی دونیا بەگشتی و شاری (سێبەرەکان) بەتایبەتی. پێم بڵێ، ئێستا تێگەیشتی لەبارەی ڕەخنەگر و قەسابەوە ؟»
-«هەرچەندە (حەمە شووشەیی)یەکان زۆرن، وەلێ ئەو (حەمە شووشەیی) یەی تۆ باسی دەکەیت، تەنیا ڕەخنە لەوانە دەگرێت، کە نووسینەکانیان ناچنە ژێر ڕکێفی ئایدیۆلۆژیای فیکری نووسینی ئەو و ئایدیۆلۆژیای فیکری حیزبەکەیەوە. یانیش ئەوانەی جیاواز لە فیکر ئەو بیر دەکەنەوە. جیاواز بیرکردنەوە. واتە: ریسواکردنی ئایینەکەیان. واتە تەقەکردن لەخوداکانیان. چووزانم تۆ دەتەوێت قسەی وەک گوونیەیەکی پڕ خۆم بڕێژم».
+«لەو قسانەت و لەو شێوازەت دەترسم. چواردەورمان پڕە لە تروسکەی چاوی زەق و چاوی پڕ هەڕەشە، پڕە لە کەرتە سێبەری تۆقێنەر. داپیرێکی



www.mukiryani.com

سەر سپیم هەبوو، کاتی گرانییە گەورەکە، واتە سەرەتای دەستپێکی سێبەربوون. ئەو داپیرەیەم لەکاتی شەڕی نێوان دوو کەرتە سێبەر بۆ چوون بەناویەکدا و بوون بە یەک سێبەر، لەبەر دەرکە گوللەی سێبەرێک بەر سکی کەوت و شەهید بوو. ئەو بۆی گێڕامەوەو تەواو قەناعەتی پێ هێنابووم، کە دیوارەکانیش بەگوێین و گوێیان هەیە. دەیگوت: گوێی دیوار سێبەرەکەیەتی! ئەگەر دیوار گوێی هەبێت، گومانی ئەم دەمێکە لەلا دروستبووە دیوار چاویشی هەیە. لەئێستایشەوە بەرلەوەی خۆر هەڵبێت، خۆم لە نێو ونبووندا دەشارمەوە. زۆر حەزم لە خەوەو لەناو ئەویشدا زۆرجار دەنووم».



www.mukiryani.com

# سێکس و نووسین

ئەو شەوانەی دەمنووسی، نەمدەزانی ئەزموونی نووسین چییە؟ هەرگیز بیریشم لە ئەزموونی ئەو نووسیارانە نەدەکردەوە، کە خوێندبوونمەوە. تەنانەت نەمدەزانی ئەزموونی نووسینیشم لە چییەوە دەستپێدەکات و لەچییەوەش کۆتایی پێدێت؟ بۆیە لەسەرەتاوە گرێنتی وردو درشتی رووداوەکانم بەخوێنەران نەدا. باوکم گوتەنی: من نازانم لە بنی کوودی هیچ شتێک بدەم.

ددانپیادەنێم نازانم ئەزموون چییە؟ وەلێ شەوان لەگۆشەی ژووری ژمارە چلوپێنجی ئەو باڵەخانەیە بە تەنیام. هەمیشە خەریکی بەستنەوەی پەیوەندی نێوان پەیڤ و خەیاڵم. بڕوام وایە پەیڤەکانی ناو ئەم نووسینە، بەبێ بارگاویبوونی خەیاڵ هیچ بەهایەکیان نابێت، تەنانەت مانایەکیش بەدەستەوە نادەن. بڕوام وایە، ئەگەر کۆمەڵە پەیڤێک بەبێ مەبەست لەدوایی یەکەوە ڕیز بکرێن، هیچ مانایەک بە (خوێنەری تارمایی)ش نادەن. وەلێ کە بارگاوییکران بەخەیاڵ و ئەو وێنانەی لە زەینی نووسیارەکەدا هەن، مانایەک لەلای (کەسی وەرگر) جێدەهێڵێن. ئێستایش کە دەنووسم، قەت بیر لە وەسفی رووتی تاکە پەیڤی ناکەمەوە. ڕستە وەک شەمەندەفەرێک بەگڕ دەخەم، تاکوو ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی بگرێت. شەوان هەر



www.mukiryani.com

خەریکی پەیڤ و خەیاڵم. بەڵگەم بۆ ئەم قسانە ئەوەیە: زۆربەی شەوان لە ژووره بچووکەکەمدا کە هەمان ژووری نووستن و دانیشتنیشمە، چاو دەخەمە سەر کتێب و دەست دەخەمە سەر ملی پەیڤەکان، تاکو درەنگانی شەو سێکس لەگەڵ خەیاڵەکانمدا دەکەم. دەگەڕێمەوە بۆ هەمان خەیاڵی هەرزەکاییم، دەچمەوە لای ئەستێرەکچ. ئێستا تەواو دەرکم بەوە کردووە، کە کتێب و سێکس پەیوەندییەکی بەهێز لەیەکتریان کۆ دەکاتەوە. پێموایە کردەی نووسین و کردەی سێکسی لە زۆر روانگەوە لەیەک دەچن. وەکچۆن لەم کردەیەدا ناتوانرێت نووسین بە کات و زەمەن و رۆژگار و تەمەنێکەوە ببەسترێتەوە، وەها و بگرە زیاتریش کردەی سێکسی، نەکاتی دیارە، نە رۆژگار. زەمەنەکانیش رەتدەکاتەوەو تەمەنیش بە پێوەری خۆی نابینێت. وەکچۆن گڕێک لەناوەوەدا بڵێسە دەکات بۆ نووسین، وەهایش ئاگرێکی بەتین بڵێسە دەکات بۆ کردەی سێکسی. وەکچۆن کردەی نووسین وەرزشێکیشە، کردەی سێکسیش وەرزشێکە. وەرزشی کردەی نووسین، وەرزشێکی هزرییە، وەلێ وەرزشی کردەی سێکسی جەستەیشە. وەکچۆن کردەی نووسین بۆ بەرەو پێشەوەچوون و گەیشتن بە ترۆپک پێویستی بە (تەکان) هەیە، وەهاو بگرە زیاتریش کردەی سێکسی بۆ گەیشتن بە ترۆپکی توانەوەو دامرکاندنەوەی بڵێسەی ئەو ئاگرە، پێویستی بە (تەکان) هەیە.

(تەکان) رۆڵی کارا دەبینێت لە هەردووک کردەکەدا. لە کردەی نووسیندا پێویستمان بە کەسی بەرانبەرە — کەسی بەرانبەر وەک خوێنەر- بۆ ئەوەی کردەی نووسینەکە تەواو بێت، وەهایش لە کردەی سێکسیدا پێویستمان بە کەسی بەرانبەر — کەسی بەرامبەر وەک رەگەزی جیاواز-هەیە بۆ ئەوەی کردەکە تەواو بێت. نە کردەی نووسین بە بێ خوێنەر مانایەکی



www.mukiryani.com

هەیە، نەکردەی سێکسی بە بێ رەگەزی بەرانبەر واتایەکی هەیە. دەشێت (خۆخاڵی کردەوە) هەبێت، وەلێ ئەو (خۆخاڵی کردنەوە) ناچێتە ناو پرۆسەی کردەکانەوە. بۆ گەیشتن بە کردەی سێکسیدا و گەیشتن بە عەشق ئەو کردەیە، پێویستمان بە قوربانی و شەونغونی و ماندووبوون هەیە، لەبەرانبەردا لە کردەی نووسینیشدا، بۆ گەیشتن بە کردەی راستەقینەی نووسین و ئەو عەشقە قووڵە، پێویستمان بە شەونغوونی و قوربانی و ماندووبوون هەیە. ئەو سێکسەی بە بێ بوونی عەشقێکی قووڵ ئەنجامدەدرێت، وەک مەرەگەیەکی بێ خوێیە. ئەو نووسینەی بە بێ بوونی هزرێکی قووڵە دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە، وەک نانێکی بێ خوێیە. ئەو عەشقەی لە نووسیندا هەیە، هەرچەند شەونغونی و قوربانی و ماندووبوونی تێدا بێت، ئەوەندە ئاسۆکانی کردەکە روونتر و گەشتر دەبن. عەشقی بێ قوربانی وەک جەستەی بێ رۆح وەهایە. عەشقی بێ شەونغوونی وەک کەلوپەلی بێ کەڵک وەهایە. ئەو عەشقەی بە بێ ماندووبوون بەدەستی دەهێنیت، عەشقێکی بێ لەززەتەو وەک کردەی (خۆخاڵی کردەنەوە)یە.

هەڵبەت دوای ئەوەی یەکەمجار لەگەڵ (ماریا)دا بە یەکەوە لەسەر جێگە پاڵکەوتین، حاڵەتێکی سەیر داگیری کردم، وەک ئەو حاڵەتە تایبەتییانەی ناو فەزای کتێبی جوان، ئەو حاڵە هەستیارییانەی ناو نووسین، وەها پەلکێشبووم. ئەوکاتە بوو، کە هیچ کەسێکمان لەماڵ نەبوو، باوکم وەک هەمیشە چووبووە دەرەوەو لەو گازینۆ بۆ ئەو گازینۆ، لەو باڕ بۆ ئەو باڕ دەچوو. دایکیشم چوو بووە ماڵآ (پووره مریەم). (ماریا)یش کە زانیبووی دایکم لەماڵی ئەوانە، بە بیانووی سەردانی کردن بۆ لای دەستە خوشکێکی هاتە ماڵمان. من و (ماریا) لەسەروەختی خوێندنمدا هاوپۆل بووین، هەر زوو کەوتینە ناو دڵی یەکترییەوەو یەکترمان خۆشویست، تەنانەت رێزمان لە بیروڕای یەکتریش دەگرت. کە خۆی کرد بە ژوورەکەمدا، دەرکەی



www.mukiryani.com

دەرەوەودەرکەی ژوورەکەشمان داخست. (ماریا) بە پەلە کەوتە لەبەر کردنی جلەکانی من و منیش بە پەلەتر کەوتمە لەبەرکردنەوە جلەکانی ئەو، مایۆکەی زۆر سەرنجی راکێشام، مایۆیەکی پەمەیی ناسک و دلّبەری لە پێ دابوو. خۆی بەسەر سیسەمەکەوە چەماندەوە و هەر دووک ناو لەپی دەستی خستە سەر بالیفەکە. پەردەکانمان دادابۆوە، هەتا رادەی مەستی ڤۆدگام خواردبۆوە. ئەوە یەکەمجار بوو بەو شێوەیە تێکەڵی یەکتری ببین. دوای ئەوەی (تۆ)وەکەم بە کلێنکس سڕییەوە، هەردووکمان هەستمان بە شەرم و پەشیمانی و تاوان کرد، وەلێ (ماریا) زیاتر هەستی بەوانە دەکرد.



www.mukiryani.com

# جیهانێکی بچووک لە ژوورەکەم

ئیش خەریکە سەرم بخوات و ئێستایش خەریکی پردێکم لە نێوان پەیڤ و خەیاڵ. ئەگەر بلوێت لە ئێستاو ڕابردوو و داهاتووشدا، کەمە ئەزموونێکی نووسینم بەیەکەوە نا، تەنیا لەو خاڵەوە بمخوێننەوە کە بەخەیاڵەکانمەوە خەریکی پەیڤی دیکە و بەچاوی بیرکردنەوە پەیڤی دیکە دەبینم. پەیڤی بوێر، هێزی بەردەوامی زیاترم پێ دەبەخشێت. هەر یەیڤە خەیاڵەم بۆ دەچنێت. تەنانەت چینەکانی سەر ڕۆحیشم لادەبات و زیاتر لە ڕۆحی خۆم و رۆحی ئەو نووسینەیش نزیکترم دەکاتەوە.
ئەمشەو خەیاڵێکی سەیری نووسین مەستی کردووم، دوای نووسینی دەستپێکی ئەم بەشەش، بەدەم خواردنەوەی چارەێگێک ڤۆدگا. لەو کاتەدا خەیاڵێکی سەیری ناو دونیای نووسین، مەستی کردبووم. بەدەم ئەم خەیاڵەوە مەستی دایگرتم و لەبەر خۆمەوە، ورتە ورتم بوو لەبارەی قۆڕی نووسین. ئەگەر جیهانی کتێب و نووسین نەبوایە، چیمدەکرد، لە نێو ئەو هەموو پیاوە سێبەرانەدا؟ چیم دەکرد لەناو ئەو هەموو پیاوە دڵئاسنانەدا؟ لەو کاتەی دەمویست چەند ڕستەیەکی دیکە بنووسم، کارەبا بڕا - کوژایەوە-. سەیرە هەر جارێک کە دەمەوێت بە سەرخۆشی بنووسم کارەبا دەبڕێت! ناچار بیرم لە رووناکی کردەوە. مرۆڤەکان ئەو کاتانەی بیر لە بەهای ئەو



www.mukiryani.com

شتانە دەکەنەوە، کە لە دەستی دەدەن. تاکو ژوورەکەم تاریک دانەهات قەدری رووناکیم نەدەزانی. هەمیشە هەستی بێزاربوون پڕتری دەکردم لە نووسین، وەلێ ژیان بەبێ ڕووناکی وەک تەختە ڕەشی بێ تەباشیر وایە، تەنانەت زۆرجاریش نووسین بەبێ بڵاوبوونەوە، هیچ نرخێکی نابێت. ئیتر ئێستا من لەگەڵ هەموو بارودۆخەکانی شاری (سێبەرەکان)دا ژیان بەسەر دەبەم، لەگەڵ هەموو هەڵسوکەوتی (خدرپەپوولە)، لەگەڵ سیستەمی کارکردن، لەگەڵ سیاسەتی حیزبی قەسابەکان، تەرمی خۆم بەناو شەقامە بۆگەنەکانیاندا بە دوای خۆمدا رادەکێشم.

کەس نەبوو ناوی (خدرپەپوولە)ی نەبیستبێت. ناوی (خدرپەپوولە)و شاری (سێبەرەکان) وەک بکەر و فرمانی نێو رستەیەک بوون. هەرکە لەوانە زیاتر تێگەیشتم کە ئەو پیاوە هێندە سامناکە، تەنانەت منداڵە هارو هاجەکانیشی پێ دەترسێنن.

کوڕێکی ڕەقەڵەی باریک و درێژ لە رۆژنامە کاری دەکرد، هێندە ترسنۆک بوو بە دەنگی بەرزی (خدرپەپوولە) زراوی وەک زەنگوڵی بەرانی پێش مێگەل دەهاتوو و دەچوو. من ناوم نابوو: (شەونامەنووس). هەمیشە بە بیستنی ناوەکەی خۆی پێدەکەنی. هێندە پێدەکەنی، کە من رقم لە خۆشم دەبۆوە، چۆن ئەو ناوەم لێی ناوە. (شەونامەنووس) هەمیشە لەکاتی دەرچووی (خدرپەپوولە) دەهاتە لای من و دەستمان دەکرد بە گفتوگۆ. ژووری سکرتێریی زیاتر لە نووسینگەیەکی تایبەتی (خدرپەپوولە) دەچوو، نەوەک ژووری پێش سەرنووسیار. بۆیە تەنیا ئەو کەسانە دەهاتن، کە تایبەتبوون بەلای (خدرپەپوولە)وە. ئەوەش بۆ من زۆر باشبوو. چونکە لە چاوی خەڵکی تا ڕادەیەکی زۆر دوور کەوتبوومەوە، ئەوانەی دەهاتن خەڵکی تایبەت بوون. (شەونامەنووس)یشم بۆیە بانگ دەکرد، چونکە



www.mukiryani.com

زۆری لەبارەی (خدرپەپوولە)وە دەزانی. ئەو هێندە لەبارەی ئەوانەوە دەیزانی، باوەڕ ناکەم راوێژکارەکانی حیزبیش هێندەی (شەونامەنووس) لەبارەیەوە بزانن. شتێکی دیکە، کە هەمیشە باسی دەکردو منیش جارجارە درۆی وەهام بۆی دەکرد، کە ئەو لە خۆشییان دیقی دەکرد. ئەو یەکێک بوو لەو گێلانەی بە ناوی دروستکراوی خۆیشی پێدەکەنی و شین و مۆر دەبۆوە. باسی ژنێکی بۆم دەکرد کە کاتی خۆی لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا، لەسەر وەختی چوونەوەی بۆ ماڵەوە، ژنێک بە بیانووی هاوکاریکردنی ئەوەی کە فەڕشە شۆردراوەکەی لەگەڵ بەرێتە سەربان، دەیباتە ماڵەوە. ژنەکە دوای سێکسکردن لە (شەونامەنووس) دەکات و پێی دەڵێت کە: ماوەیەکی زۆرە چاودێری دەکات و لە هەلێکی وەها گەڕاوەو نەخشەی بۆ هەموو شتەکانیش داڕێشتووە. لەگەڵ تەواوبوونی ئەم چیرۆکەی جگەرەیەکی دادەگیرساند و ئاهێکی لە قووڵایی ناخەوە هەڵدەکێشا. هەستم دەکرد بەشێکی دووکەڵی جگەرەکە، سوتانی ناخی بێت. ئەو تەنیا هەر ئەو جارە سێکسی کردبوو، تەنانەت تەمەنی لە سەرووی بیست و شەش ساڵیش بوو. منیش ئەو رۆژە لە دوای هەمیسان گێڕانەوەی چیرۆکەکە، پێمدەگوت:

-«دیقم کرد بەدەست ئەم چیرۆکەتەوە، کورە هەی خوای ئەو ژنە بتگرێت، هێندە ئەم چیرۆکەت بۆم گێڕاوەتەوە، بڕوا بکە ئێستا بیگێڕمەوە لەتۆی جوانتر دەگێڕمەوە».



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# ناوێکی فووردراو

بەیانییەکی زوو کە سەمای راستەقینەی سێبەرەکان زیاتر بەدیار دەکەوتن. بەیانییەکە بۆ شاری (سێبەرەکان) هێشتا زۆر زوو بوو، شاری (سێبەرەکان) لە خەو هەڵنەستابوون. لە ژمارەی ئەو رۆژەی رۆژنامەی (جوانناس)دا، ئەو شاعیرەی دیوەخانی ماڵەکەی پڕ پڕ لەشانازی و خەڵاتەکانە، ئێواران لەگەڵ ریزلێنانەکان دەیانخواردەوە. ئەو شاعیرەی ناوی وەک دەبدەبەی بچووکی منداڵان، هێندە لە قەبارەی خۆی گەورەتر کرابوو، لەبینیندا لە دەبدەبەیەکی گەورەی دەکردو خۆی دەنواند. ئەوان ناوی فوودراو بوون. ئەو شاعیرەی نازناوەکەی وەک دەبدەبە بە ئاسمانی ئەو شارە نەفرەتییەدا دەخولایەوە و لەبەر سێبەرە رەنگاو رەنگەکانیش هیچ منداڵێکی ئاقڵ نەیدەتوانی بەتەواوی دەبدەبەکە ببینێت و بە دارلاستیقەکانی دەستیان، بە بەردێک کۆتایی بە ناو و نازناوەکەی بهێنێت. (فەرید سمێڵگەورە). ئەم شیعرەی وەک دواین کاری خۆی بڵاوکردەوە. بە تەواوی هەستی بەوە دەکرد، کە شاعیرێکی قۆرەو زۆرجار بەهۆی قۆڕ نووسینی شیعرەکانییەوە، بێئاگا لەوەی گوزارشت لە هەقیقەتێک دەکات. تەنانەت خۆشی نازانی ئەو هەقیقەتە چییە؟ ئەو هەوڵی دۆزینەوەی ئەو هەقیقەتانەشی نەدەدا، بۆیە تەواوی کەسەکان لە شاری (سێبەرەکان)



www.mukiryani.com

دا هەوڵی دۆزینەوەی هەقیقەتیان نەدەداو دواجاریش دەبوون بەسێبەر! سێبەرەکانیش هەر زوو بۆگەنی دەبوون. مرۆڤەکانی ئەو شارە خاوەن سێبەرن. هیچ سێبەرێکیش نەبوو خاوەن مرۆڤێک یان کۆمەڵە مرۆڤێک نەبێت، لەو شارە نەفرەتییەدا. ئەو سێبەرانە لە کاتی شەو و تەنانەت لە بن جێگەی خەوتنیشدا هەر بەدوای مرۆڤەکانەوە بوون. تاکو رۆژگار بەردەوام بوایە رێژەی سێبەرەکان لە هەڵکشاندابوون. هی وەها هەبوو، سێبەری زۆر لە خۆی گەورەتر بوو! سێبەرەکان لە دوورەوە لەدواوەی مرۆڤەکانەوە دیاربوون. هەر کەسە و خاوەن سێبەری خۆی بوو، سێبەر هەبوو رەنگی رەشێکی قەترانی بوو. سێبەر هەبوو، سوورێکی هێندە تۆخ وەک خوێن سوور بوو. سێبەر هەبوو زەرد، وەک زەردێنەی هێلکە زەرد بوو. سێبەر هەبوو سەوز، سەوز وەک گژوگیای تازەی بەهاران بوو. تەنانەت تیایاندا هەبوو هەموو رەنگەکانی لە خۆیدا کۆکردبۆوە بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش بەسەر بەرێت. ئەو شاعیرەیش کاتێک شەوان لە یانەی (حیزب) دەیخواردەوە، گوێی وەک بەرماڵی نوێژکردن ڕادەخست، هەر کەسێک قسەیەکی جوانی بکردایەو کەمێک بۆنی شیعری لێ هاتبوایە، ئەو یەکڕاست دەینووسییەوە. ئەگەر یەکێک قسەیەکی لەلا بکردبوایەو بەلای ئەمەوە جوان بایە، لەسەر دەفتەرە بچکۆڵەکەی باغەڵی دەینووسییەوە. ئیتر شەوی پێنجشەمموان، شەوی شیعری ئەو بوو. ئێستا نە بە بیری دێتەوە کە ئەمشەوە لەگەڵ کێدا دانیشتووە، نە دەزانێت ئەم قسەیەی کە بۆنی شیعری داوە، کێ گوتوویەتی؟
لە شاری (سێبەرەکان)دا هەمیشە سێبەرەکان زیاتر دەبوون، قسەو باسیش درێژەی زیاتر دەدات بە باسەکان و چیرۆکەکان. ئاخر دەمی خەڵک کونێک نییە، یەک تۆپە قوڕی لێبدەین. چیرۆکەکانیش هەمیشە لە دەمەوە



www.mukiryani.com

بۆ دەم دەگوازرانەوەو هەر ئەمەش وای کردووە، چیرۆکەکانی دونیایش ون نەبن. ئەگەر ئەم چیرۆکانە بە زیاد پێوەنانەوەش بن، تاوانەکە هەر ئەوەیە، کە هەقیقەتی گێڕانەوەی چیرۆکان وەهان. تەنیا ئەو شتانەی بوونیان نییە، تەنیا ئەو شتە دەشێت تاوانی هەبێت و تاوانێک بکات، کە بوونی هەبێت. ئەم هەقیقەتەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیش بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبووە.

حوکمڕانی حیزبی (قەسابەکان) بە شێوەیەک کاری بۆ بوون بە سێبەری مرۆڤەکان کردبوو، سێبەری کردبووە، پەنجەرەیەکی ڕەش! سێبەری کردبووە، دەرکەیەکی داخراو! سێبەری کردبووە، دیوارێک بارتەقای باڵای ئاسمان! سێبەرەکان لە هەقیقەتدا خۆیان هیچ نەبوون، وەلێ ئێستا بۆنەتە هەموو شتێک! هەموو خەڵکی شاری (سێبەرەکان) لە حوکمڕانی ئەو حیزبەدا، نەیاندەتوانی هێندەی تاڵەموویێک لابدەن. بۆ ئەوەی مرۆڤەکان نەمرن ئەوە باشترین ڕێگەی مانەوەیان بوو لەم شارەدا. ڕۆح بۆ زۆربەی مرۆڤەکان هێندە شیرینە ئامادەی هەموو کارێکن بۆ ئەوەی تەنیا بژین. تەواوی نووسیارەکان بە پێنووسێکی ملشۆڕ دەیاننووسی، بۆیە نووسینەکان پڕ ببوون لە کەرتە سێبەر! تەنانەت خوێنەری سێبەر و نووسیاری سێبەر و وەزیری سێبەر و سۆزانی سێبەر، پڕ پڕی ناو کەلێن و شوێنە پەراوێزەکانی شاری (سێبەرەکان)یش بوون. زۆرجار بە هۆی کەڵەکەبوونەوە سێبەرەکان لە ناوخۆشیاندا تێکدەچڕژان و ڕووناکیی شاریشیان دەخستە ژێر سێبەرێکی تێکەڵەوە. پیاوەکان لە سێبەری ڕەشدا سێکسییان دەکرد.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# ناوێکی بۆگەن

لە ژوورەکەم بە تەنیا دانیشتووم و خەریکی نووسینم، دەمەوێت بە هۆی ئەم نووسینەوە ناوی خۆم بۆگەنی بکەم. ئەو پێنووسە ملشۆڕانە فڕێدەدەم، کە نووسیارەکان بە هەر شێوەیەک بێت گەیاندوویانەتە ئێستا! پێنووسی خۆم هەیە و پێویستم بە پێنووسی هیچ کەسێک نییە و پێنووسی کەسم ناوێت. خۆم بە پێنووسێکی دیکە دەنووسم، بە پێنووسێکی سەرقیت و سەربڵند دەنووسم، بە پێنووسی خۆم وەک خۆم دەنووسم. ئەوەی سەیر بێت ئەوەیە، من هەر شەوێک بمەوێت بە نووسین سێبەرکان ریسوا بکەم، هەر شەوێک بمەوێت تۆڵەی خۆم لە سێبەر بکەمەوە، تەنیا بە نووسین دەتوانم و چەکی من پێنووسەکەمە، فیشەکەکانیش وشەکانن.
هەر شەوێک بمەوێت لە سێبەری ئەو شارە دەرچم، دەنگێکی نادیار! خۆی بە (خوێنەری تارمایی) نووسنەکانم دەناسێنێت. دواتر دەستدەکات بە پرسیارکردن؟ ئەو رەنگی نییە، شێوەی راستەقینەی دیار نییە! نازانم رەنگی چاوی چۆنە؟ چی جۆرە پۆشاکێک لەبەر دەکات؟ بەس لەدەنگییەوە دەزانم: پیاوە! تەنانەت نازانم ناوی ڕاستەقینەشی چییە؟
نازانم کێ بۆی گێڕاومەتەوە، کە کەچەڵەکان زۆربەیان دەوڵەمەندن و خاوەن پارە و سامانی زۆرن، یان بەدبەختن و هێندە بیر دەکەنەوە



www.mukiryani.com

سەر لە هیچ شتێک دەرناکەن. ئەگەر سەرگوشتەی باوکم باس بکەم، ئاخۆ دەبێت وەرام و کاردانەوەی ئەوان چۆن بێت؟ لە شارێکی وەک شاری (سێبەرەکان)دا هەموو شتێک تێکچڕژاوە بەناو یەکدا و هیچ شتێک لە شوێنی شیاوی خۆیدا نەماوەتەوە. تاکە شتێک بوونی خۆی لە دەست نەدابێت و سیستەمی حوکمڕانی کاری تێنەکردبێت، تەنیا مەرگە! بەس ئێستا کار بۆ مەرگی دەستکردیش دەکەن و گومانی ئەوەم لەلا دروستبووە، دوای ماوەیەکی دیکە مەرگی دەستکاریی کراویش دێتەبوون. هەستم دەکرد (خوێنەری تارمایی) بۆ شەوانی تەنیاییم باشترین هاوڕێیە. مرۆڤەکان ناتوانن بۆ زەمەنێکی دوور و درێژ بە تەنیا بژین و بە تەنیا بمێننەوە، ئەو مرۆڤانەی کە گۆشەگیری ئەو تەنیاییەش دەبن، دواجار هەر بە تەنیا نین! ئەوانە لە ناو خۆیاندا دونیایەکی جەنجاڵ دروست دەکەن و خۆیان دەکەنە چەندین مرۆڤی دیکە. هێزێکی ڕۆحانی بەهەموو هێزی خۆیەوە بۆ لای (خوێنەری تارمایی) ڕایدەکێشام و پێمگوت:

- «وەسیەت دەکەم لەلای تۆ ئەگەر لەناو ئەم نووسینەدا مردم، با نەمشارنەوە. ئەمڕۆ ناو خاکیش پڕە لە سێبەر، زۆر پێم خۆشترە فڕێمبدەنە بەردەم سەگە بەڕەڵڵاکانی سەر شەقامەکانی شاری (سێبەرەکان)، با سەگەکانی ئەو شارە تەرمەکەم بخۆن! لێرەوە بە گوێی شاری (سێبەرەکان)دا هاوار دەکەم و دەڵێم: سەگ هەر سەگە!».

هەمان ئەو خوێنەرە، شەوانە وەک تارماییەکی ترسناک لەناو ڕووناکیشدا، تارمایی خۆی دەسەلمێنێت. وەک کەسێکی نادیار، دەنگی جادوویی لە ژوورەکەمدا دەنگدەداتەوە، تەنانەت گوێچکەکانیشم هێندە لەدەنگی جادوویی ئەو ترساون، وەک مریشکێکی فسدۆیان لێهاتووە. ئەو وەک خوێنەرێکی ونی ناو ناخی نووسینەکە، دەمداتە بەر تیری پرسیارگەلێکی



www.mukiryani.com

جیاواز.
ئەمشەو یەکەمین رۆژی (خوێنەرە تارمایی)یەکەیە، کاتێک خەریکی سەرە دواوێک بووم، بۆ ئەوەی وشەکانی پێوە بکەم و بە تەنافی ددانپیانانەکانم هەڵیانبواسم. ئەو بە بێ خشپە خشپی جەستە و تەپەی پێی خۆی خستە ناو وشەکانمەوە، دواتر دەستی کرد بە خوێندنەوەی نووسینەکەم! دەنگەکەی هێندە جادوویی بوو منی ناچار کرد، وەک خوێنەرێکی راستەقینەیش هەر قبووڵم بێت.
+«باشی (دڵیار)؟»
-« (خوێنەری تارمایی) ناتوانم وەک مرۆڤەکان هەمیشە ئەو درۆیە بکەم و بڵێم: باشم!».
بێدەنگییەکی سامناک. زۆرجار تەواو هەستم بەوە دەکرد، من لە دونیایەکی تەواو دابڕاودا دەژیم، دونیایەک تەواو هزریی، دونیایەک وەک فەزای ناو نووسین. هەمیشە وا هەستم دەکرد، من کارەکتەرێکی یەکێک لە رۆمانەکانم.
+«دەمەوێت لە رێگەی نووسینەکەتەوە زیاتر بتناسم، نەوەک لە ڕێگەی ژیانتەوە. بە بڕوای منی خوێنەری تارماییەکان، ناوی گەورە بەبێ ناوەڕۆکێکی گەورە، وەک هێلکەیەکی پیسی ژێر مریشکێکی لوت بەرز، کاتێک لەسەری گڕکەوتووە. ئەوە بۆیە دەڵێم، چونکە ئەو شارەی تۆ ژیانی تێدا دەگوزەرێنی کێشەی ناوی گەورە و فوودراوی هەیە، ئەو ناوانەی وەک دەبدەبەی بچووکن و هەوای زۆریان تێکراوە. واتە، ناو هەیە سێ چوار قەبارەی خۆی گەورەکراوە. چۆن بەشێکی زۆری خوێنەرانی شاری (سێبەرەکان) نایانەوێت پەیوەندیی لە رێگەی نووسینەوە بێت، وەلێ هەر چەندە ناشزانم ئەو نووسینە چییە؟ ئەوەی دەینووسیت، من بەتەواوی


www.mukiryani.com

سەری لێدەرناکەم و نازانم چییە؟».
-«منیش بەتەواوەتی نازانم ناوی بنێم چی؟ وەلێ دەزانم لە پرۆسەی ئەو نووسینەدا ئامانجم چییە؟ نووسین: بریتییە لەو توولە ڕێگەیانەی کەوا مرۆڤگەلەکان سەفەری بەنێودا دەکەن و دەزانن بۆ کوێندەر دەچن. ئەوەی دەینووسم بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندی پێوە نالکێنم، چوارچێوەی تایبەتی بۆ دانانێم، ئاخر بڕوام بە هیچ شتێکی دیاریکراو نییە. چوارچێوەکان و ڕێبازەکانیشم هەر قبووڵ نین!»
+«ئێ باشە. کەواتە ئەوە چییە دەینووسیت؟»
-«ئەوە جۆرە نووسینێکە لەو پرۆژە نووسینەی زەمەنێکە بەخۆیەوە سەرقاڵی کردووم. هەڵبەتە ئەوە بەیانی یەکەم و بەیانی دووەمیش نییە. من کێشەیەکم نییە هەر چییەک بێت. ئەوەی بەلای منەوە لەنووسیندا گرینگە، دەبێت نووسین بخوێنرێتەوە. بەبێ خوێندنەوەی هەر نووسینێک، هەر بڕیارێکمان وەک ئەوەیە گوللە بە ڕووی شەقامێکی تاریکدا بهاوێژین. ئەم نووسینە، شێوە نووسینێکە پەیوەندیدارە بە زادەی ناوەوەی من و جیهانبینی ئێستای منەوە. بەو پەڕی گومانەوە دەینووسم، تاکو کەمێک بگەم بە ئارامی لەناو نائارامیدا. کە خۆم دەنووسمەوە، مانای ئەوە نییە دەوروبەر و جیهان فەرامۆش دەکەم، دەمەوێت تەواوی جیهان لە نووکی پێنووسەکەمەوە کۆ بکەمەوە، ئەوسا بنووسم».
+«تۆ باسی ئەو شتانەم بۆ مەکە، نووسین خۆی ڕێگەیەکە هەزاران ڕێگەی دیکەی لێ دەبێتەوە. تۆ پێم بڵێ، ئەو ڕێگەیەی باسی دەکەیت، ئایا منیش لەناویدا پیاسە دەکەم، مەبەستم ئەوەیە من بوونم هەیە لەناویدا؟ (دڵیار) حەز دەکەم بێمەناو ئەو نووسینتەوە».
-«ناتوانم لەبارەی تۆوە قسە بکەم! واتە ناکرێت گوللە بە بۆشایی ئاسمانەوە



www.mukiryani.com

وەبنێین بۆ پێکانی ئەوەی لەسەر زەوییە».
+«بۆچی؟».
-«ئاخر تۆ نادیاری!».
+«وامدەزانی تۆ مرۆڤێکی ژیری، بۆیە ئەم پرسیارەم لێت کرد. کەواتە بە شێوەیەک لە شێوەکان نووسین: بریتییە لە بێ ئەقڵی!».
-«خۆی ئەقڵیش بەجۆرێک بریتییە لەبێ ئەقڵی! بۆ ئەوەیان لاریم نییە».
+«کەواتە بەڵگەت چییە؟».
-«ئەقڵ بەدرێژایی ژیان هەمیشە کوشتار و جەنگ و سەربڕینی حەز و هەزاران شتی لەوبارەیەوەی خولْقاندووە. پێم بڵێ ئەقڵ چی نەماوە نەیکات؟ بەدرێژایی مێژوو ئەو قەیرانە گەورانەی کەوا لە رابردوودا رووبەڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە، ئەقڵ گوشتار و هەڵەی بەرهەم هێناوە. ئەم ئەقڵە درێژکراوەی بیری سیاسییە، درێژکراوەی ئەقڵیەتی حیزبە، ئەوەی لە شارەکەی مندا بوونی هەیە. کەواتە، بۆم باس بکە ئەقڵ چی ماوە نەیکات؟».
+«تەنیا گووکردن».
دەنگی لە ژوورەکەدا نەما و دەنگێکی غەریب لەناوەوەمدا دەنگی دەدایەوە. هەستمدەکرد جنێو بە هەموو منداڵە چەتوونەکانی شاری (سێبەرەکان) دەدات. بۆ ئەوەی نەونەمامی دەنگە غەریبەکەی ناوەوەم، قومێک ئاوی هێوری بخواتەوە و کەمێک هێور ببێتەوە. گومانی ئەوەم لەلا دروست ببوو، کە دەنگەکە هەر دەنگی (خوێنەری تارمایی)یە. لەکانیاوی میهرەبانی جامێک ئاوی زەردەخەنەم بۆی پڕ کرد، ئاخر منداڵەکانی ئەم شارەیش هەر ئەوەندە بێخەم دەژین، کە منداڵن. ئێستایش ئامادەم ئەوەندەی تەمەنم لە



www.mukiryani.com

ژیاندا ماوە، بیبەخشمە منداڵێک بۆ ئەوەی تەنیا تەمەنی بەرائەتی منداڵیی خۆییم پێ ببەخشێت. دووبارە بە ئاسوودەیی چەندساڵێکی دیکەیش بژیم. دەمەوێت لە هەر کوێیەکی دونیادا بێت بژیم، وەلێ گرینگ نییە زۆر یان کەم بژیم، ئەوەی بەلامەوە گرینگە، ئەمجارە بەجۆرێکی دیکە بژیم.



www.mukiryani.com

# تاقەتم نییە سێبەرەکەم لاساییم بکاتەوە

بارەگەی رۆژنامە لە نهۆمی پێنجەمی باڵەخانەیەکی حەوت نهۆمی دابوو. باڵەخانەکە کەوتبووە سەر شەقامی (شەهید عەلۆپەپوولە). هەروەک بەشێکی زۆری باڵەخانە و خانووە بەرزەکان ئاسەواری گوللە بە دیوارەکانیەوە دەبینرا. کەم باڵەخانە هەبوون کە کون کون نەبووبن. ئەو باڵەخانەیەش هەم لە چەندین شوێنەوە دەبینرا کە بە گوللەی کلاشینکۆف کونبووە. هەمیش لە رووی هونەری تەلارسازییەوە پێدەچوو بگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی کۆن. بۆیە لەگەڵ ئەمڕۆی هونەری تەلارسازی و باڵەخانەکانی دیکەوە، بە بەراورد زۆر خراپبوو، تەنیا پەیژەی هەبوو بۆ بە سەرکەوتن و هاتنە خوارەوە. ئەو میوانانەی ئەگەر پرسیاری ئەوەیان کردبوایە، بۆچی پەیژەیە؟ (خدرپەپوولە) بەدەم قاقای پێکەنینەوە ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە پەیژە سوودمەنترە. بوونی پەیژە بۆ مرۆڤەکان وەرزشێکی باشە، کاتێک چێشتتەنگاوان خۆی بە پەیژەکاندا سەردەکەوت، هانکە هانکی لە نهۆمی چوارەمەوە دەگەیشتە نهۆمی پێنجەم. کە دەگەیشتە ژوورەکەشەوە، زەنگی ئاگادارکردنەوەی لێدەدا. ئیتر دەبوایە بە پەلە ئاو و چایە، یان ئاو و قاوەی بۆ بەرم. ئەگەر پرسیاری ئەوەم کردبوایە: هەر چەندە پەیژەکان ماندوویان کردووە، وەلێ پێموایە وەرزشێکی



www.mukiryani.com

باشە. (خدرپەپوولە) بەم قسانە تووڕەبوونەکەی وەک فانۆسێکی خراپ، ئاگرەکەی هەڵدەچوو، هەر زوو بەدەم جنێوەوە داوای دەکرد بچمە دەرەوە. دوای پێنج دەقیقە، هەمدیسان زەنگی ئاگادارکردنەوەکەی لێدەدایەوە، ئەمجارە پرسیاری لەبارەی کارمەندان و ڕۆژنامەکە لێ دەکردم. یەکەم پرسیاریشی لەبارەی (فەریدە سمێلگەورە) بوو. زۆر رقم لە پرسیارەکانی دەبووە، ئەوە کەی کێشەی منە. چۆنیەتی بابەتەکان و وردەکارییەکان.

ئەو پیاوە ناوەکەی وەک دەبدەبە فوودراو و زۆر لە کەسایەتی و قەبارەی خۆی گەورەترکرابوو. هەموو ئەوانەی لەدەوری کۆببوونەوە، وەک مێش دەهاتنە بەرچاوم، کاتێک بە دەوری کەوچێک هەنگوینەوە گزە گزیانە. ئەوکاتانەی (خدر پەپوولە) لێدوانی تەلەفزیۆنی، یان وتاری رۆژنامەوانی لەبارەی ڕەوشی رۆژنامەگەریی و بارودۆخی سیاسی شاری (سێبەرەکان) هەبوایە، ئیتر دەبوایە ستافی رۆژنامە بەیەکەوە، شتێکی پوخت و کورتی بۆ بنووسن. ئەویش بەناوی خۆیەوە بەو پەڕی لووتبەرزیەوە وەک تووتی بیانلێیتەوە. ئەم گۆشەیەی کە هەفتانە لەبارەی توندو تیژی بەرانبەر ئافرەتانەوە، بەناوی ئەو بڵاو دەبووە، تاکە وشەیەکیش چییە؟ نەیدەنووسی و نەیدەزانی چییە؟

رۆژانە وەک خوێنەرێکی رۆژنامەکە، ئەویش گۆشەکەی خۆی دەخوێندەوە. زۆرجار لە کاتی خوێندنەوەی گۆشەکەی سەیری دەکرد و پشتەملی خۆی دەخوراند. ئەو پێکەنیی بەوە دەهات کە بەناوی ئەوەوە، ئەو هەموو وشە پفدراوانە نووسراون. پێنجشەممەیەک ستافی رۆژنامەکە وتاری گۆشەکەیان تەرخانکرد، بۆ ئەو بکوژانەی کاتێک ژن دەکوژن و ڕادەکەن لە دەست یاسا. دواجار دەچنە ژێر سێبەری لایەنێکی سیاسی، یاخود دەچنە پاڵ دەستەڵاتدارێکی باڵای حیزبەکانەوە، یان دەچنە ژێر سێبەری پیاوێکی



www.mukiryani.com

باڵای عەشیرەتێکەوە. لەم کاتانەدا دەستی یاساکان کورت دەبن و پێیان ناگەن. دوای ئەوەی (خدرپەپوولە) گۆشەکەی دەخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات، کە نووسینی ئەمجارەی گۆشەکەی کاریگەریی خراپی لەسەر هاوڕێیە حیزبییەکانیدا دروست دەکات، چونکە بەشێکی زۆری پاسەوانەکانی کاربەدەستەکانی حیزبی (قەسابەکان) بریتیبوون: لە کەسانی بکوژ و جەللاد. لەناو ئەو بکوژانەیشدا بەشێکی زۆری بکوژی ژنان هەبوون. چونکە ژن کوشتن ببووە شەرەف و ئەوانەی کە ژنە نزیکەکانی خۆیانیان دەکوشت، بەچاوی شانازی و گەورە سەیر دەکران. ئەو پیاوانەیش هەر یەکەو بە شێوازێک تۆمەتبار کرابوون، زۆربەی تاوانەکانی بەرانبەر بە ژنان لەلایەن ئەو بکوژانەوە ئەنجام درابوون، بە بیانووی نامووسپەرستییەوە. ژن کوشتن لە شاری (سێبەرەکان)دا ببووە نەخۆشییەکی دەروونی و تێکەڵ بە خوێنی پیاوە جەللادەکان ببوو. ئەوان خۆیان زەمینەیان بۆ کوشتنی ژن رەخساندبوو، وەلێ بەر لە هەموویان (خدرپەپوولە) بانگەشەی نە کوشتنی ژنانی دەکرد، بە بیانووی شەرەف و نامووسپەرستییەوە. جگە لەوە، ئەو پیاوانە کوشتنی رۆژنامەنووسانیان کردبووە دیاردە. هیچ مانگێک نەبوو کە هەواڵی کوشتنی رۆژنامەنووسێک بڵاونەکرێتەوە. هەموو وردەکاریی هەواڵی کوشتنەکە سیناریۆیەکی دووبارە بوو. ئەوانەی لەم بارەیەشەوە دەیاننووسی، درۆنووسەکانی حیزب بوون.

دەشێت بەر لە ئازادی نیشتمان ئێمە خۆمان ون بکەین، وەلێ ناشێت بەر لە ئازادی ژن، نیشتمان چۆڵکەین بۆ پیاوەکانی (خدرپەپوولە).



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# نووسین سەرئێشەیە

## سەرم زۆر دێشێت و دەبێت دەست لە نووسین هەڵبگرم.

تابلۆی تابووتێک دەکێشم و خۆمی دەخەمە ناوییەوە. وەلێ هەر دەبێت دەست بە نووسین بکەمەوە، تاکو بتوانم دژی مەرگ زیاتر بژیم، بۆ ئەوەی بژیم یان دەبێ ملکەچ بم، یانیش دەبێ بجەنگم. کەوایە ملم بشکێت کە لە پێناوی ژیانخۆشی بنووسم، ئەوانەی ئەمڕۆ لە ڕێی نووسینەوە خۆشبەختی ژیان بەدەست دەهێنن، ناشێت نووسیاری ڕاستەقینە بن. من نە نووسیارم، نەشاعیریش، وەلێ نووسین هەمیشە سەرئێشە بووە بۆم، هەم لە کاتی نووسین و هەمیش لە پرۆسەی بڵاوبوونەی نووسینەکانمدا. نووسین هەمیشە بە سەرئێشەیی من کۆتایی پێ هاتووە، وەلێ هێندەیش بەنووسینەوە پەیوەستم، ئێستا دونیاشم فەرامۆش کردووە. تۆ بڵێی دونیایش پەی بەوە نەبردبێت، کە نووسینم لە ئەو خۆشتر دەوێت؟ سەیرە! من خۆم بە چییەوە سەرقاڵ کردووە، نازانم ئایا ئەم نووسینە دەلوێت بۆ بڵاوکردنەوە، یاخود نا؟

من نازانم تۆی خوێنەر ئەم نووسینە لەچیدا و لەکوێدا دەخوێنیتەوە؟ هەر دەنووسم و دەست لە نووسین هەڵناگرم، ئەگەرچی نووسینەکانم لە



www.mukiryani.com

هەندێک بڵاوکراوەدا وەک شتی قۆڕ سەیر دەکرێن. کەواتە: دۆزیمەوە! دەشێت من مرۆڤێکی قۆڕی ئەم هەسارەیەبم. ماڵتان بە قووڕنا، بە چیمەنتۆ بگرێت، کە لە بیرتان بچێتەوە کە نووسیارێکی قۆڕی ئەم هەسارەیە بم.

لە دەرەوەی باڵەخانەکەوە دەنگی شووڕەی ئاوی بە لوعەیەک دێت، گومانم بۆ ئەوە دەچێت (خوێنەری تارمایی) بێت، ڕەنگە هاتبێت لە لەبەردەم باڵەخانەکەدا خۆی بسمیل بکات. حەزم دەچێتە سێکسکردن و دەچمە دەرەوە، لە پارکی (جوانان)دا، لە شەقامی (چاوحیزان) چاو دەگێڕم، ژنێک بەم ئێوارە درەنگە راوەستا و گومان دەکەم، چاوەڕێی کەسێک بکات. کەسی چی ئەوە نیو کاتژمێرە هەروا راوەستاوەو ناوە ناوەش سەیرم دەکات! دواتریش بەم شەوە درەنگە چاوەڕێی چی دەکات و چاوەڕێی کێ دەکات؟ منیش بیر لەوە دەکەمەوە، چۆن عەشق و باوک و داب و نەریت و هەموو ئەوشتانە ریسووا بکەم. ئەزموونی داعوەتکردنی ژنە سۆزانییەکانم نییە و نازانم چیبکەم و دەبێت چۆن لەگەڵ ئەو ژنەدا قسە بکەم. ژنەکە لەنزیکی بیست مەترێک لەمنەوە دوورە، هەست بە چێژێکی زۆری تێکەڵبوونی دەکەم. ژنەکە کەمێک گۆشتنە، وەلێ زۆر رۆمانیسی دیارە. وەک بڵێی ئەو منی خوێندبێتەوە، لێم نزیک دەبێتەوە. بە ئەسپایی لەبەر ئەو ژن و پیاو گەنجانەی ئێواران لەم شەقامەوە ژووانەکان و مامەڵەکردنیان تەواو دەکەن و دواتر دەڕۆن، بە گوێمی چرپاند:

+«ئایا دەتەوێت شەوێکی سوور بەسەر بەرین؟».

نەمدەزانی بڵێم چی؟ یانی قسەیەکی دیاریکراوم بۆ ئەوە پێ نەبوو، تەنانەت چاوەڕێی قسەیەکی لەو جۆرەشم نەدەکرد! ئاخر من چاوەڕێی هیچ قسەیەکم نەکرد، تا چاوەڕێی ئەو قسەیەش بکەم. سەر بەرز


www.mukiryani.com

دەکەمەوەو سەیری دەوروبەرم دەکەم، نەکا باوکم، یان کوڕە دڕندەکانی مامم چاودێریم بکەن، هەرچەندە لە کاتی هاتنە دەرەوەم بە شێوەیەک خۆم دەگۆڕم، مەگەر لە نزیکەوە، ئەگینا باوەڕم نەدەکرد بمناسنەوە، وەلێ ترسی کوشتن، ترسێکی دیکە. وەک ئەوەیە کە شێر لەناو قەفەزیشدا بێت، ترسی خۆی هەر هەیە. لەوکاتەدا، بیرم لە (ماریا)ی خۆشەویستم دەکردەوە. ئەویش چەندینجار و بە چەندین شێوە لەگەڵ کوڕی دیکەدا جووتبووە. نازانم بۆچی دەبێت ئەوە کێشە بێت کە منیش لەگەڵ ژنێکدا جووت ببم. ئیتر دەبوایە وەرامی ئەو ژنە سۆزانییە بدەمەوە. بە بەڵێ وەرامم دایەوەو بە یەکەوە چووین بۆ ژووری ژمارە چلو پێنج.

بەیانی کە ژنەکە ڕۆیشت، نزیکی کاتژمێر (نۆ) بوو. ئێستا بن سکم دەهێشێت، سێکسی بە پارە بەلای منەوە، وەک کاتی زیادکراوی یاری تۆپی پێ وایە. بەتایبەت یارییە کلاسیکۆیەکان. زۆر بێویژدانانە مامەڵەم لەگەڵ هەر ئەندامێکی جەستەیدا دەکرد. ناوە ناوەش ئەوەم دووپات دەکردەوە، کە من ئەزموونی جووتبوونم نییە! وەلێ ئەو تەواو ئەزموونداربوو. لەدوای جووتبوونی یەکەمدا، کەمێک باسی ژیانی خۆی کرد. دیاربوو هێشتا مێردی نەکردووەو خوێندنیشی تەواو نەکردووە. ڕۆژانە لە کۆگایەکی پێڵاوی ژنان کار دەکات. هەموو ئێوارانێکی پێنجشەممەش دێتە پارکی (جوانان) و لە شەقامی (چاوحیزان)دا چاوەڕێی کوڕێکی گەنج دەکات و هەرگیزیش بڕی پارەکەشی بەلاوە گرینگ نییە. دیارە هەموو ئەو پیاوانەش دەناسێت کە کڕیاری لەشفرۆشەکانن. کە چاوی بە منیش کەوتووە، دوای وردبوونەوە خۆی گەیاندووە بەمن. دوای ئەوەی بۆ جاری سێیەم لەگەڵمدا جووتبوو، تەواو هەستم بە ژان و ئێشێکی زۆری کیرم کرد. تەنانەت تەنیا چێژم لە جاری یەکەمدا وەرگرت. ئەو



www.mukiryani.com

ژنە لە رووکاری دەرەوە زۆر پۆشتە دیاربوو، وەلێ مایۆیەکی بۆن بۆگەنی لەبەردا بوو، ناوگەڵی بۆنی کەلاکە کەری لێ دەهات. مووەکانی قێزەون بوون. لەدوای جاری سێیەمەوە، هەستام و خەریکبوو یەک بە ژوورەکەدا بڕشێمەوە. ئەو دەستی گرتم و بە دەم ماچکردنەوە، تکای ئەوەی کرد کە پێنجشەممەی داهاتوویش بێمەوە پارکی (جوانان)، تەنانەت داوای ناوونیشانی شوێنی کارەکەمیشی کرد. وەلێ بە درۆ شوێنێکم پێ گوت.
نیو کاتژمێر دواتر، سێبەرێک بۆ پێشەوە دەڕوات، نازانم کێیە؟ تەنیا تارمایی دیارە.
-«ئەو تارماییەی تۆ، ترسێکی وەهای لە دڵمدا دروستکردووە، رەنگە هەر ئەوەیش بووبێتە هۆکاری ئەوەی لە حیزبی (قەسابەکان)یش نەترسێم».
+«تارمایی من بوونی منە. کەواتە تارمایی من کێشەی چییە کە بوونی من بێت؟»
-«ئەم تارماییەی تۆ مەرگی منی پێوە پەیوەست بێت. دەترسم نووسین سەری مەرگی تۆی خواردبێت و ئێستایش خەریکی خواردنی سەری من بێت!».
+«مەنووسە! چۆن نووسینی ڕەخنەیی، رووخساری پەپوولە ئاساشت ناشیرین دەکات».
دەگەڕێمەوە سەر سەر ئێشییەکەم. واتە، دەنووسم. خوێنەری تارمایی لە دیوارەکەی بەرانبەرمەوە دیارە. دەزانم لەبەر دڵتەنگی و ترسانی من هاتۆتەوە.
-« (خوێنەری تارمایی)، رۆژێک دێت دەڕۆم. ئەگەر ئەو رۆژەیش زووهات و نەمردم، ئەوا نووسینەکانم بە تەتەری تراویلکەیەکی زەغەل دەنێرمەوە، لەوێشدا رەخنە دەگرم، دەم و چاو و قەپۆزم بەبێ ویستی خۆم ناشیرین


www.mukiryani.com

دەکەم، ناوەکەیشم بۆگەنی».
+« (دلـّیار) تۆ نەخۆشی، تەواو نەخۆشی دەروونیت هەیە. ڕەنگە دەرفەتی ئەوەت بۆ نەڕەخسێت بڕۆی. تۆ دەمریت! گومان دەکەم، هەر بە زیندووی بمریت».
-«ئەگەر مردوومە، بۆچی گۆڕی ژوورەکەم و شارەکەم ئاوا تەسکە، بۆچی گۆڕەکە هەر تەسک بێت، هەی گوو بە گۆڕم».
+« (دلـّیا) تۆ مردوویت!».
-«خۆ هێشتا قسە دەکەم. جارێ بڕیار نییە بمرم و بێدەنگ بم! ناترسم لە ژیان، چۆن هەموو گرفتێک چارەی خۆی هەیە، وەلێ مردن تاکە گرفتە چارەی نییە، دلـّم بەوەیش خۆشە، کە ئەو مردنەی تۆ باسی دەکەیت، پیاوانی حیزبی (قەسابەکان)یش دەگرێتەوە».



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# خۆکوشتن بە گیرفانێکی پڕ پارەوە

**پشتم کردبووە گڵۆپی ژوورەکە، سەیری سێبەری خۆم دەکرد، سێبەرەکەم لەخۆم گەورەتربوو.**

لەوەوە پیاوە گەورەکانی ئەو شارەم بۆ دەردەکەوت، هەر چەند لە گڵۆپەکە نزیکتر دەبوومەوە، زیاتر سێبەرەکەم گەورەتر دەبوو. ئەو پیاوانەیش هەر چەند لە حیزبی (قەسابەکان) نزیکتر دەبوونەوە، گەورەتر دەبوون. وازم لەو خەیاڵە قۆڕانە هێنا. سەیرکردن و تێڕامانەکە تەواو بێزاری کردم. سێبەرەکان هێندە بێزاریان کردبووم، ڕقم لە سێبەری خۆشم دەبۆوە. بۆیە تەواوی ئەو شەوانە خەریکی ونکردنی سێبەرەکان بووم، خەریکی پەرتەوازەکردنی سێبەرە تێکچڕژاوەکان بووم. دەمویست شتێک لەبەر خۆمەوە بە سێبەرەکەم بڵێم، وەلێ دەنگێک لە قووڵایی نادیارییەوە کۆی ئەو تێهزرینانەی ڕەواندەوە:

+«بەدرێژایی تەمەنی پێکەوە بوونمان، هەمیشە فێڵم لێت کردووە، هەزارانجار درۆی ڕەشم لە ڕۆژگاری ڕووندتا کردووە.»

بەسەرسامییەوە.

-«ئەوە تۆی (خوێنەری تارمایی)! باشە فێڵی چی؟».

+«تۆ حەزت کردووە خۆت بکوژیت، من گوتوومە: خۆکوشتنیش پارەی



www.mukiryani.com

دەوێت! وەک چۆن ژیانیش پارەی دەوێت. لە شاری (سێبەرەکان) مردنی بەلاش سێبەربوونە».
-«تۆ لە بارەی هەموو شتەکانی منەوە ئاگاداری! زۆرجار گومانی ئەوە دەکەم، تۆ بەشێک بیت لە من».
+«تۆ ئێستا پێویستت بە پارەیەکی زۆرە».
-«هەزارانجار تفم بە پارەدا کردووە، کە بۆچی چاوی نییە و بە نابینایی دروستییان کردووە؟ بۆچی پارە هۆکاری سێبەربوونە؟ بۆچی ئەم شارە سێبەر بێت و سێبەریش مرۆڤەکانی و مرۆڤەکانیش ببن بە سێبەر لە پێناوی پارە؟ بۆچی ئەم رۆژگار، تەنیا رۆژگاری پارەیە؟ بۆچی پارەی ئەم شارە بۆ سێبەربوونە؟ بۆچی پارە چاوی نییە؟ ئەگەر پارە یەک تاکە چاویشی هەبوایە بەس بوو، دڵنیابووم نەدەچووە گیرفانی هەموو کەسێکەوە، نەدەچووە خەزێنەی هەموو ئایدیۆلۆژیایەکەوە؟».
+ «کەواتە نووسین و دروشمەکان هەموو درۆن».
– «ئەو نووسینانەی لەبارەی کتێبەوە دەنووسرێن، راستنووسەکان نەیاننووسیوە. ئەو بۆچوونانەی لەبارەی کتێبەوە هەن، بۆچوونی نووستوون. ئەوە درۆیەکی دیکەی بنووسەکانە، کە گوایە: (کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤە.). زۆرجار کتێب دەبێتە خراپترین دوژمنی مرۆڤیش، وەک چۆن عەشق دڕندە دەکاتە مرۆڤ و مرۆڤیش دەکاتە دڕندە. وشەکان لە ناو خۆیان بەشەڕ دێن. وشەکان لە ناو لاپەڕەی کتێبەکان شەڕیانە.»
+ «تۆ زۆرجار خەریکی نووسینیت و کەچی وشەکان لەبەر دەستتدا خەریکی شەڕن. تۆ ئاگات لەو شەڕانە نییە، وشەکان لەگەڵ سێبەرەکانیاندا بە شەڕ دێن».


www.mukiryani.com

ئەوە کتێبە ئەم جەنگەی لەم ژوورەدا بەرپا کرد، هەر دەبێت کتێبیش ئەم جەنگە بوەستێنێت. تازە شەڕیش هیلاکبوو لە شەڕکردنم! ئەمێستایش خۆزگەی ئەوە دەخوازم خەونێکی دوور و رێژ و قووڵ بمباتەوە. لە پێناوی مەرگ لەگەڵ (خوێنەری تارمایی)دا بخەوین.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# شیعرفرۆشتن

ئاوی هەنارەکە دەخەمە قۆدگاکەوە و دواتریش دەمەوێت شتێک بنووسم. ئەو شتەی کە نازانم چییەو خەیاڵەکانم سەرقاڵن پێوەی. بیر لەوە دەکەمەوە، بۆچی دەنووسم؟ بۆچی نووسیم؟ وەرامی ئەوانە نازانم! تەنیا دەنووسم: نووسین خۆ بەتاڵکردنەوەیەو خۆم بەتاڵ دەکەمەوە. نووسین سەرئێشەیە بۆ سەرساغەکان. وەلێ نووسین بۆ زۆر کەس خۆنمایشکردن و خۆدەرخستنە. ئەوانەم ناوێت و چاوەڕێی هیچ شتێکی لەو جۆرەیش نیم. ئەوانە پێشکەشی (فەرید سمێڵگەورە) بێت. ئەو ئامادەیە نووسین و رستەی جوان بە پارەیش بکڕێت. چەندین جار شیعر و وتاری ئەدەبیم پێی فرۆشتووە. هەموو ئەوانەیش بۆ ئەوە دەمکرد کە پێویستم بە پارەیەکی باش هەبوو. زۆرجار لە ژووری ژمارە چلوپێنجدا هەر لە بێتاقەتی خۆمدا شتێکی ئاساییم دەنووسی و بەیانییەکەی (فەریدە سمێڵگەورە) بە پارەیەکی باش لێی دەگرم. تاکە مەرجمان ئەوە بوو، کە هەم ئەو نووسینە لەناو بەرم و بیرۆکەکەی لە مێشکم دەربکەم و هەمیش لای کەس نەیترکێنم. ددانپادەنێم پارەیەکی زۆرم بەم کارە دەستکەوت. ئەوە جگە لەوەی بابەت و نووسینی دیکەم بە ناوی خوازراوەوە دەنووسی. (فەرید سمێڵگەورە) یش ناحەقی نەبوو، کە وا گێژ و سەرمەستی بۆچوون و نووسینەکانم بێت.



www.mukiryani.com

جارێک پێمگوت: دەبێت شیعر عەلەق و بەلەق بێت! زۆر سەری لەم قسەم سوڕما. من گوتم:

-«شیعر دەبێت دونیایەکی عەلەق و بەلەقی هەبێت، هەرگیز ناشێت شیعر رێکوپێک و پۆشتە بێت. ئەگەر شیعرێکیش رێکو پێک بوو لەناو رێکو پێکی خۆیدا دەپووکێتەوە و وێران دەبێت. ناتوانێت ئەوکات هەناسەی شیعرییەتی خۆی بدات».

بە حەپەساوییەوە (فەرید سمێڵگەورە) پرسیاری کردەوە:

+ «بەتەواوی مەبەستت چییە لەوەی دەبێت شیعر عەلەق و بەلەق بێت؟».

- «هەروەک ئەوەی گوتم و ئێستایش لێرەدا نووسیومەتەوە. — لەسەرەوە نووسراوە- ».

+ «دەزانم سەرەتا باسی ئەوەت کرد، بەس مەبەستت چییە؟ - دەزانم لەسەرەوە نووسراوە- ».

- «بۆ ئەوەی تێبگەیت، دەبێت هەمدیسان بچیتە سەرەوە».

+ «ئێ ئەوە چوومە سەرەوە، بەس مەبەستت چییە؟».

- «کەواتە نەچوویتە سەرەوە و پشتی قسە و بۆچوونەکەمەوە. هەر لە شوێنی خۆتی!».



www.mukiryani.com

# گوتوویژ لەگەڵ خۆی

زۆرجار پێیان دەگوت: (فەرید ئیزعاج). ئێواران بە سەرو پرچی خۆی دەشێوێنێت و پۆشاکێکی کۆن و خاکیی دەپۆشێت. کۆمەڵە شیعرێکی وەرگێڕدراوی (لۆرکا) و چەند بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی، تەنانەت ژمارەیەکی تازەی رۆژنامەی (جوانناس)یش دەخاتە بن هەنگڵییەوە. هێدی هێدی بە هەنگاوی کورت و لەسەرخۆ بەرە و بارەگەی سەرەکیی ڕاگەیاندنی حیزبی (قەسابەکان) دەچێت. بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت بە شاعیرێکی بە بایەخی بزانن و وەها هەست بکەن، کە شاعیرێکی راستەقینەیەو خەمی یەکەم و دواجاریشی هەر شیعرە. هەمیشە کۆمەڵە شیعرێکی وەرگێڕدراوەی دەخستە بن هەنگڵییەوە. هەموو رۆژانی هەینیش بە ناو کتێبخانەکانی شاردا دەسوڕایەوە و کتێبی شیعری دەکڕێت. هیچ کتێبێکی شیعری نییە، (فەرید سمێڵگەورە) نەیبێت. هەمیشە وەها بیری دەکردەوە، کە کڕینی ئەو هەموو کتێبە شیعرییەو دروستکردنی کتێبخانەیەکی گەورەی پڕ لە کتێبی شیعری، دەیکەن بە شاعیرێکی بەرز. هەرکە ئێوارە کەمێک درەنگی دەکرد، ملی یەک دوو لەو شاعیرانەی دەگرت کە ئەدەبیاتی ناوچەیش لێیان بێزارە، ئەو بە بیانووی دەعوەتکردن دەیبردنە سەر ئەو مێزە سوورانەی کەوا لەحەوشە دڵتەنگەکەی نادی



www.mukiryani.com

ئامادەکرابوون. (فەرید سمێڵگەورە) وایدەزانی ئەگەر لەگەڵ ئەو شاعیرانە شەڕاب و ئارەق بخواتەوە، زۆربەی زۆری خوێنەران و نووسیاران و سیاسەتمەدارانیش بەهەمان ئەو چاوەی ئەوان لێ دەنوارن. هەرکە شاعیرە هاوڕێکانی دەستیان دەکرد بەخواردنەوە، ئیتر ئەو دەکەوتە پێشبڕکێی زۆر شەڕاب خواردنەوە لەگەڵیان. وای دەزانی پێشبڕکێی شیعرییەو هەر چەند زیاتر بخواتەوە، ئیلهامی شاعیربوونی زیاتر دەبێت. لە ئەنجامی ئەو پێشبڕکێیەدا (فەرید سمێڵگەورە) پلەی یەکەمی دەبردەوە. شەوان چەند کاتژمێرێک بەسەرخۆشی بیری دەکردەوە، چۆن و بەچی شێوەیەک دەتوانێت ناوی وەک بۆمبێک بە باڵەخانەی ئەوشارە نەفرەتیەدا بتەقێنێتەوە و ببێتە ناوێکی دیاری ئەدەبیات؟ میدیاکانیش هەمیشە مشتومڕیان بێت لەبارەی کارە ئەدەبیەکانیەوە. ئەو هەرگیز بەلای گرینگ نەبووە ناوی بەچی شێوەیەک دەهێنرێت، گرینگ ئەوەیە ناوی بهێنرێت. ئەو کێشەی ناوی گەورەی هەیە. ئەو شەوەیش بیری لەوە کردەوە، کە بەیانی چۆن یەکێک پەیدا بکات، کەوا گوتووێژێکی ئەدەبی لەگەڵ ساز بکات. چەند ژمارە تەلەفۆنێکی دەرهێنا بۆ ئەوەی تەلەفۆنیان بۆ بکات، وەلێ هەر زوو ژیوان دەبۆوە. بۆیە بڕیاریدا هەموو ئەو بیرۆکان بخاتە گەردی بەیانییەوە. (فەرید سمێلگەورە) وەک هەمیشە بەیانی درەنگ لە خەو هەستا، دیار بوو هێشتان ژانەسەرەکەی بەری نەدابوو. تەلەفۆنی بۆ دوو پەیامنێری دوو بڵاوکراوەی ئەدەبی کرد، گوایە چەند رەهەندێکی گرینگ هەیە پێویستە قسەیان لەبارەوە بکرێت. بڕیاری گوتووێژەکەی دابوو، بۆیە خۆی گوتووێژەکەی لەگەڵ خۆیدا سازکرد. بە ئارەزووی دڵی خۆی پرسیاری لە خۆی دەکرد و هەر خۆشی وەرامی خۆی دەدایەوە، وەلێ زۆر لەوە دەترسا پرسیارێکی قورس لە خۆی بکات و نەتوانێت وەرامبداتەوە! بۆیە



www.mukiryani.com

دوای بیرکردنەوەی زۆر و لەسەرخۆ پرسیاری لە خۆی دەکرد. لەبارەی بە جیهانیبوونی شیعر و ئەدەبیات پرسیاری دەکردو وەرامی خۆشی دەدایەوە. جارجارەیش بە شیعرێکی خۆی، کە وەک پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانی دەهێنایەوە. زوو زوو جەختی لەو وتەی (سوکرات) دەکردەوە:

- «من یۆنانی نیم، من هاوڵاتییەکی جیهانیم» .

گوایە لەرێگەی شیعرەکانیەوە، بەرەو بە مۆدێرنبوونی جیهان و تەوژمی جیهانگەریی دەڕوات، تەنانەت ئاگاداری کون کەلێنی قۆناغەکانی شیعری دونیایە. رەخنە و تێڕوانینی زۆریشی هەیە لەبارەی شیعرەوە، وەلێ جارێ نایەوێت لەبارەیانەوە بنووسێت. بە گوتەی (فەرید سمێڵگەورە) رۆشنبیریی شاری (سێبەرەکان) لە پاشەکشەدایە. نووسیاران پاڵپشتی ئەو ناکەن، تاکو شار لەو تەنگەژانە رزگاری بکات. دوای دەرپەڕاندنی ئەو هەموو قسە قەبەو فوودراوانە، دیسان کێشەیەکی دیکەی بۆ دروستبوو، نەیدەزانی چی بکات بۆ ئەوەی ناوێک پەیدا بکات بۆ سازکردنی گوتووێژەکە؟ لە بیرکردنەوەکانی بەردەوامبوو، تاکو گەیشتە ئەوەی ناوێکی وەهمی بەسەر گوتووێژەکەوە بنووسێت. وەهم زۆربوو لەو شارەدا، وەهمی گەورەکردنی شتەکان و وەهمی گەیشتن بە شتەکانیش. ئەمەش نموونەیەک بوو لە کۆی ئەو وەهمانە. دوای دوو مانگ چاوەڕوانی کردن و پروپاگەندە کردن بۆ گوتووێژەکە، کە گوتووێژێکی گرینگی لەگەڵ سازکراوە. لەماوەی ئەو دوو مانگەدا هیچ نووسیارێک نەبوو نەزانێت لە ژمارەی داهاتووی کۆواری (ئیستێتیکا) دا گوتووێژێک لەگەڵ (فەرید سمێڵگەورە) بڵاودەبێتەوە.

(خدرپەپوولە) لە کۆبوونەوەکاندا ئاماژەی بەوە کرد، کە گوتووێژێکی گرینگ بڵاودەبێتەوە و پێویستە هەموو لایەک و ئەندامان بیخوێنێتەوە. هەرکە ژمارەی تازەی کۆواری (ئیستێتیکا) بڵاوکرایەوەو گوتووێژەکەی (فەرید)



www.mukiryani.com

بلاوکرابووە. ئەو شەوە کۆمەڵە نووسیار و شاعیر و سیاسەتمەدارێکی لە هەمان حەوشەی بارەکە، لە حەوشە دڵتەنگەکە دەعوەت کرد. کۆمەڵە ژمارەیەکی کۆوارەکەیشی لەبەردەم خۆیدا داناو دەیدا بەوانەی ئەم ژمارەیان نییە. یەکەم لاپەڕەی دیمانەکەی نووشتاندبووەو ئەو وێنەی کە سەری تازە ڕەشکردبووەو بە تراشێکی تازەشەوە گرتبوو، لەسەرەوەی گوتوویێژەکەدا دەبینرا. گوتوویێژەکە مانشێتێکی گەورەی لەسەر نووسرابوو: «گوتوویێژ لەگەڵ شاعیر (فەرید سمێڵگەورە): ئەدەبیاتمان بۆتە ئەدەبخانە!».

هەتاکو کاتی چوونەوەی بۆماڵەوە کۆوارەکەی لەسەر مێزە سوورەکەدا بەرانبەر خۆی دانا. دڵی بەجۆرێک بەم گوتوویێژە خۆشبوو، کە ئەو شەوە پارەی هەموو مەیخۆرەکانیش لەسەر حیساباتی ئەو بوون.

ڕاستییەکەی ئەوەی دەیگێڕمەوە گرێنتی گەیشتن بە دەرئەنجام و کۆتایی نادەم. گومانم هەیە، تەنانەت گومان لەو شەوەیش، کە (فەرید) ئەو شەوە هێندەی دەنکە گەنمێک، یان دەنگە فستەقێک بالای کردووە. ئەوە لەبەر ئەوە بەباشی دەزانم، چۆن (فەرید سمێڵگەورە) هەر کە دڵی زۆر خۆشبایە، دەیکردە گۆرانی و زیاتر ئەو گۆرانییانەی دەگوت، کە رادیۆکان دوای نیوەڕۆیان لێیان دەدا. ئەو گۆرانییانە بەجۆرێک بێ چێژ و بێزارکار بوون. ئەو گۆرانییانەی کاتێک کە خەڵکی دەنووستن، رادیۆکان پەخشیان دەکردن. دەستی ڕاستی خستبووە بن چەناگەیەوەو سەیری گوتوویێژەکەی دەکردو ناوە ناوەیش فڕێکی لە پێکەکەی بەردەمی دەدا. ئەو شەوە پڕ بەزمترین شەو بوو، هیچ کەسێک نەبوو، لەبەر زۆری پێکەنین ژانەسگ نەگرێت.



www.mukiryani.com

بەیانی ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی جیاوازبوو. دوای نانخواردن، تەلەفۆنی بۆ تەواوی ئەو ژمارانە کرد، کە لەناو مۆبایلەکەیدا هەبوون. یەک لە دوایی یەک تەلەفۆنی بۆ دەکردن و لەبارەی بڵاوبوونەوەی گوتوویژەکە ئاگاداری دەکردنەوە. لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا هیچ خوێنەرێک لەشاری (سێبەرەکان)دا نەبوو نەزانێت گوتوویژێکی (فەرید سمێلگەورە) بڵاوکراوەتەوە.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# سکپڕ

**کۆخه کۆخمه! دڵنیام قسەیەکی قۆڕ بەر بۆڕی هەناسەمی گرتووه.**

وریابن قسەیەکی قۆڕ لە قوڕگم دەردەپەڕێت. کێ وریا بێت، مەگەر هەر خوێنەری تارمایی. ئەو (ماریا)یە سەگبابەش ئێستا لێم ناپرسێت، نزیکی چەند هەفتەیەکە هەواڵی نییە. (ماریا) کەسێکی دیکەی خۆشدەوێت. دیسان پەرتم کردەوە، خەتای خۆمە! نا نا نا... خەتای ئەو ڤۆدگایە نەعلەتییە.

ددانپیادەنێم هەموو نووسینێک سەرئێشەیەکی بە دواوەیە، وەلێ کە (تا)ی نووسین دەمگرێت، ئاوەزم بێ سەر و شوێن دەبێت. مەگیرانییەکانم بە وشە دەست پێ دەکەن، ئەگەرچی سکپڕیش نییمە. کێ دەڵێت: سکپڕنیم؟ من سکپڕم بە وشە.

بیر لە و ژنە سۆزانییەی هەفتەی رابردوو دەکەمەوە، ئەو ژنە خڕە گۆشتنەی لە پارکی (جوانان) وەک دڕندە کەوتە گیانم، هەموو شوێنێکی پشکنیم، هەموو جەستەی بۆنکردوومە، پیس لەگەڵم جووتبوو. دوو سێجار پێی گوتم: «سەگباب».

بەم وشەیە (ماریا)م بیر کەوتەوە، تەنیا (ماریا) لەکاتی جووتبووندا



www.mukiryani.com

سەگبابم دەکات. ئەو سەگبابە خۆی یەکپارچە چێژە، یەکپارچە سەگبابە. ئەو (ماریا) سەگبابەش چەند هەفتەیەکە لێم ناپرسێت و هەفتە لەدوای هەفتە خۆی لێم دوور دەکاتەوە. چونکە ئەویش دەزانێت گرفتی گەورەی من لەگەڵ (خدرپەپوولە)یە. ئەوەی ناو ناخیشم، سکی پڕکردوومە. ئەوەتە هەمیشە کاتەکانم لێ دەدزێت.

دەبێت هەمیشە لە ناخەوە بە قووڵی بیر لەم دۆخەی خۆم بکەمەوە، بیر لە رزگاربوون لە سکرتێری و هەڵاتن لە شاری (سێبەرەکان). ئەوانە هێندە پەیوەستیان کردوومە بە جیهانی خۆیانەوە، ئەم جیهانەم لە بیرچۆتەوە. لە ناخمدا لە جەنگێکی سەخت دام و هەمیشەیش دۆڕاوم. ئەوە حاڵەکەمەو دەمەوێت بە گوێی ئەم شارە سێبەر پەرستە، ئەم شارە خەوتووەدا بچرپێنم. کەی ئەوە حاڵە، نەتوانم لەگەڵ مرۆڤبوونی خۆشم هەڵبکەم! وەلێ خەتای خۆشمە کە هەموو پێنووسەکانم ورد و خاش ناکەم و فڕێیان نادەمە ناو کونی ئاودەستەوە. کتێبەکانم نابەخشمە کتێبخانە بێ کتێبەکەی شاری (سێبەرەکان). ژمارە تەلەفۆنەکان و ئیمێڵەکانیش ڕەش ناکەمەوە. هەنگینێش (گا)ی بەگوونانیش نەناسمەوە.

بەیانی هەستدەکەم ناتوانم بچم بۆ دەوام، هەستدەکەم بیر لە شتێک دەکەمەوە و بەخۆیەوە خەریکی کردووم. بەر لەوەی بڕۆم، چەند شتێک بۆ خوێنەری تارمایی دەنووسم و بۆ لەو شوێنە بە جێدێڵم، کە گوایە لەوێدا دەنووێت. گۆشەی لای راست لەکاتی هاتنە ژوورەوە. ئا ئەوە شوێنەکەیەتی.

«ترحێو لە خۆم، کە پێلەقەیەک لەو زەمەنە نادەم!».

شاری (سێبەرەکان) خووی بەسێکسەوە گرتووەو سێکسیش هەموو بەرائەتی ژیانبوونی ڕاماڵییوەتە ئەشکەوتەکانی ئەو سیاسەتەوە. تەواوی



www.mukiryani.com

بەهاکانی شاربوونیش مردووەو ئێستا لاشەشی کرمی گەندەڵی هێدی هێدی دەیخوات.

له ژووره بچووکەکەمدا، زۆر بە سادەیی بۆ خۆم دەژیم. لەوە دڵنیام دۆخەکە هێندە قۆڕە، تەنانەت زۆرجار کەڵکی قسە لەسەر کردنیشی نییە، وەلێ ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە، تەنیا هەنگاوێکی بچووکە بۆ پێشەوە. لەسەر وەختی بیرکردنەوەی لەم جۆرەدا هەمیشە بڕوام وابووە، کە لە نێو ئەو هەموو برسیەتی و بێکارییەدا، توانیم شوێنێکم هەبێت بۆ خەوتن و پشوودان. کەواتە، هەنگاوێکی بچووک چوومەتە دواوە، بۆ ئەوەی هەنگاوێکی گەورە بهاوێژم. تەنانەت لە کاتی بێکاریشدا هەرگیز سەغڵەت نەبوومە. هەمیشە لەکاتی بێکاریدا خوێندوومەتەوەو نووسیومە. هەمیشە وا بیرم کردۆتەوە، کە با گیرفانیشم بەتاڵ بێت و هیچی تازەی نەچێتە ناویەوە، وەلێ مێشکم هزری تازەو وشەی تازەی بۆ بچێت. با گیرفانم بەتاڵ و هەژار بێت، وەلێ مێشکم پڕ و دەوڵەمەند بێت.

لەسەر وەختی بێتاقەتبوونم لە فەرمانە بێزارکەرەکانی (خدرپەپووله) دڵم بەکتێبەکانم خۆش دەکرد. دڵم بە نووسینەکانم دەداوە. لەو ماوەیەدا ئەگەر (هۆنین) یارمەتی نەدابامایە، ئەوا بێگومان دەکەوتمە دۆخێکی زۆر دژوارەوە. هەر چەند بیر لەو شارە دەکەمەوە، خەیاڵەکانم ئاڵوزتر دەبن. هەست دەکەم ئەو شارە پارچەیەکە لە (خدرپەپووله) و (خدرپەپووله) ش بریتییە: لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو پارچە سێبەرانە. ئاخر قەساب بەچەقۆی سێبەر، گۆشتی مرۆڤەکان لەت لەت دەکات و بەئاگری سێبەری پیاوە سک گەورەکان، تکەی مرۆڤیبوون لێدەدات. بۆنی گۆشتی برژاوی مرۆڤە بێ سێبەرەکان و دەنگی بەیەکدادانی پێکی شەراب، شەوانی شاری (سێبەرەکان)ی پڕ دەکرد. دەنگی هەڵقرچانی ناخی مرۆڤە بێباڵەکان دێت و لە قا قای پێکەنینی شەوانەی (خدرپەپووله)دا ون دەبن. ئەگەر لە شەوانی ئەو شارەشدا بۆنی بخووری پیری هات و خەزانێکی بە زۆرەملە



www.mukiryani.com

هەڵی کرد، گاڵتەم بەمەرگی مرۆڤیبوون دێت.
ناشێت من نووسیاربم، وەلێ ددانپیادەنێم ئەوە هێزی نووسینە لێناگەڕێت، کوڕێکی باش بم بۆ حیزەکەی (خدرپەپوولە). ئاخر دڵسۆزی حیزبایەتی دوا پلەی گێلییە.



www.mukiryani.com

# کوشتنی ڕۆژنامەنووسەکە

(خدرپەپوولە) چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، گروپە نهێنییەکەی خۆی ڕاسپارد بۆ کارێکی نهێنی و ترسناک، کاری پێویستی ئەم گروپەیش تەنیا کوشتن و تێهەڵدانی ئەو کەسانە بوون، کە (خدرپەپوولە) دەستنیشانی دەکردن. یاخود سەرکردایەتی حیزبی (قەسابەکان) ڕایدەسپاردن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ماوەیەک بوو دەنگۆی ئەوە بڵاوببۆوە، کە لە شارۆچکەیەکی لاچەپی شاری (سێبەرەکان) دا، ڕۆژنامەنووسێکی بەناوی (دڵبەخەم ئازادی) وتارێکی لە بارەی کارە پیسەکانی (خدرپەپوولە) لە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی حیزبێکی چەپدا بڵاوکردۆتەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە (خدرپەپوولە) هیچ ئارامی نەبوو، تەنانەت قسەی خۆشی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد. ڕۆژیک کوڕێکی بچووکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو بۆ ڕۆژنامە. کوڕێکی ورگنی سپی و هاروهاج. بە ماوەی یەک کاتژمێر، هیچ ژوورێکی ئەو ڕۆژنامەیە نەبوو، کوڕەکەی (خدرپەپوولە) سەری پێدا نەکات. لە ژوورەکەی مندا هێندە خۆی هێناو برد، تاکو سەرەنجام کۆنترۆڵی تەلەفیزیۆنەکەی شکاند. هەرکە (خدرپەپوولە) بەمەی زانی و هاتە دەرەوەو کەوتە گیانی منداڵەکەی بە شەق و پێلاقە. ئەم چەند ڕۆژە خۆی ڕقی لە خۆشی دەبۆوە , دارو دیواری لێ ببووە، ئەو ڕۆژنامەنووسە.



www.mukiryani.com

ئیتر لە بێبەختییەکە، بەختی ڕەشی کوڕەکەی گرتەوە. هەر چۆنێک بێت کوڕە بچووکەکەمان لە ژێر دەستی بە زیرە و هاوارکردن دەرهێنا. ئەم رووداوە دوای دوو رۆژ زیاتر تەشەنەی کرد و بووە بنیشتە خۆشکەی ناو دەمی کارمەندەکان و رۆژنامەنووسەکان. منیش ئەوەم بە هەلێکی باشزانی و ئەوەم بە دوایدا بڵاوکردەوە، کە کوڕەکەی (خدرپەپوولە) کۆنترۆڵێکی سێ دۆلاریی شکاندووە و لەبەرانبەردا (خدرپەپوولە) بای حەوت دۆلار تێی هەڵداوە. (خدرپەپوولە) بەبیستنی قسەکانم زۆر تووڕە نەدەبوو، تەنیا دەیگوت : «هیچ لەو هێڕ و شێتە ناگیرێت».

ئەگەر منی بە گێل و شێت دانەنابایە، مەحاڵ بوو لەم قسانەم خۆشبێت.

- ئیتر نازانم ڕەنگە واشبێت- (خدرپەپوولە) چەند رۆژێکە، وتاری رۆژنامەنووسەکە هەموو خەیاڵی داگیر کردووە، ئێستا لەگەڵ ترِی خۆشی بە شەڕ دێت. دوای هەفتەیەک بارودۆخەکە دەگەڕایەوە دۆخی پێشووی. هیچ کەسێک نەیدەزانی چی رووی داوە؟ تەنیا هەواڵی ونبوونی رۆژنامەنووسە لاوەکە بڵاوکرایەوە، گوایە: ونبووە.



www.mukiryani.com

# ڕشانەوەی نووسین

سەرم قورسەو ئەوەیش وام لێدەکات لە مرۆڤە گەمژەکان ساتمە بکەم، سەرا و سەر دەڕۆم و بەرنابمەوە. خەریکە خۆم باوەڕ بە خۆم بهێنم کە سەرخۆشم. سەرخۆشم بە ڕشانەوەی هەزارەها وشەی ڕووتی نێو کتێبەکان، وشەکان وەک شتی قۆڕ قۆڕ لەدەممدا دەردەچن و دەکەونە بەر دەمم. ئەوەتە دڵم تێکدەچێت، ڕشانەوەی پەیڤە قۆڕەکان لە دەممدا فیچقە دەکەن . شار و شەقام و ماڵ و تەنانەت تەنەکە زبڵەکانیشم پڕکردوون لە ڕشانەوەی نووسین. هەرکە هەنگاو دەنێم سەرم دەسوڕێت، پەیژەی باڵەخانەکە لەبەر چاومدا دەجوڵێت. بەحاڵە حاڵ خۆم دەگەیەنمە ژوورەکە. بەبێ هیچ مەبەستێک لەبەردەمی ئەو ژوورە دەوەستم کە ڕێک دەکەوێتە سەر سەرەوەی داڵانە دوور و درێژەکەوە.

هەنگاوەکانم لەخۆڕا دەمبەن و دەمهێنن. دەزانم چوونم بۆ ئەو ژوورە، یاخود کردنەوەی دەرکەکەی تۆپەڵێک گڕی بە تینە، تەنانەت ئێسقانەکانیشم دەسوتێنێت. هەر خۆشم زۆر حەزم لەو جۆرە سوتانەیە. هەمیشە حەزدەکەم لەبەردەم ژووری (هۆنین) دا، هەر بسوتێم و هەر بسوتێم و قەت قەت سوتانم دانەمرکێتەوە.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# شەوی سوور

ماوەیەکە جوانی و لەنجەو لاری (هۆنین) تەواو هیلاکی کردووە. ئێستا هیلاکم و دانیشتوومە. چاوەڕوانییەکی تاڵ داڵغەکانمی خستۆتە سەر کوپە قاوەکەی بەردەمم. هەرکە ڕەنگی کاڵ دەبینم دڵم تێکدەچێت و کافتریاکەو ڕۆژنامەیش پڕ دەکەم لە ڕشانەوەی نووسین، هەزاران وشەی ڕووت لەدەممدا دەردەپەڕن، ناوێرم هەڵبستمە سەر پێ و بڕۆم! هەرکە هەنگاو دەنێم، هەنگاوەکانم پڕ دەبن لە گڕی ئاگر، هەر چەند هەنگاوم زیاتر بنێم گڕی ئاگرەکە بەتینتر دەبێت. خۆشم حەز ناکەم بەردەوام بم، دەزانم بەردەوامبوون واتە: سووتانی هەموو کافتریا و باڵەخانەکە، ئەگەریش هەر دابنیشم زیاتر و زیاتر ئەو دڵەحیزەم تێکدەچێت و ئەم دونیایەش بە ڕشانەوەی نووسین بۆگەنی تر دەکەم.

پیرە پیاوی کافتریاکە، کە پیاوێکی ورگنە و هەمیشە بۆنی شەرابی لێدێت. تاوێک چاو لەسەرم لانابات و هەر سەیرم دەکات، دڵم بەو سەیرکردنە تۆقێنەرەی تێکچووە. دەزانم خۆ ئەگەر بڕشێمەوە، ئەمجارە تووشی شەڕێکی ئابڕووبەرانە دەبم لەگەڵ ئەو ورگنە.

دەنگی مۆسیقای کافتریاکە، هەمان دەنگی مۆسیقاکەی ژووری سەرنووسیارە، هەموو ئەوانەی لە کافتریاکەدا دانیشتوون بەدەم گوێگرتن



www.mukiryani.com

له مۆسیقاکەوە نووقمی خەیاڵەکانیان بوونە. ئەوەی سەیر بوو بەلامەوە، هیچ کەسێک نەدەهاتە سەر مێزەکەم.
لەناکاودا دەنگێک، تێکەڵ بە سەدای مۆسیقاکە، وەلێ دەنگەکە بەرزتر بوو. بەرزییەکەی وای کردبوو بەسەر مۆسیقایەکەدا زاڵ بێت. گوتی:
-«سلاو دڵیا، دەتوانم دابنیشم ؟».
-«بەڵێ . فەرموو. » دوایی سەیرکردنی وامگوت .
ئەوەی کە بیرم لێ دەکردەوەو خەیاڵەکانمی داگیر کردبوو، ئێستا خۆی داوای ئەوە دەکات، کە لەلام دابنیشێت، جووتە چاوەکاڵەکەیە (هۆنین)ە. بەس هێشتا لە خۆم و بیرکردنەوەکانم بە گومانم و دەترسم هەر خەیاڵ بێت. هاتنەکەی هێندە کتوپڕ بوو، حەزم نەدەکرد چاوی لەسەر لابەرم، یاخود چاوم لە سەیرکردنیدا بتروکێنم. ئەو زوو هەستی بەم حاڵەتەم کرد، بە بزەیەکی بێ رۆح سوپاسی کردم. هەمیشە هەموو ژنەکان وان، ئەگەر هەست بە دۆخی ئاوایی بکەن و خۆیان هیچ مەبەستێکییان نەبێت، بە بزەیەکی سارد و مردوو سوپاست دەکەن. ئەوەیش بەس بوو بۆ ئەوەی کە حاڵەتەکە پەرتەوازە بکات. ماوەیەک بێدەنگ بووین، وەک بڵێی نەمانەوێت جارێکی دیکە قسە بکەینەوە. من تاقەتی ئەوەم نییە، بیر لەو نەکەمەوە. لە سوچی ژوورێکدا خەیاڵەکانی داگیری کردووم. لەبەردەم پەنجەرە نیوەکراوەکەدا، ڕادەوەستم. بیر لە چاوەکاڵەکانی (هۆنین) دەکەمەوە. هەست دەکەم ئەگەر مانگ کەرتێکی دیار نەبێت، ئەوە بێگومان کەرتەکەی لەسەر زەوییە و (هۆنین)ە. بیر لە زۆر شت دەکەمەوە، بەتەواوی نازانم چییە؟ دڵنیام (خدرپەپوولە) بەمە بزانێت، قسەیەک دەکات.



www.mukiryani.com

بیر لە (هۆنین)ی یەک پارچە مانگ دەکەمەوە، تەنانەت بیر لە وانەیش دەکەمەوە کە چاوەکانیان کاڵە. من عاشقی چاوەکان و جوانی و لەنج و لای (هۆنین) بوومە. ئەویش بۆیە لەناکاو و کتو پڕ هاتبووە لام، بۆ ئەوەی لەبارەی بابەتگەلێکەوە کتوپڕ قسەم بۆ بکات. لەسەرووی هەمووشیانەوە، دۆزینەوەی ڕێگەیەک و دەرچوونی لەم شارەدا.

ئێستایش خۆم دەخزێنمە ناو خەیاڵە ئیرۆتیکەکان کە میوانی هەموو شەوێکمە. ئەو دونیایەی کە خۆم بە خەیاڵ دروستم کردووە. ئەمە خەیاڵەکەمە.

ئێستا لە کافتریاکەدا (هۆنین) لەگەڵم دانیشتووە، ڕەنگە قسەی دیکەشی کردبێت و من لەبەر خەیاڵکردن نەمزانیبێت. ئەو قسەم بۆ دەکات و داڵغەکانم دەخەمە سەر کوپە قاوەکەی بەردەمم و تەنانەت لەلای ئەویش هەر بیر لە چووتە چاوەکاڵەکانی دەکەمەوە. بە خەیاڵ پێی دەڵێم:

-«بیر لە گۆنای مەمکی چەپت دەکەمەوە؟».

پیرە پیاوە تووڕەکەی کافتریا بە بێزارییەوە دەپرسێت:

+«چی دەخۆیتەوە؟».

ئەمەی بەدەنگێکی گڕ و ناخۆش. ئەو دەنگەی وەک گزۆزی ماتۆڕ گڕ بوو، ئەو دەنگەش بۆ خەیاڵەکانم بەس بوو، کە لەنێویدا بەرببمەوە.

-«ئەگەر ئەزیەت نەبێت، شیرێکی خەست؟».

(هۆنین) ئەمەی بەدەنگێک گوت، زۆر لەسەدای مۆسیقای کافتریاکە خۆشتربوو. پیرە پیاوەکە ڕووی قسەی کردە من و گوتی:

+«دەزانم وەک من مەستی، وەلێ نەکەی بڕشێیتەوە!»

سەیرێکی پیرە پیاوەکەم کرد، لە سەیرکردنم هەزاران قسەی پڕ تەنز دەخوێنرایەوە. وەک ئەوەی ئەرێ پیرە پیاوی گووگەورە، جارێ بەر لە هەموو



www.mukiryani.com

شتێکدا تۆو ئەو کارەیان نەگوتووە؟ هەقە لەسەرەوەی دیوەخانێکی چۆڵدا دات بنێن و دووبالیفت بخەنە بن ئانیشکەوە، کۆنترۆڵی تەلەفیزیۆنیشت بدەنە دەست و لێت گەڕێن. بەچاوە زەقەکانیشتەوە دیارە، دەیکەتە فیلمی قۆڕ قۆڕی وەک خۆت. وەک وەرامێک بە بزەیەکی گاڵتەجارییەوە، سەیری پیرە پیاوەکە دەکەم. (هۆنین) زوو لە دۆخەکەم ئاگاداربۆوە، بە بزەیەک زۆر شتی پێگوتم و دڵم بە بزەکەی وەک کرێکارێکی ماندوو و تێنوو، جامێک ئاوی فێنکی خواردبێتەوە، وەها هەستی بە حەسانەوە کرد. جگە لە (هۆنین)یش کە لەوە ئاگاداربوو کە نیازی ئەوەم هەیە لێرە بڕۆم. ئێستا کارێکی دیکەم دەستکەوتووە. وەلێ بەرلەوەی بڕۆم دەمەوێت بە یەکەوە بخوینەوەو شەوێکی سوور ساز بکەین. بە بیستنی قسەکانم، هەستم کرد (هۆنین) دەمی ئاوێکی شیرینی کردو چەندجارێک قووتی داوە.

ئێوارە ژووانمان لە ژووری ژمارە چلوپێنجدا هەبوو. لەگەڵ (هۆنین) خوانێکی سادەمان ئامادەکرد و دەستمان بە خواردنەوە کرد. (هۆنین) بیرەی دەخواردەوە و منیش ڤۆدگا بە ئاوی هەنار. هەتا مەست و حەیران بووین خواردمانەوە. (هۆنین) خۆی خستە ناو باوەشم و کەوتە بۆنکردنی سینگم. چەند قسەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی کرد، کە تێینەگەیشتم. منیش سەرم خستە سەر ڕانی. ئەویش وەک دڕندەیەک کەوتە داکەندنی جلەکانم و رووتی کردمەوە. منیش لەو دڕندەتر و وەک ئەوەی ساڵەهای ساڵ بێت چاوەڕێی شەوێکی وەها بکەم، کەمتر لەکاتی ئەو جلەکانم لەبەر کردنەوە. دەم و چاوی بە سینگمەوە نووساند. کە گوێچکەی گوێم مژی، هەستم بە خاوبوونەوەی زیاتری (هۆنین) دەکرد. دوای هاوجێییەکەش (هۆنین) منی پڕ لە ئومێدی تازە کرد.



www.mukiryani.com

# نووستن جۆرێکی دیکەی پەیڤین

ئەمشەو هەستمکرد، (خوێنەری تارمایی) تووڕەیە. بەهۆی ئەو سێبەرەیەوە، تەواو هەستم بەوە کرد کە (خوێنەری تارمایی) تووڕەیە. تارماییەک، بێدەنگییەکە شەق دەکات و لەگەڵم دەپەیڤێت. بەر لە پەیڤین دەزانم کە (خوێنەری تارمایی)یە. جگە لە ئەو کێی دیکە هەیە، ئاوێتەی بوونم بێت و پەیڤین لەگەڵ ئەو دیوی بوونیشمدا بکات؟ کێ هەیە ببێتە خوێنەرێکی وەها؟

+«تۆ هەر خەریکی ئەو شتە قۆڕانەی پێم ناڵێیت، تەواوی چیرۆکە درێژەکانی ئەو شارە لە چییەوە دەستپێدەکەن و کۆتاییان دێت؟».

–«پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە».

ئەمەم گوت و کەمێک بێدەنگ مامەوە و بیرم کردەوە. دواجار لەناو بیرکردنەوەمدا، دەمگوت:

–«بەگشتی نووسین جۆرێکە لەبێتاقەتبوون، نووسین جۆرێکە لە سەرئێشەیی. بۆیە ئەگەر هەستت کردبێت، منیش زوو زوو خەوم دێت و دەخەوم! بەهەمەحاڵ تەواوی چیرۆکەکانی شاری (سێبەرەکان) سێکس و شۆرەت و پارە و سێبەربوونە».



www.mukiryani.com

+«چۆن نووسین بێتاقەتییە! کەواتە نووستنیش جۆرێکە لەنووسین».
هەستێکی سەیر دایگرتم! هەمیشە لە دۆخی ئاوادا هەستی سەیر دامدەگرێت. (خوێنەری تارمایی) پرسیارێکی ئاوا بکات، جێگەی هەستی ئاوایە. تەنانەت ئەوەی کە هەستێکی هەمیشەیی بۆ من دروستکردبوو، بۆیە بەم هەستەوە گوتم:
-«خودی نووسین بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیڤینیشە، تەنیا خوێنەری هۆشیار دەتوانێت بەئاگای بێنێتەوە، هەڵبەتە لەرێگەی هۆشیاری خۆیەوە هۆشیاری بکاتەوەو لەو خەوە قووڵە بە خەبەری بێنێتەوە.»
+«لەوانە خودا بۆیە زەویشی خڕ دروستکردووە، بۆ ئەوەی پان و بۆڕ نەبێت تاکو نووستن و خەویش کەمتر بێتەوە، تۆ چی دەڵێیت؟»
کەمێک بێدەنگی ...
-«ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە حیزبەکانی وەک حیزبی قەسابەکان نەتوانن لەوسەری دونیاوە، تاکو ئەو سەری دونیا ببینن».
+«ئەی دوور ڕوانین پەیوەندیی هەیە، بەسەر شۆڕکردنی مرۆڤەکانەوە؟».
دیسان بێدەنگی، وەلێ کەمێک ترسناکتر و درێژتر...
-«مرۆڤەکان با تەنیا ئەوکاتانە سەریان شۆڕبکەنەوە، کە دەیانەوێت تف فڕێ بدەن».
+«زۆر سەیرە ئەمشەو! یان تۆ دوور دەڕوانی، یانیش من، بەڕای تۆ کاممانین کە دوور دەڕوانین ؟».
-«نازانم کاممانین! وەلێ تۆ تەنیا ئەوکاتانە دوور بڕوانە کە چاوت رووناکیی دەبینێت، چونکە رێگەی تاریک ئەنجامی دۆڕاوی لێ بەجێ دەمێنێت».
+«ئەگەر بمەوێت لەبەر دەستی تۆ رابکەم و بچمە ناو ئەو دونیایەوە، ئایا چۆن دەتوانم لەگەڵ مرۆڤەکانی شاری (سێبەرەکان) هەڵبکەم؟».



www.mukiryani.com

-«یان نابێت بژیت، یانیش کە بژیت، دەبێت سێبەر بیت».
+« ئەم شارە دەروونی بۆگەنی بووە...».



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# ژنە سۆزانییەکە

لە دوای ئەو شەوەوە، هەرکە بەیانییان (هۆنین) بەیانی باشی لێم دەکرد، لەگەڵ بیستنی یەکەم پیتی (ب) دا، یەک بە یەک خانەکانی لەشم خاو دەبوونەوە. دەمویست لە دوای وەرامدانەوەی بەیانی باشەکە، چەند قسەیەکی دیکەیش بکەم، وەلێ کە سەیری رووخساری ئەوم دەکرد، قورگم وشک دەبوو. نەمدەتوانی یەک وشەش بدرکێنم. تەنیا بەو پەڕی تامەزرۆییەوە سەیرم دەکرد.

(فەرید سمێڵگەورە)ش چەندجارێک ژنی سۆزانی دیکەی دەهێنان بۆ (خدرپەپوولە). نازانم بۆ یەکیان حەزمکرد بزانم لە ژوورەوە لەگەڵ (خدرپەپوولە) چی دەکەن. رەنگە ئەوە نموونەی کۆی چیرۆکی ژنە سۆزانییەکانی دیکەیش بێت لە ژوورەوە. ئەو سۆزانییە ژنێکی مەکربازبوو، بۆیە تێگەیشتنیش لە ژنی مەکرباز بۆ پیاوێکی هەوەسباز زەحمەتە. نیوەڕۆی ئەو رۆژە (خدرپەپوولە) لەژوورەکەی خۆیدا بوو. دوای ئەوە (فەرید سمێڵگەورە) ژنەکەی بردە لای و گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. دەنگی مۆسیقایەکی دڵگیر بەکزی لە ژوورەکەوە دەهات و دەنگی هەردووکیان نەما، یاخود دەنگی هەردووکیان ئاوێتەی سەمفۆنیای مۆسیقایەکە بوو. دوای ئەوە دەنگییان لەناو سەدای مۆسیقایەکەدا ون



www.mukiryani.com

بوو. منیش چەند ڕۆژێک دەبوو چاوڕێی ئەو ڕۆژەم دەکرد. چاوەڕێی دەنگی مۆسیقایەکەم کرد. لەو کونەی جێگەی کلیلیدەرکەوە سەیرم کرد. (خدرپەپوولە) و ژنە سۆزانییەکە بەرانبەر یەکتری دانیشتوونە (خدرپەپوولە) وەک هەمیشە کە قسەی دەکرد کلێنکسێکی دەخستە ناو دەستەوەو بە دەست و بەدەم قسەی دەکرد و دەستیشی لەگەڵ قسەکردن دەهێناو دەبرد، وەک ئەوانەی یەک دوو شت لەبارەی چەمکی ڕۆشنبیری و سیاسەت دەخوێننەوە، ئیتر لە تەواوی کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەیلێینەوەو دەیکەنە بنیشتە خۆشەی سەر زمان. بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییشیان زیاتر دەربخەن، کلێنکسێک بەدەستەوە دەگرن و دەست دەکەن بە قسەکردن. ژنە دەستی ڕاستی خستبووە بن چەناگەیەوە، بەدەم سەیرکردنەوە گوێی بۆ گرتبوو. (خدرپەپوولە)ش ناوە ناوە لە قسەکردن دەوەستاو ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا. هەر چەند لە ئاهەکانی ورد دەبوومەوە، تەواو تێنەدەگەیشتم.

دوای کەمتر لە کاتژمێرێک دژنە هێدی هێدی دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵیەوە. سەرەتا گرتە باوەش و دەمی خستە ناو پرچییەوەو هەردوو دەستی لە کەمەری گیرکرد، بە توندی بەخۆیەوە کوشی. ژنە سۆزانییەکە کەوتە حاڵەتێکی سەیرەوە.

لە بۆنکردنی پرچییەوە بەباڵای زراڤی هاتە خوارەوە. گەردەنی سپی دڵرفێن... بناگوێ... سینگی جەرگبری...

ژنە سۆزانییەکە هەر لەحاڵەتی خۆیدا دەتوایەوە، کە جووتە لێوە خونچەکەی مژی، بە ئەسپایی قەمیسە ڕەشەکەی لەبەرکردەوە. ڕووخساری ژنەکە بەم قەمیسە ڕەشەوە لە ئەستێرەی شەوانی ئەنگوستە چاوی دەکرد. ئەتەکێکی سپی پاکی لەژێر قەمیسەکە لەبەر بوو، ئەویشی لەبەرکردەوە. جووتە ستیانێکی پەمەیی کە ڕۆحی پیاوانی وێران دەکرد. بەپەلە کەوتە



www.mukiryani.com

کردنەوەی ستیانەکە. دوو کۆتری سپی سەربڵند و دەنووک سوور. نازانم بۆ لەوە زیاتر نەمتوانی سەیریان بکەم؟ گەڕامەوە سەر کورسییەکەم. خەیاڵ بردمیەوە.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# چیرۆکی کوڕە دڵقووپاوەکە

(هۆنین) دەگریاو منیش نەمدەزانی بۆچی دەگرییەت؟ سەرەتا (هۆنین) نەیدەتوانی وەرامم بداتەوە، سەرەنجام کە (خدرپەپوولە) چووە مەکتەبی راگەیاندنی حیزبەوە، (هۆنین) ئەوەی بەدەرفەتێکی باشی زانی. بۆ ئەوەی چیرۆکی خۆی بۆم بگێڕێتەوە. تا ئەوکاتە بیرم لەوە نەکردبۆوە، کە گێڕانەوەی چیرۆکیش کاتی دەوێت و دەبێت کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکان لەبار بن. لە چیرۆکی (هۆنین)یشەوە تێگەیشتم رابردووی مرۆڤەکان پڕە لە چیرۆکی سەیر. لە دوای چیرۆکەکەشەوە، هەرچەند دەمکرد نەمدەتوانی خۆم لە کابووسی ئەو چیرۆکە غەمگینەدا ڕزگار بکەم. لەناو ناخی هەر مرۆڤێکدا کۆمەڵێک چیرۆک هەن، بەشێکی ئەو چیرۆکانە لەگەڵ رۆژگار و زەمەنەکان دەگۆڕێن، یان لەگەڵ رۆژگار و زەمەنەکان دەڕۆن. (هۆنین) ئەو رۆژە گرێکۆڵەی چیرۆکەکانی ژیانی خۆی وەها بۆ کردمەوە. هەموو ئێوارەیەک بەر لەوەی خۆر دیوی تاریکیی خۆی نیشانبدات، وەک کابووسێکی ڕەزاگران بەرۆکی دەگرتم و دڵی وەک بێچووە کۆترێک لە هێلانەکەمدا هەڵدەفڕێنێت. لە تەواوی ئێوارە سوورەکانیش لەڕۆحەوە بە کوڕە مەعشوقەکەم دەگوت:

+ «هەتاکو تۆ بوونت لەم کۆلانەدا بمێنێت، بیانوویەکی سوورمان



www.mukiryani.com

دەمێنێت».
-«من گوێم گرتووە، دوای ئەوە چی ؟».
+«ئێوارەیەک ئەم کوڕە پازدە خولەک درەنگتر لەکاتی خۆی گەڕایەوە. ئەو هەمیشە کە دەگەڕایەوە ڕێگەکانی سوور دەچوونەوە، من وەها هەستم بە هەنگاوەکانی دەکرد. کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت! بەیانیان ون دەبوو، تاکو ئێوارە. هەموو خەیاڵەکانم لەبەردەرکەی ماڵەکەیاندا دەستپێدەکەن و هەر لە وێیشەوە کۆتاییان پێ دێت. شەوەکانم پڕ ببوون لە کابووسی سوور».
(دوای نیوخولەک)...گوتم :
- «ئەوە کێیە ؟»
هەر زوو وەرامی دامەوە، وەک بڵێی چاوەڕێی یەکەم وشەم بوو بێت، گوتی:
+ «کوڕێکی دڵقووپاو» .
وەرامەکەی بەلامەوە مایەی پێکەنینێکی گاڵتەئامێز بوو، بۆیە بە پێکەنینەوە، وەرامم دایەوە.
- «کوڕێکی دڵقووپاو!».
دەمزانی هەمان ئەو کوڕەیە، کە ڕێگەکانی دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی ڕێگەکانی ماڵەکەمان. هەموو یادەوەرییە سوورەکانی لە خاشاکی تەمەنی مندا بەجێماون. ژیانی هەزاران ڕێگەی پێچاو پێچی لەبەردەمە، کەچی تەنیا یەک وێستگەیان هەیە و هەموو هەنگاوەکانی لەم وێستگەیە دەست پێدەکەن و لەهەمان ئەم وێستگەیەش کۆتاییان دێت. بە دەنگێکی غەریبی تێکەڵ بە هەنسکی گریانێکی قووڵەوە، گوتی:
+ «بەڵێ، دەمەوێت قسە بکەین و لەبارەی رابردووشەوە بمبووری!


www.mukiryani.com

ڕۆیشتنەکەم لە دەستخۆم نەبوو، بۆیە نەمتوانی بەرگری لەوە بکەم کە نەڕۆم» .

لەگەڵ بیستنی قسەکانی دەنگی پێکەنینەکەم بەرزتر بۆوە، وەک ئەوەی بەکۆنترۆڵ ژمارەی دەنگی سێدییەک زیاد بکرێت، بەڕێژەیەکی زۆریش. پڕ بەو پێکەنینەوە گوتم:

– «دەمزانی رۆژێک باجی ئەو رۆیشتنەت دەدەیت و بەسەر ئەو شتانەدا دەگەڕێیەوە ، کە چاوەڕوان نەبووی. دەتەوێت بڵێی هێشتان بیانوویەکی سوورمان ماوە».

دەرکەکەم کردەوە، دەیزانی سینگە ڕووتەکەم شێوەی باغێکی بێ پەرژینە، کە لەنێودەرکەکەدا بەدیار کەوتم، بۆنێکی خۆشم لەگەڵ کردنەوەی دەرکەکەدا بە کوڵانە سوورەکەدا بڵاوکردەوە، تاکو کوڵانەکە مەست و حەیران بێت. ئەوکات دایکم مردبوو، ئەرکی ماڵەوەش لەسەر من بوو. برا بچووکەکەشم لە قوتابخانە دەیخوێند و ئەویش دەبوایە لە هەموو لایەنەکانەوە ئاگام لێی بێت. باوکیشم هەروەکوجاران سەرخۆشە و هەر خەریکی عارەقخواردنەوەیە. پرچم بەجۆرێک شانە کردبوو، چەشنی کەپرێکی ترێی ناو چیایەک جوان! هێندە جوان، جوانتر بۆ لە سێدارەدانی ئەو و هەڵواسینی دڵەقۆپاوەکەی. بە خەندە بێ ڕۆحەکانم درۆم بە هەموو ژیانی کرد. تەمەن لەبەردەمیدا وەک مریشکێکی سەربڕاو پەلەقاژەی مەرگی بوو. تەمەنی پیاوی ڕووخاو بەدەست ژنانی هەوەسبازی وەک منەوە، چەشنی بووکە پەڕۆیەکی منداڵانەیە. پیاو لەبەردەم ئەم جۆرە ژنانەدا، وەک ڕووبارێکی پیر خوڕەی هیلاکی لێوە دێت. سینگە بەفرینەکەی منیش لەبەردەمیدا سوور دەچۆوە، بۆ ریسوابوونی زیاتری ئەو. وەک ئەکتەرێکی زۆرزان و بە ئەزموون بەلار و لەنجەی تاوس ئاسا



www.mukiryani.com

سەیری ناو چاوی ئەوم کرد، ئەویش پارچە پارچە لەبەردەممدا بەردەبۆوە.

– «دەبێت زوو قسەکانت بکەیت، با کەس بەیەکەوە نەمانبینێت. من ئێستا هەمان ئەو کچەی جاران نییمە! من ئێستا ژنی هەموو پیاوەکانی دونیام».

+« (هۆنین) ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟ ژنی چی؟».

–«خۆت بەمنەوە سەرقاڵ مەکە!».

+ «بمبوورە، وەلێ دەمەوێت بزانم دوای ئەوەی رۆیشتم، چەندجار شووت کردووە».

–«نەخێر».

+« ئەی کەواتە، چۆن ژنی هەموو پیاوانی دونیایت».

–«دوای تۆ دایکم مرد..،».

ئەو نەیهێشت قسەکە تەواو بکەم و درێژە بە ناوەڕۆک و وردەکارییەکان بدەم.

+« ئەوە دەزانم! ئەو کاتەی لە رووسیا بووم، ئەوەم بیست و زۆر بێتاقەتی کردم، چونکە دەمزانی دوای ئەوە هەم ئەرکی تۆ لەماڵەوە گران دەبێت و هەمیش باوکت لەگەڵدا خراپ دەبێت».

–«باوکم دوای نەمانی دایکم، زۆر لەگەڵم خراپبوو، جگە لە لێدان و بە سووک سەیرکردن، شەوێک خۆی کوتا بە ژوورەکەمدا. ئیتر هەموو شتێکم کۆتایی پێهات».

+« (هۆنین) دڵم وەک ماری سەرئاگری لێهاتووە، زوو پێم بڵێ: چی بوو؟».

–«هەموو شتێکی کۆتایی پێهێنا».

+ «شتی وەک چی؟».



www.mukiryani.com

هەر چەند کردی نەیتوانی تەنیا رستەیەکی شیاو بۆ وەرامدانەوەم دروست بکات. دەشێت هەزاران ڕستەشی پێبوو بێت، وەلێ لە سیمای ئەودا هەزاران چیرۆکی نوێ خۆیان ڕاڤە دەکرد. سیناریۆیی ڕۆمانی مەرگ و ژیان، لە فیلمی ژیان و مەرگدا ڕەنگییان دەدایەوە. هەمیشە لە شارەکەی خۆیدا هەستی بە بۆشایی رۆحی دەکرد و هیچ شتێک بۆ ئەو لە شوێنی شیاوی خۆیدا نەبوو، تەواوی ژیانی خۆی لەسەر پەردەیەکی ڕەش بۆم نمایش کرد. هیچ بەهایەک بۆ ژیانم، بۆ عەشقی من نەمایەوە، بۆ ئەویش تەنیا هەڵاتن نەبێت بەرەو ڕێگەیەکی تاریک. نیشتمانی مەعشوقەکەمان تاڵان کرا، ستیانەکانیانم خستە سەرمێزی قوماری شەوانەی پیاوانی حیزبی (قەسابەکان)ەوە. مایۆکانیانم لە مەزادخانەی سیاسەتی ئەو حیزبەدا هەراج کرد. کاتێکیش کە گەڕایەوە چیرۆکی عەشقەکەمان تەنیا دوو کەوانەی سووری تێدا مابوو، کە لەناویدا نووسرابوو:

-«بیانوویەکی سوورمان ماوە!» .

بەدەم گێڕانەوەی چیرۆکەکە (هۆنین) سەیری دەکردم، کە من هێدی هێدی کابووسەی چیرۆکەکە دەمگرێت. (هۆنین) وشەکانی هزری ڕێک خستەوەو دووبارە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد.

چیرۆکەکە، هێندە کاریگەریی بەسەرمدا دروستکردبوو، وەک کابووسێکی بەهێز دەروونمی داگیرکردبوو. ئەو رۆژە کە لە باڵەخانەکە هاتمە دەرەوە، تەنانەت پاسی گەڕەکەکەشمان نەمابوو، ناچار دەستم لە تەکسییەکی زەردی کاڵ راگرت. لەناو تاکیسییەکەدا هەستم دەکرد، سەر کۆشم تەڕ بووە. فرمێسکی گەرم بە هێمنی لە چاوانمدا دەهاتە خوارەوە. لەبەردەم باڵەخانەکەدا دابەزیم. بەر لە من، (خوێنەری تارمایی) لە ژوورەکەم بوو، سێبەرەکەی بەسەر پەڕە پەرتەوازەکاندا دەبینرا. کە دەرکەکەم داخست



www.mukiryani.com

و چوومە سەر جێگەکەم. ئەو دەستی کرد بە پرسیارکردن. سەرەتا نەمدەویست هیچ پرسیارێکی وەرامبدەمەوە، وەلێ نە پرسیارێک و نە دوان، وازی نەهێنا تاکو بە هێزی پرسیارکردنەوە منی بە قسە هێنا.

+ «بۆچی بێتاقەتی ؟».

هەر چەندە تاقەتی قسەکردن و دانیشتنم نەبوو، بەس خوێنەری تارمایی هاوڕێیەکی نزیکم بوو. هەر چەند کردم نەمتوانی وەرامی نەدەمەوە، کە ئەو بیەوێت لە دۆخ و حاڵی من بپرسێت.

- «نازانم بڵێم بۆچی بێتاقەتم؟».

+ «دە پێم بڵێ بۆچی بێتاقەتی؟».

-«پرسیاری دووبارە مەکە! زۆر بێتاقەتم و ناتوانم وەرامت بدەمەوە. تەنانەت تاقەتی گوێگرتن لەخۆشم نییە. کاتی ئەوە هاتووە بە شێوەیەکی تر بیر بکەمەوە. دەزانی وەک چی؟ تەنیا بە سەیرکردن یەکتری بخوێنینەوەو لە ڕێگەی سەیرکردنی یەکترییەوە گوتووێژ بکەین. مەبەستم تۆ نییە، تۆ کە نابینرێیت!».

+« حەزدەکەم بێتاقەتی، کەواتە با ئەمشەو جیاواز بێت و تۆ پرسیار لەمن بکە؟».

- «ئەوەی من سەری لێ دەرناکەم ئەوەیە، تۆ لە کەسێکی ڕاستەقینەی ناو خەیاڵەکانم دەچیت، تەنانەت زۆر زۆریش نزیکە لە وشەکانمەوە. لە بوونمەوە، لە هەقیقەتی ئەم گێڕانەمەوە. تۆ پێ ناچێت بەس بە تەنیا خوێنەری تارمایی بیت، تۆ کەسێکی زیندووی ونی. ئایا تۆش وەک من خۆت لەخۆتیشدا شاردۆتەوە؟ ئایا ئەو مەرگە دەستکردەی بەدوامان دەگەڕێت، هی تۆش هەمان ئەو مەرگە دەستکردەییە تۆی کردۆتە تارمایی؟».



www.mukiryani.com

+« ها ها ها ...».

به دەنگێکی تۆقێنەر و بەرز پێکەنی و دواتر گوتی:

- «دەزانی مرۆڤ ناتوانێت بە بێ پرسیار بەردەوامی بەژیان بدات، ئاخر ژیانی هەر تاکێکمان بریتییە لە پرسیارکردن. پرسیار لەبارەی مردنەوە، پرسیار لەبارەی چۆنیەتی بوون و چییەتی ژیانەوە. ئایا تۆ بەدرێژایی ئەو شەوانەی لەگەڵ مندا بەسەرت بردوون، هەڵبەتە ئەو شەوانەی کە تاقەتی نووسینیشت نەبووە، هەستت بەچی کردووە؟».

+ «زۆر شتی پڕ لە دڕدۆنگ».

-«سەرم دێشێت و تاقەتی قسەکردنم نییە، تەنانەت نامەوێت گوێم لە دەنگی خۆشم بێت!».



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# خۆمێکی دیکە

ئێستا کاتژمێر دە و بیست و چوار دەقیقەیە. خەیاڵی سەرجێیی ناهێڵێت خەوم لێبکەوێت. بە تەواوی نازانم ئەو کەسە کێیە و دەبێت ئەمجارە کێ بێت؟ نازانم بەم شەوە چیبکەم؟ حەزیش ناکەم ئەوانەی پێشتر دووبارە بکەمەوە، وەلێ زۆرجار ناچاری هەندێک شت دەبم، کە ڕەنگە قەدەر ڕێکیان بخات. هەستم کرد (هۆنین) لە هەموو ئەوانە شیاوترە بۆ ئەو شەوە، هەڵبەت (هۆنین) ئەگەر هیچی نەبێت، ئەوەی هەیە کە نەرم و نیان و پڕ چێژە لە کاتی جووتبوون. ژمارە تەلەفۆنەکەی (هۆنین)م هێنایە سەر شاشەی مۆبایلەکە، لە دڵمەوە چەندجارێک جنێوم بەناوگەڵم دا.

لە قەراغی دۆشەکەکە (هۆنین) بە رووتی دانیشتبوو، منیش پێمدەگوت: تۆ هەرگیز لەو ژنەی پێش ئێستا ناچیت. یانی بە گشتی ژنانی پێش هاوجێیی، هەرگیز لە ژنانی دوای هاوجێیینی ناچن، چونکە هەست بە شەرم و پەشیمانی دەکەن. (هۆنین) نەیتوانی زۆر نکۆڵی لەوە بکات. دواتر باسی ئەوەی بۆم کرد، کە لەم نزیکانە بڕیارە بچێتە وڵاتی خەونەکانی. بەم هەواڵە هەم دڵتەنگ بووم، هەمیش بەلامەوە سەیر بوو. وەلێ (هۆنین) زۆر بە نەرمی و پڕ سۆزەوە، ئەوەی بۆ باسکردم، کە حەز دەکات بە یەکەوە بژین. وەلێ مەحاڵە و ناتوانێت لەم شارە بە یەکەوە بژین، بۆیە



www.mukiryani.com

شوێنێکی وەکو شوێنی خەونەکانی هەموو گرفتەکان چارەسەر دەکات. دواتر خۆی خشاندە تەکم و دەستی خستە سەر ڕانەکانم. هەواڵەکە بە جۆرێک خۆشبوو، فرمێسک لە چاوانم ڕێچکەیان بەست. زانیم (هۆنین) دەیەوێت قەرەبووی ئەو هەموو ناخۆشی و دژوارییانەی بەسەرم هاتوون، بکاتەوە. ئەو باش لە من تێگەیشتبوو.

هەرکە (هۆنین) ڕۆیشت، هەزاران پرسیار لە مێشکم دەخولانەوە، مێشکم وەک ئاسمانێک دەهاتە بەرچاو، کە پڕ بێت لە باڵندە. پرسیارەکان هەمیشە زۆرتر دەبوون و زۆریش دەبن، وەک بڵێی پرسیارە مێیینەکان لەهەر دەقەیەکدا جارێک ئاوسبن و پرسیارێکی تریان ببێت. ئەم پرسیارەیش پرسیاری دیکە و ئا بەو جۆرە. منیش بە شوێن ئەو هەموو پرسیارەدا، هیلاک دەبم. هێندە عاشقی (هۆنین) ببووم، کە زۆرجار بیرم لە درۆکردن دەکردەوە، چۆن نیشانی بدەم، کە من کەسێکی باشترم. وەلێ لە ئاست چاوە جوانەکانی، کە هەروەک دەنکە ترێکی زەری مەیلەو کاڵی ناو کانیاوێک بوون، نەمدەتوانی. بۆ ئەوەی قەناعەت بە دڵم بهێنم، یان دڵم قەناعەت بە من بـهێنێت. ئەو هەموو عەشقە قووڵە لە دڵمدایە و بەبێ ئەوەی (هۆنین)یش بە تەواوی پێی بزانێت. هێندە عەشقی ئەو ببووم، عەشقی ئەو بە سێکسیش کۆتایی نەدەهات. چونکە دەمزانی کە سێکیسی لەگەڵ (خدرپەپوولە)دا کردووەو کەچی بەلاشمەوە ئاسایی بوو. ئەوانەی جەستە لەیەکترییان کۆ دەکاتەوە، عاشقی نەمر نین. بە نەمانی چێژی جەستەی بەهاری، یان لاوازبوونی چێژ، عەشقەکەیش بەرەو کزبوونەوەو لەناوچوون دەچێت. بیرم لەوە دەکردەوە، شتێک من و (هۆنین) بە ڕۆح و ڕۆحیانەتەوە لەیەکتری نزیک دەکاتەوە. هەرکە بیر لەوە دەکەمەوە، (خدرپەپوولە) لەسەرووی هەموو خەیاڵێکمەوە بوونی



www.mukiryani.com

هەیە. لەسەر هەر کۆڵان و شەقامی بیرکردنەوەیەکم، راوەستاوەو قاقا پێم پێ دەکەنێت. (خدرپەپوولە) هەموو شتێکی لەدەست دێت، هەزاران جار هەڕەشەی ئەوەی کردووە، یەک وشەم لەدەم بێتە دەرەوە، ئەوا بۆ هەتا هەتایە چاوم بەم دونیا ناکەوێتەوە. رەنگە خاتری زۆریشی گرتبم لەبەرانبەر هەڕەشەکەیدا، چونکە ئەو دەیتوانی لەماوەی هەفتەیەکدا، دڵسۆزترین پیاوی شار بکات بە تیرۆریست. تەنانەت نەخشەو پیلانی بۆ ئەوە داڕێژتووە، ئەم شارەیش بکڕێت! ئاخر کڕین چۆن؟ بەچیاو دەشت و تاڤگەو تەنانەت ئاسمانیشی کڕیوە. چیاکانی کردوونەتەوە شوێنی گەشتیاری. تاڤگەکانیشی بەکرێداونەتەوە بە کۆمپانیاکانی وڵاتە گەشتیارییەکان. دەشتەکانیش بست بە بست دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی بەردی بەنرخ و نەوت . دواتریش دەیانکات بە ڤێلا و کۆمپانیا. ئاسمانیشی فرۆشتووە. هەم بە کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت، هەمیش بە کۆمپانیاکانی فڕۆکەوان.

ئەگەر بزانێت هیچ کێشەیەکم نییەو تەنانەت لە حیزبەکەی ئەویش ئاقڵترم، بێگومان ئەگەر گوللەبارانیشم نەکەن، ئەوا بە قوونەوە لەسەر هەزاران بتڵم دادەنێن و هەموو بتڵە شەرابەکانی شەوانەیانم پێ هەڵدەگرن. هەموو شەوانێک لەگەڵ ئەندامە باڵاکانی حیزب دەیانخواردەوەو پیلانیان بۆ پلەی گەورەتر دادەڕشت. دواتریش ئافرەتە کۆیلەکانی سێکسییان لەگەڵ یەکتریدا دەگۆڕییەوە. تاکو گەردی بەیان لە ڤێلاکانی دەورووبەری شاری (سێبەرەکان)دا، رایان دەبوارد.

هەر بەیانییەک (خدرپەپوولە) درەنگ بهاتبوایە رۆژنامە، دەمزانی لەماڵەوە نەبووە. شەوان (خدرپەپوولە) دەبووە گورگ، لە مێگەلە سێبەرەکەی. لەم رۆژانەدا هیچ قسەیەکم نەدەکرد، لەناوەوەی خۆمدا بڕیاری ئەوەم دابوو، کە دوای ئەوەی قەرزەکان بدەمەوە و رووی خۆم لە



www.mukiryani.com

شەرمەزاری قەرزدارەکاندا سپی بکەمەوە، واز لەو ئیشە بهێنم.

شەوان بە بێتاقەتی بیرم لەوە دەکردەوە، کارێکی دیکە بدۆزمەوە. ڕێگەیەکی دیکەی ژیانگوزەراندن بدۆزمەوە. (هۆنین) چەندین ئێوارەی دیکە تەلەفۆنی بۆ دەکردم، داوای دەکرد نان نەخۆم و ئەو بە خواردن و خواردنەوە دێتە لام. ئەو هەمیشە خەمی بۆ بێتاقەتم دەخوارد. هەستم دەکرد خاوەن یەک دەرد و خەمی هاوبەشین. ڕۆژانە پرسیاری ئیشی بۆم دەکردو شەوانەیش دەهات دڵی دەدامەوە، هەر چەندە دەیزانی تەواوی ئیشکردنەکان بوون بە سێبەر، وەلێ پاساوی بۆ ئەمە ئەوە بوو، کە بوون بەسێبەرەکانیش جیاوازن. سێبەر هەیە، تارمایی زۆر تۆخە! هەشە کەمتر. هەموو ئەو ئێوارانەی کە (هۆنین) دەهاتە لام، (خوێنەری تارمایی) دوای ڕۆیشتنی ئەویش هیچ قسەیەک و پرسیارێکی نەدەکرد. زیاتر هەستم بە بۆشایی ڕۆحی دەکرد، تەواو دەرکم بەوە کردبوو، کە (خوێنەری تارمایی) بۆتە بە شێک لە من. لە ژوورەکەمدا هاوارم دەکرد و بەناو کتێب و قاپ و کارتۆنەکاندا سەرم دەهێناو دەبرد، خوێنەری تارمایی هیچ وەرامێکی نەبوو. دەگریام. ئەو بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە ببووە کەسێکی نزیکی من، ببووە بەشێک لە من. بەدەم گریانەوە بانگم دەکرد، ئەو وەرامی نە دەدایەوە، وەک ئەوەی بڕیاری ئەوەی دابێت، ئیتر وەرامم نەداتەوە. چەندین شەو بە دەم گریانەوە، چاوم دەخستە سەریەک و بە زەحمەت خەوم لێ دەکەوت. ڕۆژانیش نەمدەتوانی قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکەم. لەناو ئەو شەوانەدا، شەوێک زۆر گریام و کتێبەکان و دەستنووسەکانم دڕاندن. چوومە بەردەم ئاوێنەکەوە، تێر تێر خۆم جنێو باران کرد. ویستم چەقۆیەک لەناو گەڵم بدەم، نازانم بەتەواوی بۆچی پەشیمان بوومەوە. لە ناو ئاوێنەکەوە، کەسێک دەستی کرد بەقسەکردن!



www.mukiryani.com

هەر لەخۆم دەچوو، وەلێ زۆر زۆر پیر! واتە: خۆمێکی پیر! هەر چەند لێمپرسی تۆ کێی؟ وەرامی ئەم پرسیارەی نەدەدامەوە. هەرچەند گوتم: تۆ (خوێنەری تارمایی)؟ ئەو وەرامی نەدامەوە. کەمێک پێکەنی و ئیتر لێم ون بوو. دوو شەو دوای ئەوە خەریکی دڕاندنی ئەو کتێبانە بووم، کە ببوونە هۆکاری ئەوەی وەک خەڵکی ئاسایی نەژیم و هزر و دونیابینی و ژیانیان گۆڕیبووم. لەناکاو دەنگێک بە تووڕە بوونێکی زۆرەوە، باسی جوانیناسی رۆمانی (بەدگۆڕان)ی کافکا کرد. تازە هەموو ئەو رۆمانانەم دڕاندوون، هەموو ئەو کتێبانەم دڕاندوون.

+«بۆچی رۆمانی (بەدگۆڕان) دەدڕێنیت؟».

ئەمەی بە دەنگێکی بەرز پێمگوت، هەڵبەت کەمێکیش بە هەڕەشەوە. وەلێ هێندە شادوومان بووم بە بیستنی دەنگی خوێنەری تارمایی، کە تەنیا من و خوێنەری تارمایی دەزانین شادوومانییەکە چەند بوو.

-»ئۆۆۆ ی ی ی ی (خوێنەری تارمایی). ئەوە تۆی. چەند غەریبیم دەکردی. راستی (خوێنەری تارمایی) نامەوێت ژیانێکی گەمژانەی وەک کافکا بژیم».

+«تۆ خۆت تەواو تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە! ئەگینا بە کافکا ناڵێیت گەمژە».

-«تەواو من تا ئێستا وەک (غاندی) بیرم دەکردەوەو هەستی تۆڵە سەندنەوەو هەموو ئەوشتانە لە دەروونی مندا مردبوون. هەمیشە دەمویست قوربانی بدەم و ببمە قوربانی و سووتەمەنی کەسانی دیکە، بۆ ئەوەی خۆشتر بژین و ئارامبن».

کەمێک بێدەنگی! دواتر بەدەنگێکی نزم، کە دیاربوو سەدای دەنگەکە تێکەڵ نەبوو بە تووڕەبوونەوە.



www.mukiryani.com

+«من کارەکتەری ناو هەموو کتێبەکانم، بۆیە حەزناکەم قسەی وەها بە نووسیارەکان بڵێیت. ئیتر کتێبەکانیش مەدڕێنە، دەتوانی بیانفرۆشیەوە».
- «ئەوە کتێبی تازە نافرۆشرێت، ئیتر کێ کتێبی کۆن دەکڕێت؟ ئەم شارە رقی لە کتێبە».
دوای ئەم پرسیارە هەستم کرد، ئەو بێدەنگییەی بۆ دۆزینەوە وەرامێکی شیاوە. یان باشترە بنووسم، دروستکردنی وەرامێکی شیاوە. بێدەنگی. دیسان هەر بێدەنگی! دەمزانی خوێنەری تارمایی دەیەوێت بابەتەکە بگۆڕێت. هەرواشبوو.
+« بوونی تۆ هەبوونی چییە ؟».
-«هیچ! واتەیەک بۆ بوونی من نەماوەتەوە. تەنیا بۆ ئەوە ماوم، ئەوەندەی ژیانم ماوە ئازادتری بکەم . تێگەیشتم ژیانێکی خۆش، ژیانێکی ئازاد، ژیانێکی بە بێ سێبەر، لێرەدا سێبەربوونە».
+« تێگەیشتم. لێرەدا گەورەکردنی ئافرەتیش بەندە بە سێبەربوونی پیاوەوە، بەندە بەسێکسەوە ؟».
- «ئافرەت چەند زیاتر سێکس لەگەڵ پیاوانی حیزبەکەی (خدرپەپوولە) دا بکات، زیاتر باڵاتر دەبێت، تەنانەت جگە لە بەرزبوونەوەی مووچەکەی، مووچەی تریشی دەبێت».
+« ئەی ئەو ئافرەتەی خۆی نەفرۆشێت؟».
-«لە شوێنی خۆیدا، وەک گۆمێکی مەنگ هێدی هێدی قەتیس دەبێت، یانیش بەبیانوویەکەوە بەرێی دەکەن بۆماڵەوە».
+« ئەی ئەگەر...؟».
قسەکانیم پێ بڕی! ئەو دەیویست لە نێو ئەو بێئاقڵیەی شاری (سێبەرەکان) دا، دەتەوێت بەهۆی پرسیارکردنەوە کەسێکی ئاقڵ بدۆزیتەوە. بەسسە!



www.mukiryani.com

سەرم وەک ئەوەی پارچە مسێکی گەورەیان لەناوی بارکردبێت، هێندەو بگرە زیاتریش قورسە. ببوورە، ئەمشەو چیتر پرسیار مەکە. ئەوانە بەرازن لەگەڵ یەکتریشدا جووت دەبن. لەوە زیاتر باسی چیت بۆ بکەم؟ تۆ لەوە زیاتر دەتەوێت چیتر بزانی؟



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# جیهانی دەرەوە بە ئاسانی ناگۆڕدێت

تاکو ئێستایش دەترسم و غیرەتی ئەوەم نییە پەنجەرەی ژوورەکەم بکەمەوە، سەیری دەرەوە بکەم و یەک بە دەمم هاوار بکەم و ئەوەی لە دڵمە بیڵێم. غیرەتم نییە خۆم بکوژم. رەنگە دەستی غیرەتم بۆیە کورت بێت، ژیانم لە مەرگ خۆشتر بوویێت. ئێستا (هۆنین) ئومێدێکی سەوزی لە دڵمدا ژیاندۆتەوە. ئێستا تەواو هەست بە شتەکانی دیکەیش دەکەم. دەزانم خۆشیش هەیە و ژیان بریتی نییە لەو شارە. ژیان تەنیا ئەو شارە نییە، ئەگەر بگەینە خەونەکانمان دووبارە دەست بەژیان دەکەمەوە. ژیانێکی خۆش دەژیم. بەتەواوی نازانم بۆچی وەستاوم. ئەوە خۆشترین ساتە بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە تەنیایی خۆم و ژوورەکەم پەرتەوازە بکەم. جیهانی ژوورەکەم و جیهانی دەرەوە، دوو جیهانی چەند جیاوازن. جیهانی ژوورەکەم بەدەستی خۆمە و دەتوانم چۆنم بویێت وای لێبکەم و بیگۆڕم، وەلێ جیهانی دەرەوە هەرگیز بە ئاسانی ناگۆڕدرێت. ئەوە درۆیەکی گەورەیە کە نووسین بتوانێت جیهان بگۆڕێت.

زۆرجار نووسین ناتوانێت ئەو نووسیارە درۆنووسانەیش بگۆڕێت، کە بە درۆ فێڵ لە ناوەوەی خۆیان دەکەن. جیهانی ژوورەکەم ئەگەرچی بچووکە، وەلێ هەموو شتەکان لە جەوهەردا لەلای منەوە گەورەن. هەمیشە وا



www.mukiryani.com

بیردەکەمەوە، کە نابێت لە هەوڵدانی ئەم گۆڕانکارییە بوەستیت و بێئومێدیش بیت. لێرەدا رقم لە (ئەرستۆ) دەبێتەوە، ئەو لای وایە کە مرۆڤەکان ئەگەر بیانەوێت رەوشی کۆمەڵگەیەک بگۆڕن، لە دەستپێکی ئەم گۆڕانکارییەوە، دەبێت لە خودی خۆیانەوە دەست پێ بکەن. دەبێت شتێک هەر بکەم، بۆ نموونە: شوێنی خەوتنم دەگۆڕم. لێرەوە هەمیشە باوەڕم وایە، ئەوەی ئێستا بە زەحمەت بۆت دەلوێت، دەشێت سبەی زۆر بە ئاسانی بۆت بلوێت. کاتێک مرۆڤەکان زۆرترین ماوەی ژیانیان تێکەڵ بە تەنیایی دەکەن , بە چەشنێک لەگەڵ شتە بێ گیانەکان دەبنە هاوڕێ، کە زۆرجار لەگەڵ بە گیانەکان ئەم دۆستایەتییە گەرمتر دەکەوێتەوەو کەمتر بەلای ئەوانە هەستی پێ دەکرێت. ئێستایش من تەواو هەست بەم حاڵەتانە دەکەم. لەگەڵ بەتانی و بالیف و دۆشەکەکەم، دۆستایەتیەکی گەرمم هەیە. لەگەڵ کتێب و دەستنووس و پێنووسەکانیش، هاوسەفەرێکی خراپ نیم.

لە پڕ هیچ شتێک لەبەرچاومدا نامێنێت و بەتەواوی هەموو (هۆنین)ەکان لەبەر دیدگەمدا رادەکەن و لەناو سەرابێکی تێنوودا، دەخنکێن. بە هەردووک دەست پرچم دەگرم و خۆم سەرزەنشت دەکەم. گومانی نەخۆشییەکی قورس لەناوەوەم هەست پێ دەکەم و قسەکانی (خدرپەپوولە)شم دێتەوە یاد. لەبەر خۆمەوە چەند قسەیەک دەکەم و خۆشم سەرم لە قسەکان دەرناچێت. لەبەر خۆمەوە دەمەوێت باسی نادادپەروەری زەوی و گیانلەبەرەکان بکەم، ئەو شیعرەم بیر دێتەوە کە کاتی خۆی بە دوو سەد دۆلار بە (فەرید سمێڵگەورە)م فرۆشت. لەبەرخۆمەوە شیعرەکە دیڵێمەوە:



www.mukiryani.com

## (هەموومان یەکتری دەخۆین)

زەوی چۆن ئازادکراوە؟
کەس خاوەنی ڕاستەقینەی زەوی نییە
خاوەنی ڕاستەقینەی زەوی بە تاکسی هەڵات!
لە بێ خاوەنیدا، مرۆڤە گەمژەکان بوونە خاوەنی دەشت و چیا و ڕووبار
و تاڤگەکان
مرۆڤەکان زەوییان بۆ خۆیان داگیرکرد
زەوی خوێنی لەسەر ڕژا
خوێنێکی زۆر لەناو شەڕەکان ڕژا.
مرۆڤەکان وەک ئاژەڵە دڕندەکان،
کەوتنە خواردنی گۆشتی مرۆڤەکانی تریش
مرۆڤەکان دڕندەن!
مرۆڤەکان گۆشتی کۆتریش دەخۆن
مرۆڤەکان گۆشتی مانگایش دەخۆن
مرۆڤەکان گۆشتی ماسیش دەخۆن
مرۆڤەکان گۆشتی بەرازیش دەخۆن
مرۆڤەکان گۆشتی سەگیشیان خوارد
سەگ گۆشتی مریشک دەخوات
مریشک کرم دەخوات
کرم مرۆڤەکان دەخوات!
ئێمە هەموومان یەکتر دەخۆین!
سەیرە!
مرۆڤەکانیش خۆیان لە زەوی کردۆتە خاوەن.


www.mukiryani.com

بیر لە پاشگری ناوەکەی دەکەمەوە (سمێڵگەورە). ئێستا (فەرید سمێڵگەورە) سمێڵیشیان تراشیوە، کەچی هەر (فەرید سمێڵگەورە)یە. دیسان لەبەر خۆمەوە سەرزەنشتی خۆم دەکەم، ئاخر ناهەقیشم نییە کە سەرزەنشتی خۆم بکەم، من بیر لە شتی قۆڕ دەکەمەوە. سمێڵ و شیعر چی پەیوەندییەکان بەمنەوە هەیە؟ هەڵوەستەیەک دەکەم و بیری تازە وەک ترۆمبێل بە جادەکانی خەیاڵمدا دێت و دەڕوات. بیرکردنەوەم لە هیچ یەکێک لەوانە لەنگەر ناگرێت. بیر لە شیعرەکەی (فەرید سمێڵگەورە) دەکەمەوە. ئەم شیعرەی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سمێڵەگەورەکەی لەسەر دانا. لەسەر ئەم شیعرە تووشی سزایەکی سەخت بۆوە لەلایەن حیزبی (قەسابەکانە)وە، وەلێ چونکە (خدرپەپوولە) لە پشتی بوو، بە فەرمانی (خدرپەپوولە) ئازادکرا، تەنیا سمێڵ و سەری تراشرا.



www.mukiryani.com

# گۆرانییەکی بێدەنگ

ڕۆژانە ئایدیۆلۆژیای حیزبی (قەسابەکان) ئەو شارە دەهاڕێت و زیاتر دەستەمۆی خۆی دەکات. تاکە پەیامی ئەو حیزبە بۆ شارەکانی دیکەیش ئەوەیە، هەموو شارەکان سەیری شاری (سێبەرەکان) بکەن. لە ئاوێنەی ژێردەستەی (شاری سێبەرەکان)ەوە، سەیری رووخساری بۆچوونی تازەو بۆچوونەکانیان بەگشتی بکەن. (خدرپەپوولە) رۆژ لە دوای رۆژ باڵایی خۆی دەنوێنێت و گەورەتر دەبێت. ئەو ئێستا بڕیاری داوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی حیزبدا، ئەمجارە خۆی کاندید بکات. تەنانەت ئێستایش هەموو شتێک هی ئەوە. ئەو باڵەخانانەی کە بەکرێ فەرمانگە و بەڕێوەرایەتییەکان بەکرێی گیراون، هی (خدرپەپوولە)ن. سۆزانییە بیانییەکانی هۆتێلە چوار ئەستێرەکان. تەنانەت (خدرپەپوولە) کە خۆشی یەکبوون و یەککەسایەتی هەیە، کەچی ئێستا هەزاران (خدرپەپوولە)ی دیکەی لە دەوری خۆیدا کۆکردوونەتەوە.

لەسەر جێگەکەمدا پاڵدەکەوم و سەیری پەڕگرافەکانم دەکەم. ناوی (هۆنین) دێتە بەرچاوم. (هۆنین) لەو ئافرەتانە بوو، تەنانەت ئافرەتانیش شەیدای جوانییەکەی دەبوون. بۆیە منیش لەگەڵ هەر سەیرکردنێکی زیاتر حەزم بۆی دەچوو. من لە منداڵییەوە حەزم لەو ژن و کچانە بووە، کە



www.mukiryani.com

رووخساریان لە کچ و ژنانی یابانی و کۆڕی دەچێت.
بەیانی ئەو ڕۆژە دەنگۆی ئەوە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرابۆوە، کە گوایە: نەخۆشی دەروونیم هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە قسەم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەدەکرد. هەستم دەکرد بوومەتە بەشێک لە خوێنەری تارمایی. یان بوومەتە کارەکتەری ڕۆمانی (بەدگۆڕان)ی ڕۆماننووس (کافکا). ئەگەر یەکێکیش قسەی لەگەڵ کردبام، هەوڵم دەدا بە وشەی (بەڵێ)، یان بە وشەی (نەخێر) وەرامی بدەمەوە. ئەم دوو وشەیە سوودی زۆری هەبووە بۆ ژیانم. سوودی زۆر هەیە بۆ بێدەنگی. تەنیا بەیانییان بەو پەڕی گەرم و گوڕییەوە وەرامی (هۆنین)م دەدایەوە، ئەویش بەو پەڕی میهرەبانییەوە قسەی لەگەڵ دەکردم، تەنانەت ڕۆژێکیش لەناو کارمەندەکانیش بیانووی ئەوەی بۆ ڕەفتار و قسەکانم نەهێناوەتەوە، گوایە شێتم! یاخود گێلم. بەیانییەک زوو ژوورەکەی خۆم و (خدرپەپوولە)م پاک دەکردەوە، لەناکاو (هۆنین) هاتە ژوورەوە، سەیرم کرد کابۆیەکی شین و قەمیسێکی سپی لەبەردابوو، بەخەندەیەکەوە ڕۆحمی خستە سەماوە. پێی گوتم بۆیە بەم بەیانییە زووە هاتووم بۆ ڕۆژنامە تاکو پێت بڵێم: گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوبۆتەوە. ئەو گرتە ڤیدیۆیەی کە (خدرپەپوولە) گروپە تایبەتییەکەی ڕاسپاردبوو بۆ ڕۆژنامەنووسە گەنجەکەی کە وتارێکی لەبارەی کارە بۆخڵەواتیەکانی (خدرپەپوولە)وە بڵاوکردبۆوە، ئیتر ئەو گرتە ڤیدیۆییە. دیارە گرتەکە ئەوەیە کە چۆن سەری ڕۆژنامەنووسەکە بە ساتوورەیەکی قەسابی دەپەڕێنن، دوای پەڕاندنی سەری ڕۆژنامەنووسەکە، جەستەی دەکەوێتە سەر زەویی و هەڵدەپەڕێت. دەڵێن: ئەوەی سەیر بێت، جەستەکە هەڵدەستێتەوە و سەرەکەی خۆی هەڵدەگرێتەوەو لەسەر ملی خۆی دایدەنێتەوە و ڕادەکات. دواتر سەرەکەی لێ بەردەبێتەوە.



www.mukiryani.com

هەروەها دەشڵێن: سەیرکردنی زۆر تۆقێنەرە.

(خدرپەپوولە) چەند جارێک پرسیاری ئەوەی لە من کردووە، کە بۆچی ماوەیەکە خراپم و گرینگی بە شتەکان و پەیوەندییەکان نادەم. گومانی ئەوە دەکات کە شتێکم لەژێر سەردایە. ئەو هەستی بەمە کردووە، دەترسم بمخاتە ناو ئەم گێژاوەوە. ماوەیەکە هەستێکی سەیر لە ناوەوەمدا دروستبووە، کە خۆشم بڕوا بەوە ناکەم! من چارەنووسێکی ڕەشم هەیە و بە تەواویش سەری لێ دەرناکەم. نامەوێت هیچ کەسێک بخەمە ناو ئەو چارەنووسە ڕەشەوە.

زیاتر تێدەهزرم لەبارەی ژیانی رابردووی خۆمەوە. لەبارەی ئاییندەی من و (هۆنین)ەوە، یان ئاییندەی من و (ماریا)وە. وەلێ هەستم دەکرد دەردو خەمی هاوبەش زیاتر لەگەڵ (هۆنین) کۆمان دەکاتەوە. هەرچەندە (ماریا) شم تا سەر ئێسقان خۆشدەویت، وەلێ پێم باشتر بوو ئەو ژیانێکی خۆش بۆ خۆی هەڵبژێرێت و ژیانی لەگەڵ من وێران نەکات. ئەو خەیاڵانەش وەها بێتاقەتییان کردوومە، تەنانەت تاقەتم نییە بنووم! بیر لەوە دەکەمەوە ژیانی خۆم لەگەڵ (خوێنەری تارمایی) بگۆڕمەوە، وەلێ دڵنیام ئەو بە ژیانی راستەقینە رازی نابێت.

هەوڵدان بۆ یاخیبوونێکی دیکە

ئەوە چەند ساڵێکە چاوەڕێی (هۆنین) دەکەم، هەموو وردەکارییەکانی سەفەرم ئامادە کردووە. چەندجارێک سەردانی ئەو ژن و پیاوەم کردووە، کە بڕیارە لە گوندی باپیرەگەورەی ئەوان پارچە زەوییەکی گەورەو خانووە کۆنەکەیان لێ بگرین. جارێکیش من و (هۆنین) پیاوەکەی ئەو ماڵە، کە ناوی (قادر) بوو، سەردانی ئەو گوندەمان کردبوو. ڕێگەی ئەو گوندە هێندە دوور بوو لە شاری (سێبەرەکان)، دەبوایە بەیانیان لەگەڵ گەردی بەیانی



www.mukiryani.com

بچیت و زۆر بە پەلە بگەڕێتەوە، ئەوکات بۆ درەنگانی شەو دەگەڕایەوە. ئەو گوندە کەوتبووە بەشی رۆژهەڵاتی باکووری شاری (سێبەرەکان). هەموو چەند ماڵێکی لێ مابوو، وەلێ تا بڵێی دڵگیربوو. پیاوەکە – مام قادر – پێی گوتین کە ئەو گوندە وەرزی زستانان رێگەی دادەخرێت بە هۆی بەفربارینەوە. ئەگەر بەفریش نەبارێت و تەنیا باران ببارێت رێگەکە هەر سەختە، چونکە نزیکی یەک کاتژمێر بە رێگەیەکی خوار و خێچ و پڕ تاسە دادەڕۆیشتیت، تا گەیشتە گوندەکە. ناوی گوندەکە (کانی سماقە) بوو. گوایە لەکاتی خۆی کانییەک لەو شوێنە هەبووەو تیرەی (مام قادر) یش کە بە (سماقە) ناویان دەرکردبوو، هاوینان دەچوونە ئەو گوندە و لە دەوروبەری ئەو کانییە نیشتەجێ دەبوون و کار و کاسبی خۆیان دەکرد. ئێمە دوای ئەو هەموو ساڵە و پیلاندانانە بۆ هەموو وردەکارییەکانی ژیانمان، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە بگەین بە ئاوات و خەونەکانمان. ئەو خەونانەی بە درێژایی ئەو شەوانەی لەگەڵ (هۆنین)دا رۆژمان دەکردەوە، قسەمان لەبارەیەوە دەکرد. ئاخر ژیان هەر خۆی سەفەرێکی درێژە، وەلێ لەناو ئەو سەفەرە درێژەدا، سەفەری کورت هەن. وەلێ سەفەرەکانی من و (هۆنین)یش جۆرێکی تربوون. سەفەر لە پێناوی خۆدزینەوە، سەفەر لە پێناوی دووورکەوتنەوە، سەفەر لە پێناوی خۆونکردن. لە دوای رۆیشتمان بۆ وڵاتی خەونەکان، بۆ گوندی خەونەکان، بۆ ماڵی خەونەکان، وازم لە هەموو شتێک هێناو تەنانەت لەسەر ئەوەیش پێکهاتین کە ئیتر هیچ یەکێکمان مۆبایلیشمان نەبێت و تەنیا بۆ یەک و لە پێناوی یەکتری بژین و قەرەبووی هەموو ئەو رۆژگارە پڕ گەوادییانە بکەینەوە. (هۆنین) وەک ژنێکی لادێیی بێگەرد و دڵپاک، منیش وەک نووسیارێکی دوورە پەرێز و عاشق بە سروشت و جوانی.



www.mukiryani.com

لەدوای رۆیشتنمان لە شاری (سێبەرەکان)، جار جارێک کە دەهاتمەوە شار بۆ کڕینی رۆژنامەو گۆڤار و کتێب و کەلوپەلی ماڵەوە، دەمبیست کە کوشتنی رۆژنامەنووس و نووسیار زیادی کردووەو وەک دیاردەیەکی بەربڵاوی لێ هاتووە. زۆر خەمم بۆ ئەوە دەخوارد، کاتێکیش دەگەڕامەوە هەموو ئەو شتانەم بۆ (هۆنین) دەگێڕایەوەو ئەویش خەمی بۆ ئەو دۆخە دەخوارد. (خدرپەپوولە)و تەنانەت (فەرید سمێڵگەورە)یش وایان دەزانی سەفەری دەرەوەی وڵاتمان کردووە. هەر خۆشم کە بابەت و نووسین و کتێبم بڵاودەکردەوە، ئاماژەم بە شوێنی دانیشتن وڵاتی (سوێد) دەدا، وەلێ هەرگیز نەمدەنووسی دانیشتووی چی شارێک، یان هەرگیز وەڵامی ئەو ئیمێڵانەم نەدەدانەوە کە داوای شوێنی دانیشتن و ئەو وردەکارییانەیان لێ دەکردم، تەنانەت بە چەندین ئیمێڵ شتەکانم دەناردن بۆ ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکراوەکان. ژیانێکی زۆر خۆشم دەست پێکرد، ئەوەی حەزم لێی بوو و خەونم پێوەی دەبینی کردم. بۆ نموونە: حەزم لە بەخێوکردنی مریشک بوو، مریشکم کڕی و بەخێومان کرد. حەزم لە گوڵ و باخێکی بچووک، تەنانەت حەزم لە مانگا و مراویش هەبوو، هەموو ئەوانەشمان هەبوون.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# ونبوونی کارەکتەرێک

(خوێنەری تارمایی) ناوە ڕاستەقینەکەی نازانێت چییە؟ شەوان هێندە بەمە تووڕە دەبێت، تووڕەبوونێک تاکو ڕادەی گەیشتن بەکارەسات. کارەسات لەوە زیاتر چی کە ناوی نەبێت! یان ناوت هەبێت و لەخەیاڵدا ونت کرد بێت.

شەوان (خوێنەری تارمایی) بەدزی (هۆنین)ی هاوسەرم باسی ئەوەی بۆم دەکرد، کە ئەو بیری لەوە کردۆتەوە، کە لەهەموو شتێک ڕابکات. لە سەرەتای ئەم ڕاکردنەش خۆی لە سێبەر و کارەساتی ناو و ناسناو کردەوە. خۆی لەتەواوی ئەوانە بدزێتەوە. دواجار خۆی لەو چیرۆکەش بدزێتەوەو بەئازادی ڕۆڵی خۆی لە چیرۆکێکی تردا بگێڕێت. چونکە ئێستا ڕۆڵگێڕانی لەم گێڕانەوەیەدا زۆر بەدڵ نییە، هەمیشە لەسەر وەختی خوێندنەوەی هەر بەشێکدا، گلەیی ئەوە دەکات، کە دەیەوێت ڕابکات و بچێتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکێکی دیکەوە! دەیویست هەواڵی ونبوونی کارەکتەرێک لە چیرۆکێکدا بڵاو بکاتەوە، وەلێ ئەم بیرۆکانەی وەک چۆلەکەیەک لەناو قەفەزێکدا بوو، کە هەموو هەوڵەکانی ئازادبوونی بێهوودە دەربچن. هەمیشە پێی دەگوتم:



www.mukiryani.com

+« (دڵیار) شتێکی چەند قۆڕە، (خوێنەری تارمایی) بم و لە چیرۆکەکەی تۆشدا، کارەکتەربم».

بەدزییەوە دەمگوت:

-«تۆ بەڕەزامەندی خۆت هاتیە ناو چیرۆکەکەوە، دواتریش بووی بە کارەکتەری چیرۆکەکە».

خراپ رقم لەو پرسیارەی (خوێنەری تارمایی) و وەرامەکەی خۆشم هەستا. بۆیە بڕیارم دا قسە نەکەم، پرسیار نەکەم، چۆن پرسیارەکانیش لەناوەڕۆکەدا بە جۆرێک پووچن و زۆرجاریش وەرامەکان بەپێش پرسیارەکان دەکەون و لەوان پووچتر دەردەچن.

لەو کاتانەدا شاری (سێبەرەکان)یش بۆن بۆگەنی لێدەهات. ئەمەش بە شێکە لەو پووچییە. لەوکاتەوە (خوێنەری تارمایی) رۆیشتبووم بۆ گوندی (کانی سماقە) تەنیا بە رۆژ دەهاتە لام و دەستمان دەکرد بە قسەکردن، ئاخر ئەویش نەیدەویست (هۆنین) بزانێت. (هۆنین) ئەوکاتانەی بە کارو بارەی دەرەوە سەرقاڵبوو، منیش لە ماڵەوە خەریکی خوێندنەوە، یان نووسین دەبووم (خوێنەری تارمایی) دەردەکەوت.

ئێستایش کاتژمێر ٩:٤٤ دەقیقەی بەیانییە.

بەدەم گریانەوە دەنگی هەڵبڕی و ئەوەی بۆم روونکردەوە، ئەگەر پرسیاری زۆری کرد بێت، تەنیا لەبەر ئەوە بووە هەقیقەت لە رێگەی پرسیارەوە بدۆزێتەوە. بۆیە ئەویش بۆ بەسەربردنی ژیان لەم شارەدا، چرکەیەک، رۆژێکە!

کاتژمێرێکیش، مانگێکە!

مانگیش، ساڵێکە!

ساڵێکیش، سەدەیەکە!



www.mukiryani.com

هەموو شتێکی ئەو شارەیان گۆڕیوە! ئەم شارە تەواوی سەر زەوی بۆگەنی کردووە.

(خوێنەری تارمایی) گریانەکە تێکەڵ بە هەنسک ببوو، گوتی:

+« دەزانم کە ئیتر ئەو شارەی جێمان هێشت هەر شەوە، منیش لەم گوندە لەگەڵ تۆدا دوا ژووانمە. چونکە هەست دەکەم ئیتر دەبێت بچمەوە شوێنی راستەقینەی خۆم، دەبێت سەفەر بۆ ئەوێ بکەم».

-«تۆ بۆ کوێ دەچیت؟».

+« دەچمەوە ناو کتێب و لەناو کتێبەکەشەوە، کتێبیدیکە دەخوێنمەوە. لەناو پەیڤەکاندا ماڵێک دروست دەکەم و جوانترین کارەکتەری بوێر دەکەمە خۆشەویستم».

-«کەواتە خۆشەویستت هەیە».

+« من ناوم (گریگۆری سامسا)یەو کوڕی (فرانتز کافکام). شێوەم وەک گیانلەبەرێکی سەیرە. یانی وەکو قالۆچەیەک لە شێوەی مرۆڤێکی پشت رەق. ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە نەمتوانیوە بێمە ناو ئەو دونیایەوە!».

کەمێک بێدەنگی، لەناو ئەم بێدەنگییەدا تەنیا چرکە چرکی کاتژمێرەکە دەهات، جگە لە لێدانی دڵێشم، هەستم بە ترپە ترپی دڵی (خوێنەری تارمایی) دەکرد. لە قسەکانی (خوێنەری تارمایی) وردبوومەوەو بیرم لەو چیرۆکەش کردەوە کە دەمگێڕایەوەو دەمنووسی. بیرم لەوە دەکردەوە کە (خوێنەری تارمایی) ئیتر لەمڕۆ بەدواوە دەڕوات و هەرگیز گوێم لەدەنگی نابێتەوە. ئەوە نزیکی (١١) ساڵە هاوڕێ و هاوشەو و هاوخەم بووینە. ئێستایش ئەو دەیەوێت هەم لەناو ئەم چیرۆکەم بڕوات و رابکات، هەمیش لە ژیانی من ماڵئاوایی بکات. لێرەوە ئەوەی سەرەتای گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەم بیرکەوتەوە، کە گرێنتی وردو درشتی رووداو و کارەکتەرەکانی



www.mukiryani.com

ئەو چیرۆکەم بە خوێنەر نەدا. گرێنتی ئەوەم نەدا کە چیرۆکەکە بە رووداوێکی گەورە کۆتایی دێت یان نا. من لەو نووسیارانە نییمە لە بنی کوودی هەموو شتێک بدەم، هەمیشە لەلایەکی شتەکان دەدەم. ئەوەتە بەر لەوەی ئەم چیرۆکەش کۆتایی بێت، خوێنەری تارمایی دەڕوات.

بێدەنگی و

بێدەنگی...

(خوێنەری تارمایی) کۆتایی بە گریانەکە هێناو بە شێوەیەکی سەیر نهێنییەکی گەورەی لەلام ترکاند، لەگەڵ تەواو بوونی نهێنییەکەش بۆ هەتا هەتا دەنگی نەما. نهێنییەکەش ئەوە بوو، کاتێک گوتی:

+« ئەوە دواقسەی منە بۆ تۆ، دوا گوتوویێژیش. من ناوم (گریگۆری سامسا)یەو ناوی باوکی راستەقینەشم نازانم، چونکە هەرگیز نەمبینیوە، وەلێ دەزانم (دلێیار) من و تۆ برای یەکترین. تۆ برای هەقیقی و من برای وەهمی، تۆ برای دونیا و من برای ئەو دیوی دونیا. وەلێ ناوی ئەو باوکەی کە منی پەروەردەو لە ماڵ و باخچە و ژوورەکەی ئەودا گەورە بوومە ناوی (فرانتز کافکا)یە. ئەویش ناوی راستەقینەی باوکمی نەدەزانی. (فرانتز کافکا)یش تەنیا ئەوەندەی پێم گوتووە، کە باوکی من، واتە باوکی تۆش (دلێیار)ی برام سەربازبووە، لە کاتی شەڕێکی سەختدا هاوسەرگیری کردووە. دوای پازە رۆژ بەسەر هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە ناو بەرەکانی جەنگ. (دلێیار)ی برام، باوکمان گوایە شەوان بە یادی ئەو چەند رۆژ و شەوەی لەگەڵ دایکم بە یەکەوە بوونە، لە کاتی ئێشکگری لە بەرەکانی جەنگدا، بە



www.mukiryani.com

یادی دایکمان نیتاقەکەی کردۆتەوەو کلاشینکۆفەکەی لە تەک خۆی داناوە. دواتریش، دەستی بە تف تەڕکردووەو بەدەم ئاهێکی قووڵەوە دەستی خستۆتە ناو پانتۆڕەکەیەوە. دەستی تەڕی بە کیرە رەقەکەیدا هێناوەو تا خۆی خاڵی کردۆتەوە. (دڵیار)ی برام گوایە ئەو شەوە ئاوە لیقەکە دەڕژێنێتە ناو کتێبی (بەدگۆران)ی (فرانتز کافکا)ەوە. دوو لاپەڕەشی لێ کردۆتەوەو سەرکە کیری بەتەواوی لە ئاوە لیقەکە خاوێن کردۆتەوە. دوای ئەوەیش کتێبەکە و دوولاپەڕە دڕاوەکانیشی فڕێداوەتە ئەودیوی رەبیەکەوە. (فرانتز کافکا) ئەوەشی بۆ گێڕامەوە، کە دوای فڕێدانی کتێبەکەو دوولاپەڕەکە بارانێکی بە خوڕ باریوەو لافاو هەستاوەو کتێبەکەی بردووە. من لەناو ئەو کتێبە گەورە بوومەو هاتوومەتە دەرەوە. (دڵیار)ی برام، ئێستا زانیت من کێم؟».



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# پاشەکی:

خۆنووسینەوە هیچ میتۆدێکی دیاریکراوی نییەو هیچ ئیمانێکیش لەخۆیدا کۆناکاتەوە، تەنانەت سەر بەهیچ رووگەیەکی دیاریکراویش نییە. دەشێت خۆنووسینەوە وەک بەرِەڵلاکردنی هەوەس بێت. کەواتە شتێک نامێنێتەوە بۆ چەمکی ( ئەخلاق)یش. بۆیە ئەگەر بۆ ئەخلاق لەم نووسینەدا دەگەرِێت، مەگەرِێ! چۆن شەق لە ئەخلاق دەدەم.

شەق لە ئەخلاقی ناو ئەو نووسینە دەدەم.

لە سەرەتاکانی نووسینم دا نووسەرێکی ئیمانداربووم بە رێچکەی قوتابخانەکان و ئایینی بیرمەندەکان. چواردەوری خۆم پرِ کردبوو لە رووگە پیرۆزەکان و سنوورەکانی ئەخلاق. بۆیە ئێستا بەیانی ئەوە دەکەم، کە ئەوەی ئەخلاقی نووسینە هەرِاجی دەکەم. نووسین دەبێت بەرانبەر هەموو رێچکەیەک بێ ئەخلاق بێت و شەقێک لە ئەخلاقی هزری باو و ئایینی قوتابخانەکان و قۆناغەکان بدات. ئاخر ئەخلاق چییە؟ ئەخلاق پۆشینی جلوبەرگی سەردەم و زەمەنەکانی پێش ئێمە بووە. کڵاوی باپیری باپیرە گەورەم، پێڵاوی باوکی باپیرەم، قەمیسکی باوکم، چەفیەی دایکی باپیری دایکی دایکم. ئەو هەموو پۆشاکە دەبێت وەک ئەوان بیانپۆشین. وەک ئەوان بیریان لێ بکەینەوە، وەک ئەوان بە پیرۆز لێیان برِوانین. من یاخی



www.mukiryani.com

دەبم و هەموو پۆشاکەکانی دادەڕم!
ئەخلاق لەم نووسینەدا بە شەق فڕێدەدەمە دەرەوە. خۆم بریار لەسەر شتەکانم دەدەم و خۆم دەبمە چەقی هەموو شتەکانی خۆم. ئیتر بۆم گرینگ نییە بەتەنیابم، بۆم گرینگ نییە لەبەر بێ پۆشاکی کەس سەیرم نەکات، لەبەر بێ پۆشاکی نووسین کەس ئەم نووسینەم نەخوێنێ-تەوە. خۆم بە رووت و قووتی و بەتەنیا لەناو ئەم نووسینەدا پیاسە دەکەم. لێرەوە نەخەمی پۆشینی جل و بەرگم هەیە، نەخەمی پارە پەیداکردن.
ئۆهههههه پارە!
هەزارانجار تڤم بە پارە داکردووە، کە بۆچی تەنیا یەک تاقەچاوی نییە و بە نابینایی دروستییان کردووە؟ پارە! تۆ ئەگەر تاقە چاوێکیشت هەبوایە بەس بوو، هەر هیچ نەبایە نەدەچوویتە ناو گیرفانی هەموو کەسێکەوە. من تۆم تەنیا لەبەر ئەوە خۆشدەوێت وەسیلەیەکی بۆ ژیان. لەوە عەیبتر چی؟ لەبەر بێ پارەی هەزاران جار کتێبم دزیوە! هەر لەدڵی خۆمدا دزینی کتێبم حەڵاڵ کردووە.
نازانم ئەوە چییە لێم ناگەڕێت و بەردەوامیم پێدەدات، هەمیشە شەڕە لە لام، شەڕمە لەگەڵ خودی خۆم، هەمیشە لەسەر کتێب لەگەڵ خێزانەکەم شەڕمانە. ئەوە درۆیەکی دیکەی نووسەرە درۆزنەکانە کە دەڵێن: «کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤە! ».
زۆرجار کتێب دەبێتە خراپترین دوژمنی مرۆڤیش. وەک چۆن عەشق دڕندە دەکاتە مرۆڤ و مرۆڤیش دەکاتە دڕندە. هەمیشە ماڵەکەمان پڕە لە شەڕ، وشەکان لە ناو خۆیان بەشەڕ دێن، دەستنووسەکان بەرۆکی کتێبەکان دەگرن، پێنووسەکان نووکی یەکتری دەشکێنن، کتێبەکان بەرگی یەکتری لێدەکەنەوە، یادەوەرییەکان ئاوی بەلووعەی ماڵ دەکەنەوە و خۆیان



www.mukiryani.com

لە خەیاڵەکان بسمیل دەکەن، ئاوێنە هەمیشە چاو لە وێنەکەی ناویدا سوور دەکاتەوە. تاریکی دەستی بە خوێنی ئەجندەکان سوور و سپی دەکات، هێندە شەڕ لە ژوورەکەم کراوە، بوونی خۆشم لەبەرچاو کەوتووە! تەنانەت زۆرجار شەڕە و واهەستناکەم ئاژاوەیەک هەیە، شەڕێکی شێت ژوورەکەمی مارە کردووەو تا مردن ئەم جەنگە ناوەستێنێت. ئەمە کتێب بوو ئەم جەنگەی بەرپا کرد، هەر کتێبیش دەبێت ئەم جەنگە بوەستێنێت! تازە شەڕیش هیلاکبوو لە شەڕکردنم، ئەمێستا خۆزگەی ئەوە دەخوازم خەونێکی دوور و رێژ و قووڵ قووڵ بمباتەوە، ئاخر ئەم شەڕە ناوەستێت! دەمەوێت هەموو ئەو شتانەی دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی کتێب بیان سوتێنم. دڵم بکەم بە (جلشۆر)یەک و هەرچی نووسینە بیخەمە ناوییەوە، وشەکان لەسەر لاپەڕەکان نەهێڵم و لاپەڕەکان سپی سپی بکەمەوە. شەقێک لەم نەخۆشییەم بدەم و لە پەراوێزترین گۆشەی ئەم دنیایەدا، جێگایەکی دوور لە کتێب ڕابخەم. دەمەوێت لە پێناوی مەرگێکی پڕ ژیان بنووم .



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com